# تافی پیاوێتیم

## پێشکەوتنی کورد ئاواتم بوو

هەر لە منداڵیمەوە بیرم لەوە دەکردەوە؛ ڕۆژێک دەستم بێ و نەتەوەکەم پێش بخەم. هەر کەموکورییەکی کۆمەڵایەتیم دەدی، هەر گیروگرفتێکم دەدی، لەسەر ڕێگای (پێشکەوتنی کورد)دا، بیرم لێ دەکردەوە و لە کەللەی خۆمدا پێشنیازم بۆ چارەکردنی دادەنا... دڵم پڕبوو لە ئاوات بۆ (ئازادی) و (کامەرانی) و (پێشکەوتنی کورد)... لە خودا دەپاڕامەوە ڕۆژێک هەلم بۆ هەڵکەوێ و پڕ بەدڵ ئەو ئاواتانەم بهێنمە جێ... لە هاوینی ساڵی ١٩٣٦دا چوومە ناوچەی (بادینان) بۆ گەشتوگوزار. لەلایەن دوو جێنوشین (قائیمقام)ی ئاشنا و دۆستەوە تیژ کرامە سەر ئەوەی خۆم بکەم بەکارگێڕی لادێ، کە گەیشتمە (موسڵ) لەسەر خواستی ئەوان موتەسەڕیف (عومەر نەزمی) ناردی بەشوێنمدا و گەلێک ئامۆژگاری کردم کە خۆم بکەم بە(کارگێڕی لادێ). بەڵێنی دامێ، کە هەر جۆرە یارمەتییەکیشی لە دەست بێت بیکات، بۆ بەجێهێنانی پێشنیازەکانم لە بابەت پێشخستنی لادێکەمەوە. خواستەکەیانم زۆر پێ خۆش بوو. پیاوەتییەکەیان سەرمی زۆر بەرز کردەوە. چونکە پاراستمی لە تکا و پاڕانەوە و مێچکە مێچکە[1] و ناپاکی بەرتیلدان و دیاری پێشکەشکردن، کە ئەو دەمە باوبوو، بۆ دەستکەوتنی فەرمانێک لە فەرمانڕەوایی، کە بەهیچ کلۆجێک من فەرمانم بەو جۆرە نەدەویست. لەبەر ئەوە سوپاسی خودا و هەرسێکیان ئێستەیش لە دڵمدایە[2]. تا دەیشمێنم حەز بەچاکە دانەوەیان دەکەم. لەگەڵ ئەوەیشدا کە زۆر سوپاسی (عومەر نەزمی)م کرد، بۆ ئەو گەورەییەی کە نواندی بەرامبەرم، بەڵێنم نەدایێ کە (کارگێڕی)یەکە دەکەم. پشوویەکم لێ خواست بۆ چەند ڕۆژێک، تا بتوانم ڕاوێژ بەدۆست و خزمان و نیشتمانپەروەران بکەم، لە نزیک بیست کەس، دوو کەس نەبێ، هەموویان پێیان گوتم: «بیکەم». منیش بە(عومەر نەزمی)م ڕاگەیاند کە دەیکەم. بەمە دەرگایەکی خۆشی و سەربەرزیم لێ کرایەوە. چونکە ماوەم درا تێبکۆشم بۆ پێشخستنی نیشتمانە نازدارەکەم... هەروەها ماوەیشم درا بچمە (خوێندگای ژیان)ەوە، بەجۆرێکی فراوان، (تاڵی) و (شیرینی) و (ڕازی ژیان) تاقی بکەمەوە. تێبگەم و خۆیشم پێ بگەیەنم.

## تەنگوچەڵەمە تەنگی پێ هەڵچنیم

دایکم زۆر خۆشدەویست. چونکە بەهۆی منەوە گەلێک ئەرک و ئازاری دیبوو گەلێک گیان و سامانی خۆی بۆ من بەخت کردبوو. جا بۆ ئەمەی تۆڵەی ئەو چاکانەی بۆ بکەمەوە، ویستم لەدەست دڵتەنگی و

(١) مێچکە مێچکە: ماستاو ساردکردنەوە، (تملق).

(٢) جەمیلەخانی هاوسەری لەم بارەیەوە دەڵێ: هەر کە لە حقوق دەردەچێ بەحاجی برایم ئاغا دەڵێ کە لە ئوتێلەکەیدا ژوورێکی بداتێ تا محامێتی تێدا بکات، دوای چەند ڕۆژێ سەفەرێک دەکات بۆ بادینان، لەوێ ڕەشید سدیقی قائیمقام دەبێت، خاڵۆزام بوو وە باوکی خاڵی مامۆستا بووە، ئامۆژگاری دەکات کە ببێتە مدیر ناحیە، دەینێرێ بۆ لای عومەر نەزمی کە لە موسڵ موتەسەریف دەبێ. بەم جۆرە محامێتی لەبیر دەردەچێ و دێتە سەر ئەوەی ببێتە (مدیر ناحیە).



ناخۆشی ژیانی (سلێمانی)ی ڕزگاری بکەم؛ باوکم نەهات لەگەڵماندا؛ بەبۆڵە بۆڵێکیشەوە، ڕێی دا لەگەڵم بێت و بۆ ماوەیەک بمێنێتەوە... ویستم دایکم بەهۆی منەوە بحەسێتەوە... گەشیی و ڕووخۆشییەکەی جارانی بۆ بگەڕێتەوە. هەست بکاتەوە بەسەربەرزی و کامەرانی و ئازادی لە هەژاری و نەخۆشی و ناخۆشی. دوو کەسم بۆ ڕاگرت بەردەستی بکەن. مووچە و ماڵم خستە بەر دەستی. بەڵام داخی بەجەرگم نە ئەو بەکامی خۆی گەیشت، نە من بەکامی خۆم گەیشتم؛ بەهۆی گڕۆزی و ناکۆکی ئەوەوە نە کەسمان پێوە دانیشت، نە دڵی کەسمان پێوەما. خۆیشمان هەموو دەم لەگەڵ یەکدا، تێک دەچووین[1].

ژیانم لەبەر چاو تاریک بووبوو. جیهانم لێ هاتبووەوە یەک؛ ئەمە لەوێ بوەستێ. ناشێتی خۆیشم لە کار و فەرمانەکەمدا، بوون بەهۆی ڕوودانی گەلێک هەڵەی گەورە، کە نەدەبوو لە دەست من بوەشایەوە؛ ساڵێکی پێ نەچوو، دز هاتە سەرمان، بابی دوو سەد دیناری ئەو سەردەمە پتر خشڵ و کەلوپەلی لێ دزین. کوتەکێکیش بەر کەللەم کەوت، ئەوەندەی نەمابوو مێشکم بپژێنێ. ئەم کەتنە دەنگی دایەوە[2]... بوو بەهۆی ئازاردانی دڵ و هۆشم، کە تا چەند ساڵێکیش بەخەم و ئازارییەوە تلامەوە؛ نە تۆڵەم بۆ کرایەوە. نە سامانەکەمان بۆ دۆزرایەوە؛ بۆ یەکەم جار لە ژیانمدا تێگەیشتم: ئەگەر پیاو خۆی وریا و بەچنگ نەبێ، نەچاکی، نەپاکی، نەدڵسۆزی، لە دەست زۆرداری و دەرەبەگ و فەرمانبەری خراپ و ناشێتی لادێیی، ڕزگاری ناکات.

هەروەها تێگەیشتم کە خانەی بەجەنگ و ژینی تاڵ، ڕێگایەکن بۆ نوشستی پیاو، لە هەموو فەرمانێکیدا؛ لەبەر ئەوە نەمهێشت بگاتە ساڵ و نیوێک دایکم بردەوە بۆ ماڵی باوکم و ئیتر لەگەڵ خۆمدا بۆ هیچ کوێیەکم نەبردەوە؛ بەڵام لەویش و باوکیشم کەمتەرخەمیم نەدەکرد. هەموو مانگێ بەپێی پێویست پارەم بۆ ڕەوانە دەکردن.

لەگەڵ ئەوەیشدا هەموو دەم هەستم بەئازارێکی پەنهانی دڵم دەکرد، بەهۆی ئەم ئەنجامە سزاناکەوە کە تووشم بوو؛ چارم نەبوو... هەر دەبوو وا بکەم!...

(١) جەمیلەخان دەڵێ: دایکی مامۆستا (حەبیبەخانی مارف ئاغا) کە پووری خۆم بوو زۆر توندە تەبیعەت بوو، بتوتایە: کشەمرە، ئەو هەڵدەچوو توورە دەبوو، جا هەر ئەو توندە تەبیەتەی بوو کە لەگەڵ میرزا فەتاحیشدا هەمیشە ئاڵۆز بوون، ئەگینا ئەو پیاوی خوا بوو، قورئان خوێن بوو، حەبەخان هەر شتێکی بەدڵ نەبوایە بەشەڕ دەیکرد، جا هەر بەو جۆرەش لەگەڵ مامۆستادا مامەڵەی دەکرد.

(٢) هەروا دەربارەی دزییەکە جەمیلەخانی هاوسەری دەڵێ: چونکە شاکرە فەنی لایەنگری داماو و فەقیرەکان بوو، ئاغاکانی ئەو ناوە دزەکانیان ناردە سەری و هەتا قەسدی کوشتنیشیان کرد، خۆی وتوویە کە سامی ئەو دز و ڕووداوە تا ماوەیە هێنامیە سەر ئەوەی واز لە ئیشەکەم بێنم، بەڵام بڕیارم دا کۆڵ نەدەم و ئەمە سەرەتامە.

## ئەترووش

کە گەیشتمە (ئەترووش)، بنکەی لادێی مزووری، پاش خەوتنان بوو، کە بەیانی چاوم کردەوە، لە شوێنێکی ئاو و با سازگار و پڕ لە چاوئەندازی جواندا خۆم هاتەپێش چاو. گەلێک سوپاسی خودام کرد کە ئەو جێگا خۆشە پڕ پیت و فەڕەی پێ بەخشیبووم. هەستم بەهێز و هەڕەت و سەربەرزی و کامەرانی و ئازادی کرد. لادێیەکە پارچەیەک بوو لە بەهەشتەکانی کوردستان. نزیکەی شەست حەفتا گوندێک و نزیکی (١٥,٠٠٠) کەسی تێدابوو. پڕ بوو لە سەوزە و میوە و دەغلّودان، پڕ بوو لە چەم و کانیاو، پڕ بوو لە شاخ و داخ و دەشت و دۆڵ.

دانیشتووەکانی وەک هەموو کوردێک میوانپەرست و ساکار لە ژیاندا، تەرپۆش و کارگوزار بوون. لە هەموو لادێکەدا، تەنیا دوو خوێندنگا هەبوو. هەژاری زۆبەی دانیشتووانی گرتبووەوە. لەگەڵ ئەمەیشدا دوژمنایەتی ناو هۆزەکان بەدکرداریی ئاغا و زەویدارەکان، هەموو ڕەنجبەر و جووتیارێکی پڕ چەک کردبوو، دەگەڕان بۆ هەلێک دزی و بەدگۆیی و کوشتن و بڕین لە یەکتر بکەن! بۆ ئاسایشی ناوچەکە تەنیا چاوەشێک و دوانزە باڵباز دانرابوون، لەگەڵ کارگێڕی لادێدا، بەرامبەر نزیکەی (١٥,٠٠٠) کەس و یەک دوو هەزار تفەنگ!.

بۆ ئۆتۆمبیل ڕێگای قیرتاوکراو نەبوو. بەکاروانی گوێدرێژ و بارگیر بەروبوومی لادێکە دەگوێزرایەوە بۆ فرۆشتن. بازرگانییەکی کز، پیشەسازییەکی کەم هەبوون لە لادێکەدا. نە نەخۆشخانە (مستوصف)، نە شارەوانیش لە بنکەی لادێکەدا نەبوون. ژمارەی هەموو فەرمانبەرەکان بەباڵبازەکانیشەوە نەدەگەیشتە (٢٥) کەس. نەخوێندەواری خۆی دەدا لە ٩٧٪ی دانیشتووان.

سەرکردەی خوداناسیشی بەدەست چەند مەلا و شێخێکی ناشی و نەزان، یاخود زۆرزان و چاوبرسییەوە بوو. تێکڕا هەموو گوندەکانی لادێکە گەڕام و پشکنیم. هەستم بەنزمی گیان و ترسنۆکی و دیلی لادێییەکان دەکرد. هەستم بە(هەژاری) و (نەخوێندەواری) و (دەردەداری)یان دەکرد. لە پاش سێ مانگ پرس و پشکنین نامەیەکی نهێنیم نووسی بۆ (جێنوشینی دهۆک)، دەرد و ئازاری لادێیەکە و پێویستیم تێگەیاند و، پێشنیازی خۆم دەربارەی چارەکردنی گیروگرفتەکانی پێشکەش کرد. سوپاس بۆ خودا و بۆ (جێنوشین) و (موتەسەریف) خواستەکانم پشتیوانی کران. لە ئەنجامدا هەندێک لەو پێشنیازانەم جێبەجێ کران. (خوێندنگایەک) و (شارەوانییەک) و (نەخۆشخانەیەک)یان بۆ کردمەوە. ڕێیشیان دام (٣٢) دینار کۆ بکەمەوە و بیدەم بەجلوبەرگ و کەرستەی دیدەوانی و وەرزش لەگەڵ کەلوپەل و نووسراوانی کوردی و عەرەبی و ئینگلیزی بۆ دوو نووسراوخانە (مكتبة) بۆ منداڵانی هەر دوو خوێندنگاکەی (ئەترووش) و (پێدە).

بەرەنگاری زۆرداری هەندێک لە ئاغا و شێخەکان و فەرمانبەرەکانم کرد. گەلەیەکیان بوون بەدوژمنم و لە ژێرەوە خراپەیان زۆر لەگەڵ دەکردم. پاڵم نا بەلادێییەکانەوە بۆ خوێندن و خۆشەویستی و برایەتی، بۆ پاک و خاوێنی، بۆ هەرەوەز لە پێناو کردنەوەی ڕێگای گشتیدا، بۆ بەرەنگاریکردنی بەرتیل و دیاری بۆ



فەرمانبەران. تا ئەندازەیەک بەئامانج گەیشتم.[١] بەڵام چونکە دەماری زەویداری و ناشێتی لە ناویاندا ڕەگی داکوتابوو، داخەکەم ڕانەهاتن تا سەر لەسەر ئەو ڕێگایە بڕۆن، کە من لێیان جیابوومەوە، ئەوان گەڕانەوە سەر دۆخی جاران. نزیکەی ساڵ و نیوێک لە (مزووری)دا مامەوە. بەدڵتەنگییەکەوە لێی جیابوومەوە بۆ لادێی (زرباتیە). پێویستە پیشانی بدەم کە شەنگ و شۆخی لادێی مزووری بوو بەهۆی بزواندنی هەست و بیروباوەڕ و دڵتەڕیم. لە ئەنجامی ئەمەوە کۆمەڵێکی گەورە هۆنراوەم هەڵبەست لە بابەت (نیشتمان) و (سوروشت) و (کردەوە و ڕەوشت) و (خوێندەواری) و (ڕاستی و دروستی) و (خێزان) و (خزمایەتی) و (دڵداری) و گەلێک بابەتی ترەوە.

لێرەوە بیرم لە ژنهێنان دەکردەوە، کە لەسەر بنچینەیەکی پتەوی زانستی دابمەزرێنم بۆ ئەوەی ژیانێکی پڕ کامەرانی ڕاببوێرم. لێرەوە هۆگری خوێندنەوەیەکی ڕۆژانەی پاک و پوختە و بڵند بووم. هۆگری ساز و ئاواز و گۆرانی بووم.

بەڵێ وابوو. هەستم بەتەنیاییەکی گیانی دەکرد. هاوڕێی گیانیم دەست نەدەکەوت. لەبەر ئەوە خۆشبەختانە: لە (سوروشت) و (ئاوات) و (نووسین) و (خوێندنەوە)، لە (ساز و ئاواز و گۆرانی) و

(١) هەر بۆ نموونە، مامۆستا لە ١٩٣٧/٥/١٤ لە (ئەترووش)ەوە نامەیەک بۆ دۆستی خۆشەویستی مامۆستا شێخ محەمەدی خاڵ دەنووسێ و باسی چۆنێتی ژیان و گوزەرانی خۆی دەکات لەو دەڤەرە، زۆرتر باس لەو ئاستەنگانە دەکات کە لەلایەن ئاغا و شێخ و دەستدارەکانەوە دەخرێنە بەردەم هەوڵدانەکانی بۆ کردنەوەی قوتابخانە و دەستگرتنی هەژاران و کارئاسانی بۆیان... لە نامەکەدا هاتووە:
«داخەکەم لێرە نە ئەو مەلایەم دەست ئەکەوێت نە ئەو مزگەوتە کە تێروپڕ سکاڵای دڵی خۆمی لە لا بکەم. هەواڵی قەومەکەی خۆت ئەپرسیت شپرزە و شێواوە، هێشتا لە ژەنگی زەبروزەنگی کۆن پاک نەبۆتەوە، خرافات، فەسادی، جهالەت بەربوونەتە گیانی. مەگەر نوری عیلم و عیرفانی و شیری عەدالەت بێت بتوانێ بیانخاتەوە سەر ڕێگەی ڕاست. ئەو ڕۆمە عەزیزەی کە هەموو دڵسۆزێک ئەیپەرستێ هێشتا نەکەوتۆتە ناویان. ئێمەیش مەگەر لە کوولەکەدا بانگ بدەین ئەگین زروف و محیط لەوە زیاتر ڕێ نادات.
لەمەدا چونکی بەمەلایەکی ڕاستەقینەتان ئەزانم، ناترسم لە دڵشکانتان، پێویستە بڵێم ئەم پاشکەوتنە بەشی گەورەی ئەکەوێتە سەر ئاغا و مەلا و شێخەکانی مزووری، خوا هەڵناگرێ هەندێکی بەغیرەتی تیایە بەڵام هی خراپی گەلێ بەقووەتیشی تیایە، پەکی گەلێ مشروعی خەیری من ئەخەن... تا ئێستا چەند جار تشبثاتم کردووە بۆ مکتب، ئەوانە بالعکس هەوڵیان داوە لە گوندەکەیاندا نەکرێتەوە، بەڵام لە سایەی خواوە ظفر بۆ ئێمە بوو وەعدێکی بەقووەتم وەرگرتووە. ئەمساڵ بێتەوە مەکتەبێکمان لە بریفکاندا بۆ بکەنەوە... لەم بەینەدا پێنج شەش جار کردمانە سەری بۆ تبرعی منداڵە فەقیرەکانی پێدە و ئەتروش، لە پاش إغفالاتێکی زۆر ئاخریش نەینارد، کەچی ئەهالیەکە ٣٢ دیناریان تبرع کرد!».
ئەمەی سەرەوە، چەند پەرەگرافێکە لەو نامە درێژەی مامۆستا، کە زۆر بەسوپاسەوە مامۆستا (خالید خاڵ) لە چوارشەممەی ٢٠٠٢/٧/٣ لە چاوپێکەوتنیدا لە زانکۆی سلێمانی دایمێ. لە جێی خۆیدا دەقی تەواوی نامەکە پێشکەش دەکەین.
(لە ڕووی ڕێنووس و شێوەی نووسینەکەوە دەسکاری کراوە).

(خوداپەرستی)، چاکترین دۆست و هاودەمم دۆزییەوە. بەهۆی ئەم دۆستانەوە کامەرانییەکی زۆر دەکەوتە دڵمەوە، کە زۆر جار خەم و تەمی دڵمی لە کۆڵ دەکردمەوە.

## لادێی زڕباتیە

لە مانگی خەرمانان (حوزەیران)ی **١٩٣٨**دا گەیشتمە (زڕبانیە)، کە لادێیەک بوو لە ناوچەی (بەدرە)، لە خاکی (کووت)دا.[١] لادێی (زڕباتیە) نزیکەی (٣,٠٠٠) کەسێک دانیشتووانی تێدابوو. هەموو بەشێوەی کوردی لوڕ قسەیان دەکرد. بەڵام پۆشەنی سەریان لە هی عەرەبی دەکرد، وەک هی کوردەکانی مزووری. هەر سێ دەردەکە: (نەخوێندەواری) و (هەژاری) و (نەخۆشی) لێرەیشدا وەک مزووری بەڵکو وەک نیشتمانی (کوردستان) فەرمانڕەوا بوون. تەنیا خوێندنگایەکی کوڕانی تێدابوو. لادێیەکی گەرمتر لە بەغدا، ئاوەکەی سوێر و تاڵ بوو، بەرهەمەکانی دەغڵودان و خورما و هەنار و لیمۆ و پرتەقاڵ و سەوزە و خوێ بوو. دیمەنی لادێیەکە زۆر وشک و برنگ بوو. لەو پەڕی سنووری عێراق و ئێرانەوە چەند شاخێکی ڕووت لە دار و درەخت دەبینرا. ئەوەی شایانی باس بێ: ئاخوونەکانی (شیعەی نەجەف) دەسەڵاتیان لەناو ئەم کوردانەدا زۆر پەیدا کردبوو. دەیانبزواندن بۆ کەلکی ناپوختەی خۆیان. جارێکیان سەربازە ئێرانییەکان نزیکەی (٥٠٠) سەرێک مەڕ و ماڵاتی لادێی (زڕباتیە)ی برد، بەزۆرداری و چاوڕاو! گەلێک هەوڵم دا بۆ سەندنەوەیان، کەلکێکی نەگرت. (موتەسەریفی کووت) چارەی ئەمەی بەوە کرد: بەشەو هەندێک لە هۆزە عەرەبەکانی نارد، مەڕ و ماڵاتی کوردەکانی ئێرانیان تاڵان کرد!. بۆ یەکەم جار لە فەرمانەکەمدا، تێگەیشتم: کە (زۆرداری)، نەک (دادپەروەری). فڕوفێڵ، نەک (پاکی و دروستی)، فەرمانڕەوان بەسەر کوردەکانی سنووردا، لەلایەن فەرمانڕەوایی خراپی هەردوو فەرمانڕەوایی ئێران و عێراقەوە! خودا و ڕاستان، لە شەش مانگ زۆرتر لە (زڕباتیە) و (بەدرە)دا نەمامەوە!. ئیتر لەو سایشەوە بەچاوێکی پڕ قێز و بێز و ترس و لەرزەوە تەماشای کار و فەرمانی سنوورم دەکرد!... لە (زڕباتیە)دا زۆر نەمامەوە. هەر ئەوەندەم پێ کرا، هەندێک پیتاک کۆ بکەمەوە بۆ شاگردە هەژارەکانی (خوێندنگای زڕباتیە)، ئەوەیش زۆر بەگران بۆم هەڵسووڕا!. لێرە هەندێک (وشەی کوردی لوڕ)م کۆ کردەوە و ناردم بۆ فەرهەنگەکەی (شێخ محەمەدی خاڵ) لە سلێمانی. فەرهەنگەکە لە ساڵی ١٩٦٠دا بەشێکی لێ چاپ کرا[٢].

(١) لەو ڕۆژەدا زرباتیە: یەکێ بووە لەو دوو ناحیەی کە قەزای بەدرەی لێ پێکهاتبوو، (زرباتیە، جەصان)... زرباتیە لە ڕۆژهەڵاتی بەدرەوەیە بەهەشت میل، بریتییە لە کۆمەڵە خانوویەک لە قوڕ، ڕووباری گەلاڵ بەناویدا دەڕوا، ئەو ڕووبارە لە شاخەکانی پشتکۆوە دێت، بینایەکی حکوومەتی تا ڕادەیە باش و یەکێکی دی بۆ گومرگی تێدایە، دانیشتووانی هەموو کوردن و زمانیشیان دیارە کوردییە، ژمارەیان ١٥٠٠ کەسن. ل: ١٢٢–١٢٣ (بڕوانە: عبدالرزاق الحسني، موجز تأريخ البلدان العراقية، مطبعة النجاح، بغداد، ١٩٣٠).

(٢) شێخ محەمەدی خاڵ: فەرهەنگی خاڵ، بەرگی یەکەم ١٩٦٠ بەیارمەتی وەزارەتی مەعاریف، سلێمانی، چاپخانەی کامەران.



## لادێی قەرەحەسەن

لە ساڵی **١٩٣٩**دا گوێزرامەوە (لادێی قەرەحەسەن)، کە سەر بەناوچەی (کەرکووک) بوو، لە خاکی[١] (کەرکووک)دا. بنکەی لادێیەکە، (لەیلان)، گوندێکی بچووکی گەرمیان بوو. بەڵام ئاو و بایەکەی سازگار بوو. چەند ماڵێکی کورد، ئەوانی تریشی تورکمان بوون. گوندەکانی تریشی، چەند دێیەکی لێ دەربچێ کە تورکمان بوون هەموویان کوردنشین بوون. نزیکەی (١٠,٠٠٠) کەسێک لە پەنجا شەست گوندی لادێیەکەدا نیشتەنی بوون. بەهەموویان یەک نەخۆشخانە، یەک خوێندنگایان هەبوو. لەگەڵ یەک بنکەی باڵبازدا. دوو سێ دێی خۆشی جوانی فێنک و سازگاری تێدا بوو. ئەوانی تریان بێ دار و درەخت و، وشک و برنگ و، گەرمیان بوون. شێخەکانی (تاڵەبان)ی لێ دەربچێ، کە کەمێک خاوەن سامان بوون زۆربەی لادێییەکانی ڕەشوڕووت و هەژار بوون. لە یەک دوانێکەوە نەبێ، هەستێکی بڵندی (کوردایەتی)م نەدی. ئاواییەکان بۆڵە بۆڵیان بوو لە دەست چاوبرسێتی و فڕوفێڵی سەرۆکەکانیان. تینوو بوون بۆ یەکێک لە فەرمانبەران دادیان بپرسێ و چەواشە نەبێ بەزمانی لووس و بەرتیل و دیاری و ئاهەنگی شەوان. یاخود چاوی نەترسێ لە بەدگۆیی و دووڕوویی و گەڕوگەف و هەڕەشەیان... لە سایەی خوداوە لە بەرەنگاریکردنی هەندێک لەو زۆرداریيانەدا سەرکەوتم. جاروبار کە لادێییەکانم دەدی کزەبایەکی فێنکی سەربەستییان هەڵدەمژی، بەرزگاربوونیان لە دەست ئەو زۆرداریيانە، کامەرانییەکی زۆرم دەست دەکەوت. بەرهەمی لادێی قەرەحەسەن دەغڵودان و مەڕ و ماڵات و بەرهەمی مەڕ و ماڵات بوو. هەندێک سەوزە و تەڕەیشی تێدا بەرهەم دەهێنرا. لە (لەیلان)دا ساڵێک پتر مامەوە. یەک دوو مانگێکی خۆشم تێدا ڕابوارد. کەمەکێ هۆنراوەی دڵداریم هەڵبەست. زۆر نووسراوی نایابم خوێندەوە. چەند دۆستێکی باشم لە (کورد) و (تورکمان) پەیدا کرد. بەڵام بەجۆرێکی گشتی هەستم بەپەستییەکی گیانی دەکرد لەناو دانیشتووانی لادێیەکەدا. ئەمەیش بەلای منەوە سەرسوڕمانی پێ نەدەویست. چونکە زەمینداری و پەنجەی زۆرداری بێگانە و فەرمانبەری خراپ و ناپاک و چاوبرسی، لەبنەوە کنەیان دەکرد، بۆ کەلکی ناپوختەی خۆیان!.

## خورماڵ

لە ساڵی ١٩٤٠دا کەوتمە لادێی (خورماڵ)ەوە کە بەشێکە لە ناوچەی (هەڵەبجە) لە خاکی (سلێمانی)دا. گوندی خورماڵ، خۆی بچووک بوو[٢]. هەر پەنجا شەست ماڵێک دەبوو. بەڵام لادێیەکەی

(١) خاک: مەبەستی (لوا) کە بەرامبەر (محافظة)ی ئەمڕۆیە.

(٢) خورماڵ: کۆن پێیان وتووە (گلعنبر – گوڵ عەنبەر)، شارۆچکەیەکی بەناوی هەورامانی لهۆنە، لە دامێندایە و لێرەوە دەشتەکە دەست پێ دەکات، مەرکەزی ناحیەیە و سەر بەقەزای هەڵەبجەیە، دەیان پاشماوە و شوێنەواری کۆنی دانیشتووانی ناوچەکەی تێدایە، هەروا لە شوێنەوارەکانی دەوروبەریشی، پاشماوەکانی شاری (نیمرا)ی مەزن کە لە سەردەمی ساسانییەکاندا گەشەی سەند، تیا دەبینرێ و ئاسەواری سەردەمی داگیرکردنی ئیسلامیی لە ناوچەکەدا دەبینرێن. جگە لە پاشماوەکانی میرنشینانی ئەردەڵان و بابانەکان.

خورماڵ زۆر گەورە بوو. بەشی جافەتییەکەی گەرمیان و دەشت بوو. بەشی هەورامانەکەی شاخ و داخ بوو، پڕ بوو لە دار و درەخت و ڕەز و باخ و چەم و کانیاو، پارچەیەک بوو لە بەهەشتی (کوردستان). لادێیەکە هەفتا هەشتا گوندێک و (١٥,٠٠٠) کەسێکی تێدابوو. شێوەی زمانی جافەتی (سۆرانی) شێوەی زمانی هەورامانی (گۆرانی)تێدا بوو. لەگەڵ ئەوەیشدا لە یەکتر تێدەگەیشتن. زۆربەی زەویوزار بەدەست بەگزادەکانی جاف و هەورامان و شێخەکانی (تەویلە) و (بیارە)وە بوو. بازرگانیش کە زۆربەی بەدزییەوە دەکرا، لەگەڵ کوردەکانی ئێراندا، کە لە سنووردا بوون، بەدەست چەند دەوڵەمەندێکەوە بوو، بەڵام لەژێر چنگی ئەو بەگزادە و شێخانەدا بوون. ئیتر بەشی زۆری دانیشتووان: ڕەنجبەر و جووتیار بوون. بەهەژاری دەژیان. خاوەنی زەویوزار نەبوون. هەندێکیشیان هەرچەندە خاوەن زەویوزار بوون، بەڵام دەرامەتیان یەجگار کزبوو. بەکولەمەرگی دەژیان. لە هەموو لادێکەدا سێ خوێندنگا و دوو نەخۆشخانە هەبوو. ڕێگای قیرتاوکراو هەر نەبوو. بەهۆی زۆرداریی هەندێک لەو بەگ و شێخانە و، کەمتەرخەمی فەرمانڕەوایی و، خراپی زۆربەی فەرمانبەرانەوە، هەرسێ دەردەکە: (هەژاری) و (نەخۆشی) و (نەخوێندەواری) بەناویاندا بڵاو بووبووەوە. لەگەڵ ئەمەیشدا تا ئەندازەیەکی گەورە، لەچاو گوندەکانی تری لادێیەکانی تری کوردستاندا، گوندەکانی هەورامان، بەتایبەتی (تەوێڵە) و (بیارە) و (باخەکۆن) پێشکەوتووبوون لە پیشەسازی و بازرگانی و باخ و بەرهەمهێنان و خانووبەرەدا. لە ڕاستیدا لەم ڕووەوە سەرۆکە بەگ و شێخەکانیان دەستێکیان هەبوو. ئەوانە هەرچەندە بۆ کەلکی خۆیان و بۆ ڕووتاندنەوە و چەوساندنەوەی دانیشتووی گوندەکان تێدەکۆشان، بەڵام بەهۆی ئەو هێز و دەسەڵاتە گەورەیەوە کە لە باووباپیرانەوە بۆیان مابووەوە، جۆرە ئارام و ئاسایشێکیان بۆ ئەو گوندانە دامەزراندبوو، لەناو ئەو ئارام و ئاسایشەدا، دانیشتووەکان دەیانتوانی بازرگانی لەگەڵ برا کوردەکانی عێراق و ئێرانیاندا بکەن و دەوڵەمەند بن. ئەو بازرگانانە، هەرچەندە باج و بێگاریان زۆر بەسەرەوە بوو، کە ناچار دەبوون بیدەن بەو شێخ و بەگزادانە، بەڵام بەو سامانەی بۆیان دەمایەوە، دەیانتوانی خانوو و دووکانی باش دروست بکەن و، لە ژیانیشدا پێشکەوتووتر ڕاببوێرن. لە بابەت زۆرداری هەندێک لەو شێخ و بەگانەوە، هی کۆن و نوێ، چیرۆکی وام دەبیست کە پیاو موچوڕکی بەلەشدا دەهات!. بەڵێ دڵڕەقی و خودانەناسی و بەدکردارییان بەواتە دەگێڕایەوە!. لەگەڵ ئەمەیشدا ئەو شێخانە باپیرە گەورەکانیان زۆرباش بوون. لەسەر نەتەوەیان کردۆتەوە. جاری وایش هەبووە، لە بەگزادەکان پیاوی باش هەڵکەوتووە، بەرەنگاری فرۆفێڵ و چاووڕاو و خودانەناسی هەندێک لەو شێخانەی کردووە. بەکورتی دەستەی شێخان و دەستەی بەگەکان گەلێک جار ڕقەبەری و شەڕوشۆڕیان بووە، لەسەر کەلکی ناپوختەی خۆیان، لەسەر لاکی نەتەوەکەیان!... بەڵام هی باشیشیان لێ هەڵکەوتووە، پشتی نەتەوەیان گرتووە!. ئەمە وا بوو، بۆیەکا دانیشتووەکانم دەدی؛ لە گیاندا زۆر نزم، لە کردەوەدا زۆر ترسنۆکانە دەجوولانەوە. زۆربەیان کز و بێچارە و گێژ و چەواشەکراو بوون. نەتەوە، هەرچەندە بەدیمەن وا بێ دەسەڵات و بەسەزمان خۆی پیشان دەدا، بەڵام لە دڵدا، باش دەیزانی کە هۆی ئەو چارەڕەشییەیان زۆرداری ئەو سەرۆکانە و، بەدخوویی فەرمانبەرەکان و، کەمتەرخەمی فەرمانڕەواییە. خوا خوای ئەوەی بوو، هەلێک هەڵبکەوێ و خۆی لە دەستیان ڕزگار بکات!...



گەلێک هەوڵم دا بۆ کردنەوەی خوێندنگایەک لە خورماڵدا. بەڵام فەرمانڕەوایی نەیکردەوە!. لەبەر ئەوە ناچار بووم بەیارمەتی دانیشتووان خۆیانەوە، خوێندنگایەکی شەوی بکەمەوە، بۆ بەرەنگاری کردنی نەخوێندەواری. لێرەدا بەپێویستی دەزانم سوپاسێکی پڕ بەدڵی خوالێخۆشبوو (شێخ حسامەدین)[1] بکەم، کە لە خانەقاکەدا ژوورێکی دامێ. هەروەها هەندێ دار و هەندێ پارەیشی دامێ کە ژوورەکەی پێ چاک بکەم و پڕی بکەم لە کورسی و مێز و تەختەی ڕەش و سۆپا بۆ شانزە شاگرد کە لە خوێندنگاکەدا جێیان دەبووەوە. ناردم لە (سلێمانی)یەوە (ئەلف و بێ) و (چیرۆک بۆ منداڵان)یان بۆ هێنام.

شاگردەکان هەموو زەلام بوون، خاوەن ماڵ و ژن بوون. تەنیا یەکێکیان منداڵ بوو. خۆم و یەک دوو فەرمانبەری تر بەشەو پێیمان دەخوێندن. لە پاش شەش مانگ، تەنیا شەش کەسیان لێ مایەوە بۆ خوێندن، ئەوانی تر وازیان لێ هێنا. بەڵام ئەمانە هەموو فێری نووسین و خوێندنەوە و ژمێربوون. دەشیان توانی کاروباری دووکانەکانیان پێ ڕابپەڕێنن.

لە هاویندا باخچەیەکم بۆ دانیشتووەکان دروست کرد. ئەوساکە (شێخ حسامەدین) چووبووە لای خوای خۆی. بەڵام کوڕەکەی، (شێخ محەمەد) لەمەدا زۆر یارمەتی دام. زەوی و دارێکی زۆری داینێ بۆ باخچەکە و پەرژینەکەی و کەپرەکەی. باخچەکە لەسەر شێوەیەکی نوێ، وەک قالییەکی ڕەندین و ڕەنگاوڕەنگ دروست کرا و ڕازانرایەوە. هەفتەی جارێ هەموو لادێییەکانم بانگ دەکردە ئەوێ، بۆ چایی خواردنەوە و جگەرەکێشان و گوێ لە ڕادیۆگرتن و بیستنی ئامۆژگاری و هەواڵی لادێیەکە و ناوچەکە و خاکی (سلێمانی) و هەموو جیهان، کە لە ڕۆژنامەیەکی تایبەتیدا بۆم دەنووسین، ناوم نابوو «خورماڵ».

ئەم ڕۆژنامەیەم لەناو باخچە گشتییەکەدا بۆ هەڵدەواسین. بەکوردی بۆم دەنووسینەوە. ئەوەی بۆ پێگەیاندن و هۆشیارکردنەوەی لادێییەکان بەکەلک بهاتایە تێیدا دەنووسرا. هەفتەی دووجاریش دەردەچوو. بەڵام هەر جارەی بەدانەیەک. لادێییەکان دەیانتوانی هەموو ئێوارانێ بێنە ناو باخچە

(١) شێخ حیسامەدین: شێخ عەلی حیسامەدین (١٨٦١-١٩٤٠) دیارترین نەوەی شێخ محەمەد بەهادینە. لە فامکردنەوەیدا دەستی بەخوێندنی قورئانی پیرۆز و کتێبە ئایینییەکان کردووە، لەلای شێخ ئەحمەدی مامی سلوکی وەرگرتووە، زاتێکی بەتوانا و دادپەروەر و ڕووخۆش و خواپەرستێکی ڕاست بووە، موریدەکانی لە دڵەوە ملکەچیان کردووە، خاوەنی سەلیقەیەکی ناسک و پوخت بووە لە ڕێکخستنی باخ و باخات و حەوز و ماڵ و جێنیشتەدا، گوندی باخەکۆنی ڕازاندبۆوە بەجۆرێ دڵگیرترین گوندی بووە لەو ناوەدا، باخی جوان و بەرداری لە تەوێڵە و باخەکۆن و خورماڵ و دیوی ئێران بووە، حەزی بەخوێندەواری و دەستگرتنی هەژاران کردووە، مامۆستا شاکر فەتاح لە گەشتەکەیدا بۆ هەڵەبجە و هەورامان زۆر باسی پیاوەتی و زرنگی ئەم و شێخ محەمەدی کوڕی دەکات، هەتا لە پەراوێزدا، ل٢٧، دەڵێ: «لە ١٩٤٠ کە بوومە مدیر ناحیەی خورماڵ لە شێخ حیسامەدین و شێخ محەمەدی کوڕی بۆ کەلکی گشتی یارمەتیم زۆر دی». بۆ زیاتر بڕوانە (مەلا عبدالکریم مدرس؛ بنەماڵەی زانیاران، چاپخانەی شەفیق، بەغدا ١٩٨٤، ل ٤١٢-٤١٤) وە (شاکر فەتاح، گەشتی هەڵەبجە و هەورامان، چاپخانەی کامەرانی ١٩٧٤، ل ٢٣، ٥٣)... ئێستا شێخ عەبدولکەریمی کوڕی شێخ محەمەد باخەکۆنی ئاوەدان کردەوە و جێنشینی ئەو خانەوادە ڕێزدارەیە.

گشتییەکەوە بخوێننەوە. بێجگە لەوە لەبن رۆژنامەکەدا سندووقێکی بچووکمان هەڵواسیبوو، بۆ پیتاک کە بەخت بکرێ بۆ هەژارانی خورماڵ و بەڕێوەبردنی (خوێندنگا)کە و (باخچە)کە. لە ڕاستیدا ئەم (خوێندنگا) و (باخچە) و (ڕۆژنامە)یە بووبوونە هۆی کامەرانی و سەربەرزیم، چونکە بێجگە لە کەلکیان بۆ لادێییەکان دەرگایەکی خۆشەویستیشیان کردبووەوە لە ناوەند من و دانیشتووانی لادێییەکەدا، لە رۆژنامەکە (٢٤) ژمارە دەرچوو. هەمووم کردن بەبەستێکێک و بۆ یادگار دامنان لە نووسراودانەکەمدا ئەو دەمەی گوێزرابوومەوە بۆ (زانستگای سەربازی)[١]، لە بەغدا ساڵی ١٩٤١ بوو. بەرهەمەکانی لادێی خورماڵ بریتی بوون لە دانەوێڵە و ئاژەڵ و بەرهەمەکانی ئاژەڵ و توو و، گوێز و تووتن و سەوزە و تەڕە و هەندێک کەلوپەلی جلوبەرگ و چەقۆ و شەکرشکێن و کاسە و کەوچک و تەختەگوێز و تەختەتوو و میوە و قاڵی و بەڕە و ڕایەخ و خەرار و دەوار و جەواڵ و هەگبە و توورەکەی وڵاغ و ڕەشمە و هەندێک چەکی کوشندە قەڵەمبڕ و کەڵاش و پەستەک و شاڵ و فەرەنجی و کورسی و مێز و تەپلەی هەورامی (تەوێڵە)، ئەمەندە نایاب بوون لە هەموو لایەکی کوردستاندا بازاڕیان هەبوو.

پێویستە دەری ببڕم، لەم لادێییەدا زۆر خۆشم ڕابوارد. هەرچەندە تەنیا باڵ بووم و بەپاڵ نەخۆشییەوە ئەو ئەرک و فەرمانانەم بەڕێوە دەبرد، بەڵام ژینێکی تایبەتی خۆش و کامەرانییەکی گیانی بەرز و ئازادییەکی گرنگم تێدا هەست دەکرد. هەرچەندە لەلایەن فەرمانڕەواییەوە زیانێکی زۆرم لێ درا، کە بوو بەهۆی دواکەوتنم لە پایەی فەرمانبەریدا، بەڵام من سەرم پێی بەرز بووەوە، چونکە لە پێناو بەجێهێنانی فەرمانی پیرۆزی نیشتمانیدا بەسەرم هاتبوو!... بەپێویستم زانی کە بەرەنگاری ناپاکی موتەسەریف و جێنشینی ئەو سەردەمە بگەم[٢]، کە لە گەڵیان کردم. هەرچەندە من چوار ساڵ دواکەوتم، بەڵام ئەوانیش یەک لەدوای یەک، لە پاش چەند ساڵێک، کە فەرمانڕەوایی هەستی بەخراپییان کرد، بەبەدناوی و ڕیسواییەوە لە فەرمانەکانیان دەری کردن!.

(١) وەک مامۆستا لە (پاشەڕۆک -ڕۆژنامەی خورماڵ-دا، لە وتەیەکی ماڵئاواییدا نووسیویە:... ئەوا ناوچە ڕەنگین و پەسندەکەی خورماڵ و کوردە دڵسۆز و خۆشەویست و چاکەکەی بەجێ ئەهێڵم بۆ بەغدا بۆ -دەورەی ظباطی احتیاط- و ئیتر تا ٩ مانگی تر ناتوانم بەدیاریان شادبمەوە). ڕۆژنامەی خورماڵ ژمارە ٢٤ی ڕۆژی ١٩٤٠/٩/٢٤.

(٢) لەو ساڵەدا ١٩٤١ کە مامۆستا لە خورماڵ بەڕێوەبەری ناحیە بووە لە سلێمانی لە نێوان ١٩٤٠ بۆ ١٩٤١ چوار کەس پایەی موتەسەریفیان دیوە و بەم جۆرە:

أ- حاجی ڕەمەزان لە ١٩٤٠/٣/١٣ بۆ ١٩٤٠/٧/١

ب- حەمید عەبدولمەجید صورصور لە ١٩٤٠/٧/٨ بۆ ١٩٤١/٥/٢

ج- حوسێن فەوزی لە ١٩٤١/٥/٥ بۆ ١٩٤١/٦/٢٧

د- مستەفا قەرەداغی لە ١٩٤١/٦/٢٨ بۆ ١٩٤٣/١٠/٢٣



## خورماڵ




ژمارە: (١)

ڕۆژ: ١٩٤٠/٦/٣

## سەرەتا

براگەل! ئەی دانیشتووانی بەڕێزی لادێی خورماڵ!... بەناوی خودای گەورە و تواناوە، ئەم ڕۆژنامەیەمان بۆ پێگەیاندنی ئێوە پێک هێناوە. گشت دووشەممە و پێنجشەمموانێ بۆتانی دەردەهێنین لەناو باخچەی گشت لاییی خورماڵدا هەڵی دەواسین. هەر شتێ بەکەڵکی ئێوە بێت و، بیرتان ڕوون بکاتەوە و، هۆشتان بهێنێتەوە بەر خۆتان و، ڕەوشت و کارتان ڕاست بکاتەوە و، ژیانتان پڕ لە گەشی و خۆشی بکات، ئەوەتان بۆ دەنووسین. جگە لەوە تکا دەکەین هەر شتێ نازانن و دەتانەوێ بیزانن، یاخود هەر شتێ بەکەڵکتان دێت و دەتانەوێ تێتان بگەیێنرێ، لەسەر پەڕە قاقەزێک بینووسن و فڕێی بدەنە ناو ئەم سندووقەوە کە بەم تەختەیەوە بەندکراوە. ئێمە پەیتا، پەیتا لەم ڕۆژنامەیەدا بۆتانی دەنووسین و تێتانی دەگەیێنین. جا چونکە مەبەسی ئێمە تەنیا پێشکەوتنی ئێوەیە، تکا دەکەین لەم هەوڵ و کۆششە پیرۆزەدا یارمەتیمان بدەن. پێشینان گوتوویانە: «دەست لە دەست و هێز لە خودا».

دڵسۆزتان/ شاکر فەتاح

کارگێڕی لادێی خورماڵ

سەرنووسەری ڕۆژنامە

١٩٤٠/٦/٣

## باخچەی گشت لاییی خورماڵ

ئەم باخچەیە کە ٣٠ سی ڕۆژی خشت کاری تێدا کراوە ئینجا تەواو بووە، (١٥٠) کرێکار کاری تێدا کردووە. هەرچی فەرمانبەرێکی لادێی خورماڵیش هەیە دەس و پەنجەیان تێدا بەکارهێناوە و، سەرپەرشتیی کار و فەرمانیان کردووە. گەلێک پیاوی دەوڵەمەند و دەستداریش بەپارە و بەدار و بەگەڵا کۆمەکییان کردووە. هەروەها خانوو دروستکەر و دارتاشیش نیوچە نرخێکیان سەندووە. وەک دانراوە: بەزەوی و ئاو و کرێی وەستا و کرێکارەوە، ئەگەر بەپارە بکرایە لە پەنجا دینار کەمتری تێ نەدەچوو. لەگەڵ ئەمەیشدا تا ئێستا هەر ٣,٦٥٠ دینار بەخت کراوە. وا لە ژێرەوە ناوی ئەو کەسانەی کۆمەکییان کردووین، چ بەشت، چ بەکارکردن، لە خوارەوە نووسراون، (کارگێڕیی لادێی خورماڵ)، لە کانی دڵەوە سوپاسی جوامێری و لاوچاکی و پیاوەتی و نیشتمانپەروەری ئەو پیاو و فەرمانبەر و خەڵکە باشانە دەکات و لە خودای گەورە دەپاڕێتەوە: گەورەتر و پایەبەرزتریان بکات و، هەموو دەم بیانخاتە خۆشی و سەربەستی و گیان ئازادییەوە. چونکە بەڕاستی ڕەنجیان بۆ نیشتمانەکەی خۆیان داوە و، خۆیشیان و ئێمەیشیان لەبەردەم خودا و لەبەردەم خەڵکدا ڕووسوور و سەر ئازاد کردووە. هەر بژین.

## ناوی ئەو دێیانەی کرێکارییان بۆ کردووین

ئەمانەن: (خورماڵ، ئاوایی حەمەی فەرەج، ئاوایی ڕۆستەم بەگ، دێ کۆن، تازەدێ، شیرەمەڕ، یالانپێ هانەی قوڵ، ئەحمەد ئاوا، زەڵم، سەرگەت، هانەی دەنگ، دەرەی مەڕ، بانی شار، گوڵپ، گەچینەی باخەکۆن، بنجۆی درە، دەرە قەیسەر، نارنجەلە، ڕیشێن، خەرپانی، خاگێلان، گێڵەک).

ناوی ئەوانەی کە بەپارە و شت کۆمەکییان کردووین.

| فلس | دینار | دارچنار | شتی تر |
|---|---|---|---|
| ٣٠٠ | ٠ | ١٢٠ | زەوییەکی (٩٠٠) گەز چوارگۆشەیی و ئاو، بۆ باخچەکە و دوو قەنەفە شێخ محەممەدی شێخ حسامەدین |
| ٠ | ٠ | ١٨ | شێخ عەلائەدین |
| ٦٠٠ | ٠ | ٠ | ئەمین زەکی بەگ |
| ٢٥٠ | ٠ | ٠ | ئەفراسیاب بەگ |
| ٠ | ٠ | ٥ | شێخ عوسمانی شێخ عەلائەدین |
| ٠ | ٠ | ١٢ | مستەفا بەگی جافر سوڵتان |
| ٠ | ٠ | ٢٣ | خەڵکی بیارە (غەفور ئاغا و خزمەکانی). |
| ٠ | ٠ | ٢٠ | خەڵکی تەوێڵە (قادر ئاغا و محەممەد ئاغا و هاوڕێکانیان). |
| ٢٥٠ | ٠ | ٠ | شێخ محەممەدی خاڵ قازی هەڵەبجە. |
| ٢٥٠ | ٠ | ٠ | دوکتۆر ئیحسان |
| ٢٥٠ | ٠ | ٠ | زۆراب بەگ |
| ٢٥٠ | ٠ | ٠ | سدیق ئەلقادری قائیمقام |
| ٥٠٠ | ١ | ٠ | دەسگای کارگێڕیی خورماڵ |
| ٦٥٠ | ٣ | ١٩٨ | هەمووی |



## هەواڵی خورماڵ

خوێندنگای خورماڵ

ئێمشەو شاگردەکانی خوێندنگای خورماڵ (ئەلف و بێ) و (خوێندنەوەی چیرۆک بۆ منداڵان)یان لێ دەپرسرێتەوە ئەوانەی باش دەربچن پاداشیان دەدرێتێ. لەم شەو بەدواوە ئیتر پێڕەوییان دەگۆڕێ. هەر شەوە یەک وانا دەخوێنن. ماوەی واناکەیشیان (٤٥) وردیلە (دقیقة) دەخایێنێ. حەفتەی سێ جار (چیرۆک)، دوو جار (نووسینەوە و سەرمەشق)، جارێکیش (ژمێر) دەخوێنن. لە ساتی ٧,٣٠دا دەست دەکەن بەخوێندن لە ساتی ٨,٢٥دا لێ دەبنەوە. حەفتەی جارێکیش ئەوی خوێندوویانە لێیان دەپرسرێتەوە. ئەوانەی باشیش دەردەچن پاداشیان دەدرێتێ.

گرانی

گرانی خەریکە ڕوو دەکاتەوە ئەم ناوە. نرخی کەڵلەی شەکر بووە بە(٧٥) فلس. نرخی مەسینەیەک ڕۆن گەیوەتە (٢٠٠) فلس. گەنم و ڕۆن بەگران دەست دەکەون. چەرچییەکان بەهەموو لایەکدا بڵاوبوونەتەوە ڕۆن و تووتن دەکڕن. تەنانەت تفەنگیش کڕیاری زۆر بووە و نرخی کەوتۆتە گرانی. کاشکی سەرمایەدارەکانمان تۆزێ دەماری خوداناسین و نیشتمانپەروەرییان بجوولایەوە، تۆزێک بەزەییان بە بێکەس و هەژاراندا بهاتایەوە ئەوەندە بەگران شتیان نەفرۆشتایە. بەڵام لێ بگەڕێ: (خراپە خراپەی لە دووە).

مستەفا بەگ

فەرمانڕەوایی عێراق لە ١٩٤٠/٥/٣٠دا لە (مستەفا بەگی جافر سوڵتان)ی گەیاند کە ئیتر دەتوانێ بچێتەوە (دەرگا شێخان) لەوێ تەماشای کاروباری خۆی بکات.

## دەنگوباسی دەرەوە

ئەڵمانیای دوێنێ و ئەمڕۆ

ئەڵمانیا پێش شەڕی ١٩١٤ گەلێک خاکی بێگانەی لەژێر دەستدابوو، کە لە مانەوە هەرچی کارخانەکانی ئەڵمانیا لە بابەتی خاو پێویستی بووایە، بۆی دەهات. جگە لەوە هەرچی لە کارخانەکانی ئەڵمانیایش دروست بکرایە لەو شوێنانەدا دەفرۆشرا، کە بەو بۆنەیەوە، چ فەرمانڕەوایی، چ دانیشتووانی

ئەڵمانیا کەوتبوونە دەوڵەمەندییەوە. بەڵام کە لە شەڕی ١٩١٤دا ئەڵمانیا شکا، ئەو خاکانەی هەموو لە دەست چوو. فەرمانڕەواییەکەیشی کەوتە ژێر چەپۆکی فەرمانڕەواییە سوێندخوارەکانەوە. لە گشت لاوە، خەفەتباری و دەستکورتی و بێ هێزی دەورەی ئەڵمانیای دابوو. شپرزەیی ڕووی تێ کردبوون. بەڵام ئەڵمانەکان گەلێکی وریا و زرنگن. لە شەڕ و شۆڕدا بەهونەرن. لە پیشەسازیدا گەلێک مامۆستان. گیانێکی نیشتمانپەروەری بەهێزیان هەبوو. وردە وردە خۆیان کۆ کردەوە و بەهێز کردەوە. خۆ کە سەرکردەکەی نوێیان (هیتلەر)یش لە ساڵی ١٩٣٥دا کاروباری فەرمانڕەوایی ئەڵمانیای گرتە دەست، ئەڵمانیا لە پێشکەوتندا و لە خۆگرتندا هەنگاوی درێژ درێژی نا. (پەیماننامەی ڤەرسایل)ی ١٩١٩ی شکاند. دەستی کرد بەخاک داگیرکردنەوە. خاکەکانی: (چیکۆسلۆڤاکیا، سار، ڕاین، ئاوستریا، پۆلەندە، دانیمارک، نەرویج، بەلچیکا، هۆڵەندە)ی لەم پێنج ساڵەی دواییەدا، یەک لە دوای یەک داگیر کرد. تەنیا لەم (٩) مانگی شەڕەدا (٥٥) ملیۆن کەس و (٥) فەرمانڕەوایی سەربەخۆی خستە سەر خاکەکەی خۆی. ئینگلیزەکان و فەرەنسزەکان بۆیان باش نییە فەرمانڕەواییەکی وەکو ئەڵمانیا وەها، لە نزیکانەوە، بەهێزەوە پەیدابێ. لەبەر ئەوە، ئیتر، لە پاش داگیرکردنی (پۆلەندە) لەلایەن ئەڵمانەکانەوە، دەستیان دایە یەخەی ئەڵمانەکان. لە ڕۆژنامەی ئەم باسە تەواو دەکەین.

***

# خورماڵ

ژمارە: (٢)

ڕۆژ: ١٩٤٠/٦/٦

## هەواڵی خورماڵ

خوێندنگای خورماڵ

شەوی ١٩٤٠/٦/٤ شاگردەکانی خوێندنگای خورماڵ خوێندنەکانیان لێ پرسرایەوە، لە چوار کەس سێ کەسیان پلەی بەرزیان سەند. پاداشیشیان وەرگرت. ئەوا ناو و پاداشتەکانیان لە ژێرەوە نووسی:

| ناوی شاگرد | پلە | پاداش |
|---|---|---|
| کەریمەڵڵا وێردی | یەکەم | قەڵەمێک |
| سەلیمەڵڵا وێردی | دووەم | لاستیک |
| حەمەی کەریم | سێیەم | لاستیک |

هاتوچۆ

(معاونی مدیری پۆلیس)ی هەڵەبجە، عەبدولحەمید ڕۆژی ١٩٤٠/٦/٤ بەئۆتۆمبیل هاتە خورماڵ و، پاش پشکنینی دەسگاکە و مووچەدان بەپۆلیسەکان چوو بۆ باخەکۆن و بیارە و تەوێڵە کە لەو شوێنانەیش مووچەی پۆلیسەکان دابەش دەکات.



## پیتاک

بۆ کاروبار هەڵسووڕاندنی باخچەی گشت لاییی خورماڵ لە پێش هەموو شتێکدا پارە پێویستە. لەبەر ئەوە لەلایەن کارگێڕی لادێی خورماڵەوە سندووقێکی بچووک لە باخچەکەدا هەڵواسرا، تا هەر کەسێ حەز بەپێشکەوتنی باخچەکە بکات و حەز بەپیاوەتی و نیشتمانپەروەری بکات، چەند فلسێکی بهاوێژێتە ناو و پاشان یان کارگێڕی لادێی خورماڵ، یاخود برینپێچی نەخۆشخانەی خورماڵ ئاگادار بکات و لەبەرچاوی ئەوان لەسەر تەختەکە بنووسێ ئەوەندەم داوە و مۆری خۆیشی پێوەبنێ.

ڕۆژی ١٩٤٠/٦/٣ عەلی مەحموود قۆمیسەری خورماڵ (٥٠) فلس، ڕۆژی ١٩٤٠/٦/٤ معاونی مدیری پۆلیسی هەڵەبجە عەبدولحەمید (١٥٠) فلسی هاوێشتە ناو سندووقەکە و کارگێڕی لادێی خورماڵیان ئاگادار کرد و مۆر و ناوی خۆیشیان نووسی. ئێمە لە کانی دڵەوە سوپاسی پیاوەتییان دەکەین.

زەماوەند

ڕۆژی ١٩٤٠/٦/٥ دەمەو ئێوارێ، بەبۆنەی تەواوبوونی (باخچەی گشت لاییی خورماڵ)ەوە، زەماوەندێکی چایی لەلایەن کارگێڕی لادێی خورماڵەوە کرا. فەرمانبەر و پیاوە ناسراوەکانی خورماڵ بانگ کران. تا بانگی شێوان وەک برا بەقسە و گاڵتەی خۆش و خوێندنەوەی ئەم ڕۆژنامەیە و چایی خواردنەوە ڕایان بوارد و پیرۆزباییی باخچەکەیان کرد.

## پێکەنینی خورماڵ

(میرزا غەفور)

ڕۆژێک کارگێڕی لادێی خورماڵ بەمیرزای پینەچی گوت: میرزا یەکێک نادۆزیتەوە پێڵاوەکانم ڕەنگ بکات؟

میرزا گوتی: منیش دەزانم پێڵاو ڕەنگ بکەم...

یەکێکی تر گوتی: ئەی یەکێکمان بۆ نادۆزیتەوە بەشەو ئێشکی دووکانەکان بگرێ؟

میرزا گوتی: گەورە! خۆم ئێشکگری دووکانەکانم...

پاشان لێیان پرسی: خۆزگە یەکێکمان دەست دەکەوت بانی ماڵی کارگێڕ و سەرۆکی باڵبازەکانی خورماڵی بگێڕایە...

میرزایش پێی گوتن: ئەی من چیم لە بەردەستاندا... خۆ من دوو ساڵە ئەو بانانە دەگێڕم...

کارگێڕ وتی: خۆزگە یەکێک دەبوو تۆزێک چیرۆکی بۆ بگێڕاینەوە...

میرزا گوتی: من چیرۆک خوانێکم وێنەم لەم خورماڵەدا نییە...

یەکێکیش گوتی: نازانم چی بکەم کەسێکم دەست ناکەوێ ژوورەکانم بۆ سواخ بدات.

میرزا ڕاپەڕی: گەورەم! هەتا من وەستابم بەکەسی تری مەکە...

کارگێڕ گوتی: میرزا دەزانیت کەباب ببرژێنیت؟

میرزا گوتی: کەبابی وا دەبرژێنم شاهیش نەیخواردبێ!...
سەرۆکی باڵبازەکان گوتی: کێ دەکەیت بەمەیتەری ئەسپەکەت؟...
میرزا هەڵی دایێ: ئەی من دەردمە؟!. ئینجا کارگێڕیش دوایی بەگفتوگۆکە هێنا و گوتی: «تکاتان لێ دەکەم، ئیتر لە میرزا مەپرسن چی دەکا و چی پێ دەکرێ، بەخودا لەوە دەترسم نانی ئێمەیش ببڕێ. ئەگەر بچێ و بەفەرمانڕەوایی بلێ من کارگێڕی و سەرەک باڵبازیی خورماڵ بەچارەکە دینارێک دەکەم، چیمان پێ دەکرێ؟!».

## هەواڵی دەرەوە

ئینگلیز و فەرەنسز

ئینگلیزەکان بەخۆیان و بەو خاکانەوە کە داگیریان کردوون تا ئێستا دەگەنە (٤٥٠) ملیۆن کەس. کەچی خۆیان هەر (٤٥) ملیۆن کەس دەبن. خاکەکەی خۆیان نیو ئەوەندەی خاکی کوردستان نابێ. کەچی چواریەکی کـڵاوەی زەمین هی ئەوانە. ڕۆژ لە ئاڵای ئینگلیـــز ئاوا نابێ. لە دوای ئینگلیـــزەکـــان، فەرەنسزەکان دێن. ئەمانیش گەلێک دەوڵەمەند و گەلێک خاوەن زەوین و، لە فەرمانڕەواییە گەورەکانی جیـهـان دەژمێـررێن. جا چونکە ئەڵمانەکان، کە ئێستە گەیونەتە (١٣٠) ملیۆن کـەس، خاکەکانی بێگانەیان بەدەستەوە نەماوە و، لە چاو ئینگلیز و فەرەنسزەکاندا برسی و بێ دەرامەتن، ئەمانیش هۆگری ئەو فـەرمـانڕەوایییـانە بوون، کە وەک خـۆیان بەکەس زۆرن و بەخـاک بچـووکن. سـا لەبەر ئەمـەیە کە ئیـتاڵیاییەکان بوون بەدۆستی ئەڵمانەکان هەر لەبەر ئەمەیشە کە ژاپۆنییەکانیش خاکێکی فراوانیان هەیە و پێویسـتییـان بەخاکی تر نییـە، چونکە نیازی ئەوەیان هەیە ئاینی کۆمـۆنیسـتی خۆیان بەناو جیـهـاندا بڵاو بکەنەوە و، چاو برسیـشن بۆ گـرتنی خـاکـە بێ دەسـەڵاتـەکـانی تر، بەم بۆنەیەوە لەگـەڵ ئەڵمانەکاندا کەمەری دۆستایەتییان بەستووە. وا لەم ڕۆژانەدا (ڕادیۆ) پێمان دەڵێ: کە ئیتاڵییەکانیش داوای هەندێک خاکیان لە ئینگلیز و فەرەنسزەکان کردووە و، گوتوویانە ئەگەر نەماندەنێ ئێمەش پێکەوە لەگەڵ ئەڵمانەکاندا دەچین بەگژ ئینگلیز و فەرەنسزەکاندا.

***

## خورماڵ

ژمارە: (٣)
ڕۆژ: ١٩٤٠/٦/١٠

## لەشخۆشی

خواردن

ئەگەر دەتەوێ لەشسووک بیت، ئەوا لە خواردندا وا بڕۆ بەڕێوە:



١- تا برسیت نەبێ مەخۆ. کە خواردیشت زۆر مەخۆ.
٢- بەدڵی تەنگەوە مەچۆرە سەر سینی.
٣- تا دەتوانی پارووەکە بجوو، ئینجا بهێڵە بچێتە خوارەوە.
٤- شتێ مەخۆ پێت نەکەوێ. شتێ مەخۆ بەدڵت نەبێ.
٥- تا دوو ساتێک بەسەر خواردنەکەتدا نەڕوات، کار و فەرمانی گران مەکە.
٦- تا دەتوانیت لە خواردندا پاک و خاوێن بە. ئەگینا نەخۆش دەکەویت.

## هەواڵی دەرەوە

ئەمریکا

ئەمـریکای ژوورووی یەکـدگـیر لە فـەرمـانڕەوایییـە هەرە گـەورەکـانی جیـهـانە. خاکـێکی فـراوان و خەڵکێکی (١٣٠) ملیـۆن کـەسی هەیە. لە پیـشـەسـازی و هونەرمـەندی و خـوێندەواری دەوڵەمـەند و پێشکەوتوو‌ییدا، کەم فەرمانڕەوایی هەیە شان بدات لە شانیان. لە هەموو فەرمانڕەواییەکان زۆرتر حەز بەچاکیی خەڵکی دەکەن. ئەم فەرمانڕەواییە نەبووایە ئەوروپایی هەموو خاکەکانی ئەمریکای ناوەڕاست و خواروویان داگیر کردبوو. ئەم نەیهێشت. ئەم ئەمریکاییـیانە دەڵێن: «دەبێ ئەوروپایی واز لە ئەمریکا بهێنن. ئەمریکا هەر بۆ ئەمریکایی دەمێنێتەوە. نادرێ بەکەس!» زۆربەی دانیشتووانی ئەم خاکە دەچنەوە سەر ئینگلیزەکان. چونکە لە سەرەتاوە زۆریان لە ئینگلیزە دەربەدەرەکانی بەریتانیا بوون هاتوونەتە ئێرە. لەبەر ئەوە دڵیـان بەلای ئینگلیـزەکانەوە زۆرتر دەچێ کە ئەڵمـانەکان. لە شـەڕی ١٩١٤یشـدا هەر ئەمان بوون دەستیان دایە باڵی ئینگلیزەکان و ئەڵمانەکانیان بۆ شکاندن. جا ئێستا چونکە ئەڵمانەکان چاویان بڕیوەتە فـەرمـانڕەوایییـە بچووکەکـانی ئەمریکای خـوارووو، فـەرمانڕەوایی ئەمریکای ژووروی یەکدگـیر، خـەریکە کـۆمـەکـیی ئینگلیـز و فـەرەنسـزەکـان بکـات. جـا دوور نییـە، ئەگـەر ببینێ فـەرمـانڕەوایییـە سوێندخوارەکان، واتا (ئینگلیز و فەرەنسزەکان)، گلۆڵەیان کەوتووەتە لێژی، ئەمەیش بچێتە شەڕەوە و، دەست بداتە یەخەی ئەڵمانەکان. بەڵام لەم لاوەی ژاپۆنیا هەیە. ئەم جارە بێتەوە لەوێش دەدوێین.

***

## خورماڵ

ژمارە: (٤)
ڕۆژ: ١٩٤٠/٦/١٣

## هەواڵی خورماڵ

خوێندنگای ئەرکان

ڕۆژی ١٩٤٠/٦/١٢، بیست ئەفسەر کە شاگرد و گەورەی (خوێندنگای ئەرکان)ی بەغدا بوون،

بە(٨) ئۆتۆمبیل، هاتنە خورماڵ. پاش ساتێک دانیشتن لە باخچەکەدا، گەڕانەوە هەڵەبجە. ئەمانە بۆ ئەوە هاتبوون، ئەوی خوێندوویانە بەچاویش بیبینن. واتا بۆ تاقیکردنەوەی ڕێگەوبان و شاخ و داخی سنووری ناوچەی خورماڵ هاتبوون. لەلایەن فەرمانبەر و خەڵکەکەی خورماڵەوە نەوازشێکی شایستە کران. ئەوانیش چەند وێنەیەکی خورماڵیان گرت. یەکێک لەوانە وێنەی پردە گەورەکەی خورماڵ و، باخچەی گشت لاییی خورماڵ بوو.

سەرکردەی لەشکری کەرکووک

ڕۆژی ١٩٤٠/٦/١٣ سەرکردەی لەشکری کەرکووک و سێ ئەفسەری تر هاتنە خورماڵ و چوون بۆ پشکنینی ڕێگاوبان و شاخ و داخی سنووری (باخەکۆن) و (بیارە).

سون پەیدابووە

سون گەنجی لادێی خورماڵی لە کەلک خستووە. جووتیارە بەسەزمانەکان لە ترسی (سون) گەنمەکەیان لە کۆڕپەییدا دووربییەوە. بەخۆیان و ماڵ و منداڵیانەوە خەریکی دروێنەن هێشتا دەرەقەت نایەن. کرێکاریان بەگران دەست دەکەوێت. کەلوپەلی ناوماڵیان دەفرۆشن دەیدەن بەکرێکار و وەرزێر.

پاراستنی دارستانەکان

فەرمانڕەوایی دەیەوێ دارستانەکانی چیاکانی هەورامان و لادێی خورماڵ بپارێزێ. لەبەر ئەوە بەناو لادێییەکەکاندا بڵاوی کردەوە، کە ئیتر بۆ سووتەمەنی خۆیان نەبێ، هەرچی بۆ فرۆشتن دار لە دارستانەکان ببڕێ و پێچەوانەی (یاسای پاراستنی دارستان)، بجوولێنەوە سزا دەدرێت.

## ناسکە قسە و وتاری خۆش

پێشینان فەرموویانە:

- درۆزن هەر جارێ ناشتا دەکا.
- دار پوازی لە خۆی نەبێ نابڕێتەوە.
- برا لە پشت برابێ، مەگەر مەرگ لە لای خودابێ.
- چاکە بکە و بیدە بەدەم ئاوەوە.
- کاڵا لە پێی باڵایە.
- خودا تا کێو نەبینێ بەفری تێ ناکات.

ڕەنجەڕۆ دەڵێ:

«ئەوی من دەیچێنم، دەیچنن. ئەوی من دەیچنم، دەیچنن. ئەوی منیش دەیچنم، دەیجوون!...».

(شاکر فەتاح)



سەیری چەمەن

دڵ دەڵێ سەیری چەمەن خۆشە جوابی نادەم
مدەتێکە لە قەفەسدایە عەذابی نادەم
مەجلسێکی جەمەن و بلبل بەزم و گوڵ و مل
بەدووسەد مەدرەسە و دەرس و کتابی نادەم!
«نالی»

## پێکەنینی خورماڵ

(شێخ تۆفیقی گوڵپ)

هەورامییەکانی (گوڵپ)، ئەوەندەی لە (شێخ تۆفیق) دەترسن، ئەوەندە لە دەمانچەکەی ناترسن. چونکە دەمانچەکەی گەلێک جار بێ فیشەکە. ئەگەر فیشەکیشی تێدا بێ تەرەقەی تێدا نابێ. لەبەر ئەوە ئەگەر دەستیشی پێدا بنرێ و دوو هەزار جاریش بترووکێنرێ ناتەقێ. ئەمیش دیارە لە دووربینی شێخ تۆفیقەوەیە!. دەترسێ لەوەی دەمانچەکەی دەست کەسێک بکەوێ و یەکێکی پێ بکوژرێ و ئەوسا شێخ تۆفیق گوناهبار ببێ!!. ئەگینا کارخانەکەی ئەو هیچ شتێک نییە تێیدا دەست نەکەوێ!... ئەمە دەمانچەکەی... بەڵام خۆی، لە هەموو دەمێکدا هەورامییەکان مەترسیی لێ دەکەن... چونکە کە هۆشی بەلای شتێکدا چوو، گای مێ دەبێ بەگوێرەکە. گوێرەکەی لێ دەبێ بەگا. تەماتەی لێ دەبێ بەسلق. سلقی لێ دەبێ بەتووتن. سیری لێ دەبێ بەشووتی. شێخی لێ دەبێ بەمێخ. مێخی لێ دەبێ بەشێخ. قازی ماڵی خۆیشیان بەقازە کێویلە دەداتە قەڵەم!... گوتمان (شێخ تۆفیق) فیشەکەکانی بێ تەرەقەن... بۆچی بێ تەرەقەن؟ چونکە شێخ تۆفیق کاتی تەنگانە دەزانێ. کە کاتی تەنگانە هات ئەوسا فیشەک دەخاتە دەمانچەوە. کە فیشەکی خستە دەمانچەوە، ئەوسا تەرەقەی دەخاتە سەر. کە تەرەقەی خستەسەر، ئەوسا دەیتەقێنێ... وا دەگێڕنەوە: جارێک دەچێ بۆ ڕاو! شێخ تۆفیق هۆشی بەلای خۆیەوە نامێنێ. بیری دەڕوا بەلای کەباب دروستکردندا. لە پڕ قازێکی تووش دەبێ... فیشەکێک دەخاتە دەمانچەکەیەوە. تەرەقەیش دەخاتە فیشەکەکەیەوە. دەست دەنێ بەدەمانچەکەیدا. دەمانچەی بەدبەخت گرمە دەکات... گرم دەدات لە باڵی قازەکە. قاز لەوێدا گلۆر دەبێتەوە، دەکوژرێ... کە شێخ تۆفیق سەیر دەکات، دەبینێ قازەکەی ماڵی خۆیانە کوشتوویەتی. جا بۆ ئەمەی لای باوکی خۆی هەڵبکێشێ کە کوڕ ڕاوی کردووە و، گوناهبار نەبێ لەلای، پەڕوباڵی قازەکە دەکا و، سەلکەکەی فڕێ دەدات. بەڵام قاچەکانی لەبیر دەچێ لێی بکاتەوە. دێتە ماڵەوە، دەڵێ: «بابە چێرگم کوشتووە!» بەڵام باوکی قازەکەی ماڵی خۆیان دەناسێتەوە. پێی دەڵێ: «خودا لە ناوی دەمت بدات، خۆ ئەمە قازەکەی ماڵی خۆمانە کوشتووتە. ئەی قاچەکەی چی لێ دەکەیت؟!...».

## هەواڵی دەرەوە

ژاپۆنیا

ژاپۆنیا لە فەرمانڕەواییە هەرە گەورەکانی جیهانە. (٦٠) ملیۆن کەسی تێدایە. خاکێکی پڕ شاخی ئاگرین و چێیەکی پڕ بوومەلەرزەی تەنگ و توروسکیان هەیە بەچنگن، پێشکەوتوون. ئەمانیش ئارەزووی داگیرکردنی خاکە بێ دەسەڵاتەکانی ڕۆژهەڵاتیان هەیە. بەئەوروپاییەکان دەڵێن: ئاسیا هی ئاسیاییە. نابێ ئەوروپایی داگیری بکات. سا بۆیە ئەمە دوو ساڵە پەلاماری چین دەدا. چینییەکان (٤٠٠) ملیۆن کەسن. ژاپۆنیا دەیەوێ خاکەکەیان داگیر بکات!...

جاری پێشوو گوتمان: ئەگەر ئەمریکای ژووروری یەکدگیر بچێتە شەڕەوە، لە پێشییەوە (ژاپۆنیا) هەیە. ژاپۆن و ئەمریکاییەکان دوژمنی گیانین. بەتەمای سەر و پۆتەڵاکی یەکترین. جا ئەگەر لە داگیرکردنی چین ببێتەوە و، شەڕیش هەروا زوو نەبڕێتەوە، گومان نییە کە ژاپۆنییەکانیش لە قینی ئەمریکاییەکان لەگەڵ ئەڵمان و ڕووس و ئیتاڵیاییەکاندا دەبن بەیەک. جا ڕۆژێک دێ ئەمەیش بەچاوی خۆمان ببینین. جاری هەرە پێشوو گوتوومان ڕەنگە ئیتاڵیەکان بچن بەگژ ئینگلیز و فەرەنسزەکاندا. وا ئیمڕۆ ڕادیۆ پێمان دەڵێ: کە ئەوانیش چوونەتە شەڕەوە و، یەخەی فەرمانڕەواییە سوێنخوارەکانیان گرتووە. ئەوا بەم ڕەنگە شەڕ، بەرەبەرە لە ڕۆژهەڵات و خاکەکانی ئیسلامی نزیک دەبێتەوە. ئەم جارە بێتەوە لەمەیش دەدوێین.

## لەشخۆشی

ئەگەر دەتەوێ لەشت سووک بێ، وەها بنوو:

١- مەهێڵە بچێتە چاوت، لە جێگەکەتدا ڕابکشێ.
٢- پێش نوستن خواردنی گران مەخۆ. نووسراوی گران مەخوێنەرەوە بەشتی ناخۆشەوە خۆت خەریک مەکە.
٣- شەو و ڕۆژی لە هەشت سات کەمتر مەنوو. ئەگەر منداڵیشیت لە دە سات کەمتر مەخەوە.
٤- پێش نیوەشەو بەدوو سێ سات بنوو. بەیانیان زوو هەڵسە لە خەو.
٥- لە ژووری نووستنەکەتدا، پەنجەرەیەک بکەرەوە. شتی بۆنداری تێدا دامەنێ. قاووقیژی لێوە نزیک نەبێ. ڕووناکی زۆر تێ نەبێ.
٦- پێخەفەکەت نەرم و نۆڵ و پاک و خاوێن بێ. ئەگینا نەخۆش دەکەویت.

***



# خورماڵ

ژمارە: (٥)
ڕۆژ: ١٩٤٠/٦/١٧

## هەواڵی خورماڵ

خوێندنگای خورماڵ

شەوی سێشەممەی پێشوو شاگردەکانی خوێندنگای خورماڵ خوێندنەکانیان لێ پرسرایەوە. (کەریمەڵڵای وێردی)یان بەیەکەم دەرچوو. دەسەسڕێکیان پێشکەش کرد.

ئاگر بەربۆتەوە

حەفتەی پێشوو ئاگرێکی بێ سامان لەملا و لەولای ڕێگای (کەنی زەرد)ەوە لە لادێی خورماڵدا بەربووەوە. پیاوێکی سووتاندبوو. زیانێکی زۆریشی لە پاوان و دەغڵودانی ئەو گوندانەی لای شانەدەرییەوە دابوو. خودا تۆڵە بۆ ئەو لادێییە کلۆڵانە بکاتەوە.

ڕادیۆ

ئەمە سێ شەوە ڕادیۆکەی کارگێڕی لادێی خورماڵ، (شاکر فەتاح) دەهێنرێتە ناو ئەو باخچەیەوە. لادێییەکانی گوندی خورماڵ و فەرمانبەرەکان لەم لا و لەولای کۆ دەبنەوە و بەدڵ گوێ دەدەنە هەواڵەکان و ساز و ئاوازە خۆشەکانی. لەولایش هەر حەفتەی دوو جار ئەم ڕادیۆیە دەهێنرێتە ئێرە بۆ دڵخۆشکردنی خەڵکەکەی خورماڵ.

بپرسە و پێت بڵێم

(ش) ناوێک ئەمەی لێ پرسیوین: ئەوەتی شەڕی ١٩٤٠ دەستی پێ کردووە شەکر ڕۆژ بەڕۆژ گرانتر دەبێ. پێم ناڵێن لەبەر چییە؟.

ڕۆژنامەی خورماڵ: بەشی زۆری ئەو شەکرانەی بۆمان دێت لە ئەوروپاوە، هی فەرمانڕەوایی (بەلچیکا)یە. پاپۆڕەکانی ئەم فەرمانڕەواییەش بەناو ئەو دەریایانەدا دەڕۆن کە ئەڵمان و ئینگلیز و فەرەنسزەکان تێیاندا پەلاماری کەشتیی یەکتر دەدەن. ئەمە لەوێ بوەستێ لەم مانگەی پێشووەیشدا ئەوە بوو: ئەڵمانەکان (بەلچیکا)یان داگیرکرد. ئیتر شەکری بەلچیکا بەگران لە دەست فەرمانڕەواییە سوێندخوارەکان ڕزگاری دەبوو و، بێ خەم نەدەگەیشتنە ئێمە. جا لەبەر ئەم دوو هۆیە شەکر گران کراوە. بەڵام هەرچۆنێک بێ نەدەبوو شەکر ئەمەندە گران بکرێ. چونکە عێراق بەتایبەتی کوردستانەکەی بەشی سێ ساڵی تریان شەکر هەیە بۆ خواردن. کەواتە هەر هۆی دڵڕەقیی بازرگان و دووکاندارە دەوڵەمەندەکانمانە، کە خودا ناناسن و بەزەییان بەبێ کەس و هەژاردا نایەتەوە و لەم کاتە تەنگانەیەدا بەهەلی دەزانن وا شەکر گران دەکەن. بەڵام زۆرداری، زۆرداری لە دووە. ڕۆژێک دێ خودا ئەم خراپەیەیان دەهێنێتەوە ڕێ. چاویشت پێی دەکەوێ!...

## ناسکەقسە و وتاری خۆش

پێشینان گوتوویانە:

- چاکە بۆ خوێش، نەک بۆ دەروێش.
- دیواریش گوێی هەیە.
- سوار تا نەگلێ نابێ بەسوار.
- تا ماڵ خۆ دزی گرت، دز ماڵ خۆی گرت.
- لە هاتوچۆ و کڕین و فرۆشتندا پیاو دەردەکەوێ.

منیش دەڵێم:

١- دووڕوو، بەسەرزاری: زارییەتی، لە پاش ملە تلی لیلی!.

٢- لێرە تێر برسیترە لە برسی، خوێندەوار بەهاوارترە لە نەخوێندەوار.

«شاکر فەتاح»

شێخ ڕەزا دەڵێ:

قەومەکان بەو خوایە وا حوکمی لەسەر بەحر و بەڕە
بەرخە نێرێ گەر نەنێرێ هەر کەسێ صاحب مەڕە
دێم بەگـڕیا دەیدڕم گـەر في المثـال شـێـری نەڕە
با نەقـەومـێت و نەزانن ئەم هەمـوو شـۆڕ و شـەڕە
گشت لەسەر بزنی شەل و کاوڕی گەڕ و بەرخی لەڕە

## پێکەنینی خورماڵ

میرزا غەفور

سەردەمێ میرزا غەفور کار و فەرمانی ماڵی کارگێڕی دەبینی. بەڵام لەسەر کەمتەرخەمی دەستی لە فرمان کێشرایەوە ڕۆژێکیان میرزا و کارگێڕ لووتیان بوو بەلووتی یەکترەوە. کارگێڕ لێی پرسی: «میرزا ئێستاکە چۆنی؟ خودا بکەم گوزەرانت لە جاران باشتربێ». میرزایش کوتوپڕ پێی گوت: «خودا بیبڕێ!... لە سایەی سەری تۆوە باخەڵم فلسێکی تێدا نییە!» کە میرزا ئەوەی گوت گوێگران دایانە قاقای پێکەنین. کارگێڕیش بەڵێنی دایێ فرمانێکی باشی بۆ بدۆزێتەوە.



## شوێنە خۆشەکانی کوردستان

هەورەمان

کاکەی لادێیی! دڵت لە خۆت نەمێنێ ئەم هەورامانەی لە لادێکەتدایە، یەکێکە لە هەرە شوێنە پەسندەکانی کوردستان. بێگانان لە هاویندا لە شوێنی دوور، دوورەوە، دێن و پارە بەخت دەکەن و خۆیان بەهاتوچۆی ڕێگاوبانەوە ماندوو دەکەن، تا بگەنە ئەم هەورامانە ڕەنگینە و، تێر سەیری دەستکردی پەروەردگار، بکەن، کە بە چ شێوەیەک ئەم هەورامانە خۆشەویستی ئێمەی ڕازاندۆتەوە. ئایا چ شوێنێک هەیە هێندە کێو و کەژی شەنگ و شۆخ و جوان و ڕەنگینی هەبێ؟... چەند جێگای وا هەیە، هێندە ئاوی سازگار و، بای فێنک و، چیمەن و لالەزار و، مێرگ و مێرخوزار و، باخ و بێستانی پڕ میوەی زەرد و سووری تەڕ و تازە و ترش و شیرینی هەبێ؟... چەند لای وا هەیە هێندە گوندی وا ئاوەدان و، خانووبەرەی وا ڕێکوپێک و، پیاوی وا کردەوە شیرین و کارگوزاری هەبێ؟.

## لەشخۆشی

پاک و خاوێنی

١- تا دەتوانیت، شتی پاک بخۆ. لە شتی پاکدا بخۆ و بخۆرەوە.

٢- بەرگت پاکبێ. لەشت پاک بێ. پێخەفت و ناوماڵیشت خاوێن بن.

٣- هەروەها دڵ و دەروونیشت پاک و خاوێن بن.

## هەواڵی دەرەوە

فەرمانڕەوایی گەورەکان

جا ئێستا دەمەوێ هەرچیم لە ڕۆژنامەکانی پێشوودا نووسیوە بەکورتی بیخەمەوە پێش چاوت. تا باش لە هەواڵی جیهان شارەزا ببیت فەرمانڕەوایی گەورەکانی جیهان ئەمانەن: بەریتانیا، فەرەنسا، ئەڵمانیا، یەکێتی سۆڤیێت، ئیتاڵیا، ئەمریکای ژووروویی یەکدگیر، ژاپۆنیا. واتا حەو فەرمانڕەوایین. شەڕوشۆڕی ئەم سەردەمە چاو برسێتی و بەربەرەکانێی ئەمانە هەڵی گیرساندووە. فەرمانڕەواییە بچکۆلە بەسەزمانەکانیش یان بێ لایەنن، یاخود بوونەتە دۆستی یەکێک لەم دوولایە. ئێستە ئینگلیز و فەرەنسزەکان بێجگە لەو خاکانەی کە ڕاستەوڕاست لەژێر چنگی خۆیاندان، عێراق و سووریە و میسر و سعودیبیەیشیان لەگەڵ. لەولایشەوە ئیتاڵیا و ئەڵمانیا بەرامبەریان وەستاون لەگەڵ خاکە داگیرکراوەکاندا کە بەم زووانە گرتوویانن یەکێتیی سۆڤیێتیش کەمەری دۆستایەتیی لەگەڵ بەستوون. تورکیا و ئەفغانستان و ئێران، لەلایەکەوە دۆستی گیانی یەکێتی سۆڤیێتن، چونکە یەکێتی سۆڤیێت چاکەی

بەسەریانەوە هەیە. لەلایەکی تریشەوە دەست تێکەڵییان لەگەڵ بەریتانیادا هەیە. جا هێشتا دیاردیی نەداوە بەچ لایەکدا دەچەسپێن.

لەم ڕۆژانەدا ڕادیۆ پێمان دەڵێ: ئینگلیزەکان لە گەلێک لاوە هوروژمیان بردۆتە سەر ئیتاڵیاییەکان زیانیان لێ داون هەروەها ئیتاڵیاییەکانیش هوروژمیان بردۆتە سەر ئینگلیزەکان و زەبریان پێ گەیاندوون. ئێستە میسر لە هوروژمی ئیتاڵیا دەترسێ. خۆی کۆکردۆتەوە بۆ شەڕ.

ئەڵمانەکان فەرەنسزەکانیان تەنگەتاو کردووە، نزیکی (پاریس) بوونەتەوە. فەرمانڕەوایی فەرەنسە خەریکە پایتەختەکەی، لە (پاریس)ەوە، بگوێزێتەوە بۆ شاری (بۆردۆ). ئینگلیزەکان پەیتا پەیتا لەشکر دەنێرنە یارمەتی فەرەنسزەکان. فەرمانڕەوایی ئەمریکای ژووروی یەکدگیر دایناوە، هەر چەندێک فەرەنسز و ئینگلیزەکان پێویستیان بێت، چەک و تۆپ و بۆمبا و کەشتی و فڕۆک و ئۆتۆمبیل و پارەیان بۆ بنێرێ. دوێنێ لەشکری یەکێتیی سۆڤیێت هوروژمی بردۆتە سەر فەرمانڕەواییە بەسەزمانەکەی (لیتوانیا) کە دراوسێی ئەو و ئەڵمانیایە.

***

# خورماڵ

ژمارە: (٦)

ڕۆژ: ١٩٤٠/٦/٣٠

## هەواڵی خورماڵ

کارگێڕی خورماڵ

لە ١٩٤٠/٦/٢٠دا کارگێڕی لادێی خورماڵ، (شاکر فەتاح) چووە دێی (گرێژە)، بۆ جیاکردنەوەی سنوورەکەی و دانی زەوییەکانی بەپیاوەکانی (حەمەی ئەوڕەحمان ئاغا) کە بەکرێی گرتوون لە میری بۆ ماوەی شەش ساڵ. لە ڕۆژی ١٩٤٠/٦/٢٢دا گەڕایەوە خورماڵ.

یاریدەدەری کارگێڕی باڵبازی هەڵەبجە

ڕۆژی ١٩٤٠/٦/٢٣ (عبدالصمد)، یاریدەدەری کارگێڕی باڵبازی هەڵەبجە، بۆ کاروباری دەزگاکەی هاتبووە خورماڵ و گەڕایەوە.

ڕۆژی ١٩٤٠/٦/٢٨ (حەمەی ئەمین) فەرمانبەری بنکەی باڵبازی هەڵەبجە بۆ بینی خورماڵ و گەڕاوەکەی بەخۆی و خێزانییەوە هاتبووە خورماڵ و گەڕایەوە.

تکا

چونکە شاکر فەتاح سەرنووسەری ئەم ڕۆژنامەیە لە ڕۆژی (١٩٤٠/٦/٢٢)ەوە تا ئیمڕۆ هەر نەخۆش بوو لە جێگادا، دەرچوونی ڕۆژنامەکەمان دواکەوت تکا لە خوێندەوارانی خۆشەویست دەکەین بمانبەخشن.



پیتاک

ئەم پیاوە بەڕێزانەی لە خوارەوە ناویان براوە پیتاکی باخچەی گشت لاییی خورماڵیان کردووە. لە کانی دڵەوە سوپاسیان دەکەین

| فلس | |
|---|---|
| ٥٢ | کوێخا فەتاحی کوێخا مستەفای خورماڵ |
| ٥٠ | ئەحمەدی مستەفای خورماڵ |
| ٥٠ | کاکە حەمەی ڕەوانسەری خورماڵی |
| ٥٠ | ئەحە کۆستەی خورماڵی |
| ٥٠ | وەستا تۆفیقی بەرگدرووی خورماڵی |
| ٥٠ | حەمە عەلی ئەمین قۆڵچیی خورماڵ |
| ٣٠٢ | هەموو |
| ٤٠٠ | پیتاکی پێشوو |
| ٧٠٢ | گشت پیتاکی مانگی خەرمانانی/ ١٩٤٠. |

بەختکردن

بۆ باخچەی گشت لاییی خورماڵ، لەم مانگەدا ئەم شتانەی خوارەوە کڕاون:

| فلس | |
|---|---|
| ٤٠٠ | دوو فانۆسی ئەمریکایی بەئەحمەدی مستەفا خورماڵی دراوە. |
| ٢٥٠ | کرێی باخەوان، حەکیم قادر بۆ مانگی خەرمانانی/ ١٩٤٠. |
| ٤٠ | پڵیتە و نەوت و گەزێک مەندیل بۆ خوێندنگای خورماڵ بەکوێخا فەتاح دراوە. |
| ٥٩٠ | هەمووی |

کەواتە ئەوەی لەم مانگەوە بۆمان پاشەکەوت بووە هەر (١٢) فلسە.

## ناسکەقسە و وتاری خۆش

پێشینان گوتوویانە:

* پرسابە و زانابە.
* تۆبەی گورگ مەرگە.
* نان بۆ نانەوا و گۆشت بۆ کوشتیار.
* برامان برایی و باخەڵمان جیایی.
* قسە کە کەوتە زارێ، کەوتە شارێ.

عەبدوڵڵای حەسەن گوتوویە:

ئەوە نان نەبوو تۆ دات وە بەنە
وە هەوڵی قووڵ و وەزۆری چەنە
چەند ساڵ لەسەر یەک ڕەمەزانم گرت
وەنان و وەئاو پارشێوم دەکرد
وە گەلێ دەدەی ماینی مەحنک
وە منت نەدا کەلاشێکی چەک
ژێرم خاک دەکەی، سەرم سەنگ دەکەی
ئەمن دەنگ ناکەم، ئەتۆ دەنگ دەکەی.

عەبدوڵڵای حەسەن:

دەزانیت ئەم عەبدوڵڵای حەسەنە کێیە؟ ئەگەر نازانیت لە تیرەی (نەورۆڵی)ی (جاف)ە و خەڵکی دێیەکی ئەم ناوەی ئێمەیە. لە سەردەمی بوێژی گەورە (مەولەوی)دا ژیاوە. هەرچەندە نەخوێندەوار بووە، بەڵام بوێژێکی ڕاستی پەرست و گیانبەرز بووە. لەبەر ئەوە (مەولەوی) زۆری خۆشویستووە. تا ما هەر بەهەژاری و باخەوانی ڕایبواردووە.

## پیاوە بەناوبانگەکانی خورماڵ

خان ئەحمەد خان

«لە مێژووی کورد و کوردستانی ئەمین زەکی بەگەوە وەرگیراوە».

(خان ئەحمەد خانی زەڵم) یەکێکە لە میرانی فەرمانڕەواییە گەورە و بەهێزەکەی (ئەردەڵان). فەرمانڕەوایی ئەردەڵان لە فەرمانڕەواییە هەرە گەورە و بەچنگەکانی ناو کوردستانی ئێران بووە. لە ژینێکی (٦٥٠) ساڵی پتر (٢٠٠) ساڵی بەسەربەخۆییەکی تەواوەوە و، ساڵەکانی تریشی هەرچەند بەپشتیوانی تورکەکان یاخود ئێرانییەکانەوە بەسەر بردووە، بەڵام لەناو خاکەکەی خۆیاندا هەر خۆیان گەورە و بەدەست بوون، تا مردنی (خان ئەحمەد خان). پارە بەناوی: فەرمانداراەکانیانەوە لێ دراوە. وتاری ڕۆژانی هەینیش لە مزگەوتەکاندا هەر بەناوی ئەوانەوە خوێندراوەتەوە. بام بێینەوە سەر باسی خان ئەحمەد خان. فەرمانڕەوایی ئەردەڵان لە سەردەمی ئەم میرە زرنگ و چالاکەدا: (موکریان، ڕەواندز ئامێدی، کۆیە، هەریر، شارەزوور، کەرکووک)ی خستە ژێر چنگی خۆیەوە. بەهۆی هێز و دەسەڵاتی خان ئەحمەد خانەوە، فەرمانڕەواییە گەورەکەی ئەردەڵان (٢٠) ساڵێک لەناو سەربەرزی و پایە بڵندی و بەختیاری و دەوڵەمەندیدا سنووری خۆی پاراست، کە لە ڕۆژئاوای ئامێدییەوە دەستی پێ کرد تا سنووری کرماشان و هەمەدان و، لە لوڕستانیشەوە دەهات تا دەگەیییە (گۆلی ورمێ). خان ئەحمەد خان ئەوەندە دووربین و هونەرمەند بووە، دڵی (شاه عەباس)ی ئێرانیشی کێش کردووەتە لای خۆی و کردوویێتی



بەپشتیوانی خۆی. تەنانەت (شاه عەباس) خوشکی لێ مارە کردووە.

لە هەموو دەمێکدا پیاوی گەورە دوژمن و ناپاکی بۆ دەچێتە کەلێنەوە خان ئەحمەد خانیش لە خزم و سەرکردەکانی خۆی چەند کەسێکی ناپیاویان لەژێرەوە دەستیان لەگەڵ تورکەکانی دوژمنی خان ئەحمەد خاندا تێکەڵ کرد و لەگەڵ (خەسرەو پاشا)ی سەرەک کاربەدەستی تورکدا، لە کەرکووکەوە هێرشیان هێنایە سەر خاکە نازدارەکەی ئەردەڵان. (خان ئەحمەد خان)یش هەرچەندە لەگەڵ لەشکرێکی (٤٠,٠٠٠) کەسی خۆی و ئێرانییەکاندا چوو بەگژیاندا، بەڵام بەهۆی هەڵەیەکی خۆیانەوە شکان و، ئیتر پایتەختەکەی ئەردەڵان کە قەڵای (حەسەن ئاوا) بوو و، نیشنگەی خان ئەحمەد خان خۆی بوو کەوتە دەست تورکەکانەوە. ئەمانیش بێ جەرگانە وێران و تاڵانیان کرد. لەگەڵ ئەمەیشدا کە خەسرەو پاشا گەڕایەوە (مووسڵ) خان ئەحمەدخان نەیکردە نامەردی، هەڵی کوتایەوە سەر (شارەزوور) و داگیری کردەوە. ئەو دەمە ساڵی (١٦٣١)ی زایینی بوو. دەڵێن (شاه سەفا)ی ئێرانی، ناپیاوانە چاوی کوڕێکی خان ئەحمەدی خان هەڵکۆڵیبوو. لەبەر ئەوە ئەمیش ڕووی لێ وەرگێڕان و پەنای بردە بەر تورکەکان. (سوڵتان عوسمان)ی تورکیش لە (مووسڵ)دا دایمەزراند. خان ئەحمەد خان لە ساڵی (١٠١٤/ک)دا فەرمانڕەوایی ئەردەڵانی کەوتە دەست، ئیتر فەرمانڕەواییەکە، لە پاش ئەو خۆی نەگرتەوە، تا لە ساڵی (١٢٨٤)ی کۆچیدا لە ناوچوو. خودا خزم و سەرکردە خراپەکانی بگرێ!!...

## هەواڵی دەرەوە

فەرەنسا و ئەڵمانیا

* لەم چەند ڕۆژانەی دواییەدا ئەڵمانەکان گەلێ شوێنی ناوداریان لە فەرەنسەدا گرت و، هاتنە (پاریس) پایتەختە شیرینە نازەنینەکەی فەرەنسەوە، پاش ئەوە بۆ ئەمەی، تا کەمەری ئاشتی دەبەسترێ، شەڕ بوەستێنرێ، ئەڵمان و فەرەنسزەکان لەسەر ئەمانە ڕێککەوتن. فەرمانڕەوایی (بۆردۆ)ی فەرەنسە، کە بەژێردەستی ئەڵمانەکان دادەنرێ ئەمەی پەسند کرد. بەم پێیە: فەرەنسزەکان هەر چەکێکی زەمینی و بایی و زرێییان هەبێ، دەبێ لەگەڵ شەمەندەفەر و ئۆتۆمبیل و ڕێگا و هەوارگەی جەنگی و قەڵاکاندا بیدەنە دەست ئەڵمانەکان. دەبێ لەهەر شوێنێکەوە ئەڵمانەکان بیانەوێ فەرەنسە ڕێیان بدات لەوێوە لەشکر بنێرنە سەر بەریتانیا. پاش ئەوە هەرچی گوێ زرێی چوار لای فەرەنسە هەیە، لەگەڵ ئەسکەلە و بەندەرەکاندا بدرێنە دەست ئەڵمانەکان. نابێ لەلایەن فەرەنسزەکانەوە هیچ شتێک ڕووبدات و بکرێت. دەبێ ئەو خاکانەیش کە لەژێر چنگی فەرەنسزەکاندان ئەم پەسند بکەن و بەرامبەر ئەڵمانیا دوژمنایەتی نەنوێنن.

* لەشکری یەکێتی سۆڤییێت، (بەسارابیا)یان لە (ڕۆمانیا) داگیر کردووە.

* ئینگلیزەکان زیانێکی زۆریان لە شار و قەڵا و ڕێگاوبانەکانی ئەڵمانیا داوە. ئەڵمانەکانیش چەند جارێک بۆمبارانی خاکی ئینگلیزیان کردووە.

* کاربەدەستی کاروباری دەرەوەی عێراق چۆتە (ئەنقەرە) بۆ کاروباری زرنگکاری.

# خورماڵ

ژمارە: (٧)

ڕۆژ: ١٩٤٠/٧/٤

## هەواڵی خورماڵ

دزی ڕاکردن

(شێخ جەلال) سندووق پارێزی ناوچەی هەڵەبجە لە ١٩٤٠/٦/٣٠دا بەخۆی و هەزار دینار پتری گەنجینەی ناوچەی هەڵەبجەوە لە ڕێگای (بیارە)وە ڕای کردە ئێران. بیستوێتییەوە کە لە فەرمان دەستی دەکێشنەوە. بێجگە لەوە لە سندووقەکەیشدا چەند دینارێک کورتی هێناوە. لە ڕۆژی ١٩٤٠/٧/١دا بەهەموو لایەکدا فەرمانبەرانی بنکەکانی باڵبازی باڵبازیان بەدوایدا نارد کارگێڕی دارایی و یاریدەدەری کارگێڕی باڵبازیش چوونە بیارە، دوایی وا دەرکەوت شەوێک لە بیارەدا ماوەتەوە. بەیانیش لەوێ ناشتای کردووە. ئینجا چۆتە ئێران. ڕۆژی ١٩٤٠/٧/٢ کە سندووقی ناوچەی هەڵەبجەیان شکاند (شێخ جەلال) هەزار و چەند دینارێکی تێدا بەجێ هێشتبوو، نەیبردبوو نووسرا بۆ ئێران کە دەردەستی بکەن و بینێرنەوە بۆ عێراق.

هاتوچۆ و پیتاک

بۆ بینینی خورماڵ بۆ سەرلێدانی کارگێڕی خورماڵ لە هەڵەبجە گەلێک دۆست و خۆشەویستان لە ڕۆژی ١٩٤٠/٧/١دا هاتنە خورماڵ. پاش نەوازش و ستایشیان چووبوونە باخچەکە، گەلێک دڵیان پێی خۆش بووبوو. یەکە یەکە وەک لە خوارەوە نووسراوە پیتاکی باخچەی گشت لاییی خورماڵیان کردبوو. ئێمەیش بەدڵ سوپاسی نیشتمانپەروەری و پیاوەتییان دەکەین:

| فلس | |
|---|---|
| ١٠٠ | ئەحمەد حەمە ساڵح – ئەندامی پێشووی کۆڕی نەتەوە. |
| ٠٥٠ | مینەی مەلا برایم – دووکاندار |
| ١٠٠ | مەلای ئۆتۆمۆبیلچی |
| ٠٥٠ | شێخ تەیب – نووسیاری لادێی هەڵەبجە |
| ٠٥٠ | ڕەئووف سەعید – نووسیاری لادێی وارماوا |
| ٠١٠ | وەستا ڕەشیدی بەرگدروو |
| ٠٢٠ | سکاڵانووس – جەمال محێدین |
| ٠٢٠ | برین پێچی وارماوا – ڕەزا |
| ٠٥٠ | شێخ مارف و وەستای کاتژمێر |



| | |
|---|---|
| ٤٥٠ | هەمووی |
| ٠١٢ | پاشەکەوتی مانگی پێشوو |
| ٤٦٢ | گشتی |

بەختکردن

لەم پارەیە ئەمانە کراون:

| فلس | |
|---|---|
| ٢٥٠ | دراوە بەحەمەی عەلی ئەمین دارتاش کە حەلی خۆی دارتاشی بۆ خوێندگای خورماڵ کردووە و (٢٥٠) فلسی لەسەرمان مابوو. |
| ١٦٠ | دراوە بەحەبیبی دووکاندار بۆ تەنەکەیەک نەوت بۆ چراکانی باخچەکە و خوێندنگاکە. |
| ٤١٠ | گشتی |

کەواتە پاشەکەوتمان (٥٢) فلسە.

## بپرسە و پێت بڵێم

کورد چۆن پێشدەکەوێ

ئەم پرسە هەڵەبجەیی: سکاڵانووس (جەمال محێدین) لێی کردووین، وا لە خوارەوە وەرامی دەدەینەوە.

«پێشکەوتنی نەتەوەی کورد بەستراوە بەپەیدابوونی گەورەیەکی کاربەدەستی واوە کە تێگەیشتوویی و ئازایی و دەس و دامێن پاکی و دادخواهی لە کردەوە جوانەکانی بێ. هەر ئەم جۆرە گەورەیەیە کە بتوانێ زامی سارێژ بکات و، دەربەدەرەکانی کۆ بکاتەوە و هەژارەکانی دەوڵەمەند بکات و، نەخوێندەوارەکانی پێ بگەیێنێت و، لەسەر ڕێگای ڕاستەوە پێشی بخات، تا دەیگەیێنێتە هەوارگەی گەشایش و بەختیاری، گەلی کورد هەر لە ڕانەمەرێک دەکات، کە شوانەکەی نەمابێت. ئایا بۆ پاراستن و کۆ کردنەوە و قەڵەوکردن و گەیاندنەوە بەهەوار لە شوانێکی دڵسۆزی زرنگی بەکار بەولاوە کەسێکی تر ئەمەی پێ دەکرێ؟»

## پێکەنینی خورماڵ

من بۆ ڕۆژێکی وا دەگەڕام

کارگێڕی لادێی خورماڵ بەبرینپێچی خورماڵی گوت: «نازانم چۆن لە چاکەی تۆ دەربچم، ئەمەندە بەدەست دەرمانکردنی دەست و قاچەکەمەوە گیرت خواردووە و ماندووبوویت؟».

(حلمی)یش کوتوپڕ لە دەمی دەرپەڕی و گوتی: «من خودا خودای ڕۆژێکی وامە کە تۆ نەخۆش

بکەویت و چاکەت بدەمەوە. ئەگینا چۆن پیاوەتیت لەگەڵدا بکەم؟!».

دووپشک و فەریکەنۆک

(حلمی) کە هەرچی ناوی دەرمانی پیرێژنانە بهێنێت دەچێ بەگژیدا، لەم ڕۆژانەدا ویستبووی یاری بەدووپشکێک بکات هێنابووی بزمارێکی کەوشی بەپشتدا چەقاندبوو. ئەویش نەیکردبووە نامەردی بەسەری پەنجەی (حلمی)یەوە دابوو. لە پاش لە هۆش خۆچوون بەساتێک (حلمی)یان دیبوو، پەنجەی لە گەڵا تووتن و خەنە گرتووە و، بەپەڕۆیەکی کراسی پیرێژنانە پەنجەی پێچاوە!... لە هەمووی خۆشتر ئەوەیە بۆ ئەمەی ئازارەکەی لەبیر بچێتەوە، چووبووە ئەو نزیکانەوە، تا ئێوارێ فەریکەنۆکی خواردبوو؟

## شوێنە خۆشەکانی کوردستان

سۆلاف

بەوبەر (ئامێدی)یەوە، سەیرانگایەکی ڕەنگینی خۆش هەیە، میری و خەڵکی کردوویانەتە هاوینەهەوار. ساڵی بەهەزاران کەس لە گەرمیانەوە ڕووی تێدەکەن. ئەم شوێنە (سۆلاف)ە. بۆیەکا پێی دەڵێن سۆلاف، چونکە تاڤگەیەکی گەورە و بڵند لە شاخەکەی سەر ئامێدییەوە دێتە خوارەوە. هەروەکو چاو ڕوون دەکاتەوە، ئەو باخانەیش ئاوا دەکاتەوە.

نووسەری ئەم ڕۆژنامەیە، (شاکر فەتاح) لە ساڵی ١٩٣٦دا چووبووە ئەوێ. لە خۆشی سۆلاف ئەمەی گوتبوو:

سۆلاف ڕوخسارت، سۆلاف ڕوخسارت
سۆلاف ڕەنگینی هەردە و کۆهسارت
کام زەردەخەنە وێنەی هەڵاتن
ڕۆژی سەرکەلی بەیانیانتە؟!...
کام خاڵ وێنەی خاڵ سەر کێوانتە؟
کام چاو بەجوانی وەک چاوانتە؟
کام سوخمە و کەوا، کراس و دەسماڵ
ئارایش دەدا وەک دارستانت؟
کەی زرنگەی بازن، قەتارە خرخاڵ
دەگاتە هاژە و خورەی ئاوانت؟
سۆلاف ڕوخسارت، سۆلاف ڕوخسارت
سۆلاف ڕەنگینی هەردە و کۆهسارت
بۆنە خۆشەکەی بای بەیانیانت
زەرپۆشی دڵگیر چاوەئەندازانت



باوەشێن بەدەست دارچنارانت
نەی و ساز بەدەم کەوی ڕەزانت
تافەی سۆلاف، خوڕەی چەمانت
وشەی سەوزە گیات، سروەی دارانت
ئاوی سازگار، میوەی باخانت
هێندەی ڕازاندوویت، کچی خوا کردووم
چاوبەستت کردووم، دڵ مەستت کردووم
سەربەستت کردووم، سڵ لە کەس ناکەم
هەرگیز ئازاری جیهان بیر ناکەم!

***

سۆلاف ڕوخسارت، سۆلاف ڕوخسارت
سۆلاف ڕەنگینی شێوەی کۆهسارت
هێندە لە دڵم کاری کردووە،
شەقامی ژینمی ڕۆشن کردووە،
سوێند بەو ئێزەدەی دروستی کردووی،
وەها جوامێر و تەڕدەستی کردووی
دڵخواستم وایە تاکو دەمێنم،
ڕووخۆش بم وەک تۆ کەس نەڕەنجێنم

## لەشخۆشی

خۆشتن

ئەگەر لەش سووکیت دەوێ وەها خۆت بشۆ:
١- ئەگەر دەتوانی ڕۆژ بەلفکە و سابوون و ئاوی گەرم خۆت بشۆ.
٢- ئەگەر دەتوانی هەموو ڕۆژ بەئاوی سارد خۆت بشۆ.
٣- ئەگەر پێت ناکرێ، یاخود بەرگە ناگریت، لە زستاندا حەفتەی جارێک، لە هاوینەدا حەفتەی دووجار: بەلفکە و سابوون و ئاوێکی باش خۆت بشۆ.

## هەواڵی دەرەوە

ئینگلیز و ئەڵمان و ئیتاڵیا

ڕۆژی ٢/٧/١٩٤٠ ئینگلیزەکان، هوروژمێکی گەورەیان بردۆتە سەر ئەڵمانیا. چەند شارێک و پاپۆڕێکی ئەڵمانەکانیان بۆمبابارانو ئاگرباران کردووە یەکێک لەوانە شاری (کێل) و پاپۆڕە

(٢٦,٠٠٠) تەنییە بەناوبانگەکەی ئەڵمانیایە کە (شانهورست)ی پێ دەڵێن. لەم هورووژمەدا لە فڕۆکەکانی ئینگلیز چواریان نەهاتوونەتەوە.

ئەڵمانەکانیش بۆمبارانێکی ڕۆژهەڵاتی ژووررووی بەریتانیان کردووە. چوار زەلام و دوو منداڵیان لێ کوشتوون. شەست کەسیشیان لێ بریندار کردوون. ئینگلیزەکان چوار کەشتی ژێر زرێیان لە ئیتاڵیاییەکان داگیر کردووە.

یەکێتی سۆڤییێت و ڕۆمان

لەشکری یەکێتی سۆڤییێت ناوچەکانی (بۆکۆڤیا) و (بەسارابیا)یان لە ڕۆمانییەکان داگیر کرد. فەرمانڕەوایی ڕۆمانیا داوای ناوبژیکردن و ڕێککەوتنی لە فەرمانڕەوایی سۆڤییێت کردووە. ئەویش گوتوویەتی: دەبێ لە ماوەی چوار ڕۆژدا (بۆکۆڤیا) و (بەسرابیا)مان بۆ چۆڵ بکرێ، ئینجا دەکەوینە گفتوگۆوە ئیتاڵییەکان بەم داگیرکردنەی لەشکری یەکێتی سۆڤێتییە زۆر شڵەژاون. هەروەها مەترسییان لە پێشکەوتن و هێز سەندنی ئەڵمانەکانیش هەیە.

***

# خورماڵ

ژمارە: (٨)
ڕۆژ: ١٩٤٠/٧/٨

## هەواڵی خورماڵ

شێخ جەلال

(شێخ جەلال)ی سندووقپارێز هەر ئەو ڕۆژەی کە ڕایکردبوو چووبووە (قەڵای هانە گەرمەڵە). لە پاش ئەمەی هەندێک پارەی بە(سەلجووقە)کەیان دابوو، لەسەر خواستی خۆی ناردبوویانە (نەوسوود) (قۆمیسەری نەوسوود) نووسیویەتەوە بۆ قائیمقامی هەڵەبجە کە (شێخ جەلال)مان پشکنی تەنیا سی دیناری پێ بوو. ئێستە هەڵەبجە بەم دزێتی و هەڕاکردنەی (شێخ جەلال)ەوە شڵەژاوە. (وردەکار= مدقق)ێک لەلایەن کاربەدەستی داراییییەوە نێرراوە بۆ پرسش و لێ وردبوونەوەی ئەم کارەساتەی (شێخ جەلال).

هاتوچۆ

ڕۆژی ١٩٤٠/٧/٥ (شێخ محەمەدی دادگەر و (عەبدولحەمید)ی یاریدەدەر و (حسان هیلال)ی پزیشکی هەڵەبجە، بۆ هەواڵ پرسینی کارگێڕی خورماڵ و هەندێک کاروباری مووچەدان بەباڵبازەکان هاتنە خورماڵ. پاش بینینی گەڕاو و باخچەی گشت لاییی خورماڵ و میوانداری کردنیان چوونەوە هەڵەبجە. سوپاسیان دەکەین.



پیتاک

ڕۆژی ١٩٤٠/٧/٤ لەلایەن (عزەتی حەمە ساڵح)ەوە (٥٠) فلس، لەلایەن (حەبیبی) دووکاندارەوە (٣٠) فلس پێشکەشی باخچەکە کرا. خودا ڕاگیراویان بکات. وا لەگەڵ پاشەکەوتی پێشوودا کە (٥٢) فلس بوو، بووە (١٣٢).

## بپرسە و پێت بڵێم

هەڵەبجە/جەمال محێدین: لە هیچدا نیم. زۆر کەس بەخراپم دادەنێن چی بکەم لەم بەدناوییە ڕزگاربیم؟

ڕۆژنامەی خورماڵ: وا دەردەکەوێ هەڵسان و دانیشتن و کردەوە و کارت بەدڵی هەڵەبجەییەکان نەبن. بۆیە لێت کەوتوونەتە بەندوباو. بەڵام ئەگەر ئەوانەی لێت دەدوێن پیاوچاکن و حەز بەشتی پاک و خاوێن دەکەن و کەلکی تۆیان دەوێ، تکا دەکەین لەمەولا وەها بڕۆ بەڕێوە: هەرچی هاودەمێکی بەدناوت هەیە، خۆتی لێ دووربخەرەوە. هاودەمی پیاوە چاکەکان بکە. دوو سێ کردەوەی مەردانەیش بنوێنە، ئەم بەدناوییەت نامێنێ.

## ناسکەقسە و هۆنراوە

پێشینان گوتوویانە

* کابە بڕووخێنە و دڵێ مەڕەنجێنە.
* کاسەی پڕ ئاشتی ماڵە.
* دەرزی بەخۆتدا بکە، ئینجا سووژن بەخەڵکدا بکە.
* دار هەڵبڕیت سەگی دز دیارە.
* تا بەد نەبینی بەدخانە بەیاد ناکەیت.
* بچۆرە شارێ کە کەس نەتناسێ، خۆت هەڵبکێشە پڕ بەکراسێ.

ڕاست و ناڕاست

«لە ئاشتی ڕاستدا بەد دەنەوێ خودا ڕاست و پیاوی ڕاستی خۆش دەوێ».

(شاکر فەتاح)

## پیاوە گەورەکانمان

حاجی گەورەکانمان

حاجی قادری کۆیی لە هەرە پیاوە گەورەکان و کارگوزارەکانی کوردەواری دەژمێردرێ. حاجی قادری کۆیی لەوەدا گەورە نەبووە، وەک لە هەندێک میر و خانانەکان لەشکر و سوپای هەبووبێ. کەچی لەشکر

و سوپاکەی و نیشتمانەکەی و دانیشتووانی نیشتمانەکەی، تەنیا بۆ خۆشی سەری خۆی، دابێ بەدەست بێگانەوە. ئەویش تا دڵی بڕی کردبێ، نیشتمانەکەی ئەوی تاڵان کردبێ و، نیشتەنییەکانیشی لەناوبردبێ! نەء، حاجی لەو جۆرە گەورانە نەبووە!

هەروەها حاجی قادر لەو حاجییانە نەبووە کە (حەج) لەبەر دەستبڕینی بێ دەست و هەژارەکانی لادێ بکات حاجی قادر لەو مەلایانەیش نەبووە کە بۆ کەلکی ناپوختەی خۆی نەتەوەیەک بۆ شێخ و بەگ و ئاغاکان چەواشە بکات و بەنەخوێندەوارییان بهێڵێتەوە نەء. حاجی لەو گەورانە هیچیان نەبووە!... (حاجی قادری کۆیی) لەوەدا گەورە بووە کە خۆی لە خۆشی ژیان و ژن و ماڵ و نیشتمانی خۆی بێ بەش بهێڵێتەوە، بۆ ئەمەی بتوانێ (نەخوێندەوارانی کورد) وریا بکاتەوە، بۆ ئەمەی زۆردارانی کورد لەناو بەرێ و هەژارانی کورد بخاتە خۆشی و بەختیارییەوە.

حاجی قادری کۆیی هەشتا ساڵ ژیاوە. لە ساڵی (١٣١٢)ی کۆچیدا نێژراوە.

## پێکەنینی جاف

مەحموود پاشا

مەحموود پاشای جاف گەورەیەکی هونەرمەند و جوامێر دەبێ. لەبەر ئەوە هەرچەند دەستی دەپەرژێ لەژێر خێوەتەکەی خۆیدا جافەکان کۆ دەکاتەوە و، ئامۆژگارییان دەکات کە منداڵەکانیان بنێرنە بەر خوێندن. چونکە هەر خوێندنە کە دەیانکات بەپیاو و ناهێڵێ کەس زیانیان پێ بگەیێنێت و، کەس زۆردار بێ بەسەریانەوە. بێجگە لەوە لە ژیانیشدا هەموو دەم ڕێی خۆشبەختی و سەر ئازادییان پیشان دەدات.

وا ڕێک دەکەوێ ڕۆژێک ئەفسەرێکی تورکی عوسمانی دێتە لای مەحموود پاشا. زۆری پێ ناچێ ئەفسەرەکە میزی دێ. دەچێ تۆزێ لەولای خێوەتەکەی مەحموود پاشاوە، بەپێوە میز دەکات. کەسانێکی زۆریش لەوێ بوون، سەریان دەکرد سەریان سوڕما لەو بەدخوویییە!... جافەکەیش کە ئەفسەرەکە دەڕواتەوە ماڵی خۆی. خۆیان پێ ناگیرێ، ڕوو دەکەنە مەحموود پاشا و پێی دەڵێن: «پاشا! خۆ تۆ بەئێمە دەفەرموویت بەمنداڵەکانتان بخوێنن، فێری کردەوە و ڕەوشتی جوان و مەردانە دەبن، کەچی ئەم ئەفسەرە خوێندەوارە ئەمەندە بەدخوو و بێ ئابڕوو بوو، لە نزیک ئێمەوە و بەبەرچاوی ئێوە و ئێمەوە بەپێوە میزی کرد! ئەی کەواتە ئەم هەموو خوێندنەی بەکەلکی چی هات؟!» مەحموود پاشایش پێ دەکەنێ و دەڵێ: «براگەل! ئەمە تاوانی خوێندن نییە کە ئەم ئەفسەرە وای کرد. هەر خۆی بەدخوو و بێ ئابڕووە. بەڵام ئەگەر نەیخوێندایە میزەکەی دەکرد بەسنگمدا! ؟».

## هەواڵی دەرەوە

سلێمانی

(حاجی ڕەمەزان پاشا ) پارێزگاری سلێمانی لەم ڕۆژانەدا وازی لە فەرمان هێنا و، چووەوە ماڵی خۆی،



تا ئیتر بحەسێتەوە. جا چونکە پیاوێکی دڵ و دەس و داوێن پاک بوو، هەروەها لەگەڵ ناوچەکەماندا دڵسۆز بوو، خودا ئاگای لێ بێ و پارێزگارێکی باشیشمان بۆ بنێرێ.

هەڵەبجە

بەسایەی خوداوە هەڵەبجە لەدەست فەرمانبەرە خراپەکەی گومرگی پێشووی ڕزگاری بوو. یەکێکی تریان ناردۆتە جێگای. دەڵێن باشە. خودا بکا باشییەکەی تا سەر بێ.

لەندەن

* فەرمانڕەوایی بەریتانیا گوتوویە: هەرچەندە فەرمانڕەوایی نوێی فەرەنسە بەڵێنی بەئەڵمانەکان داوە هەرچی گەمێ و کەشتییەکان هەیە بیانخاتە ژێر دەستیانەوە بەڵام ئێمە بەهەموولایەکدا دەنگمان بڵاوکردۆتەوە کە هەرچی گەمێ و کەشتییەک ویستی خۆی بخاتە ژێر چنگی ئەڵمانەکانەوە. دەردەست بکرێن و بخرێتە سەر هێزی فەرمانڕەوایی بەریتانیا.
* فەرمانڕەوایی بەریتانیا گوتوویە: هەرلایەک پەلاماری (سووریە) و (فەلەستین) بدات، وەک (میسر) پارێزگاری دەکەم.
* فەرمانڕەوایی بەریتانیا چەند هەزار منداڵێکی ئینگلیزی بەپاپۆڕ دەرباز کرد و ناردنیە (کەنەدە).
* لە بەرلین پایتەختی ئەڵمانیادا (گۆنت شیانۆ) کاربەدەستی دەرەوەی ئیتالیا لەگەڵ (هیتلەر) سەرکردەی ئەڵمانیادا کۆبوونەتەوە دەڵێن: گوایە لەناو خۆیاندا دایانناوە بەم زووانە هورووژم ببەنە سەر خاکی بەریتانیا. تەنانەت هیتلەر گوتوویەتی شەڕی گشتی لە ڕۆژی (١٥)ی ئەم مانگەدا تەواو دەبێ. بەڵام ئینگلیزەکان هەر لەسەر قسەی خۆیانن.
* لەو خاکانەوە کە ڕاستەوخۆ لەژێر دەستی ئینگلیزدان، لە ملیۆنێک پتر دینار، پارە کۆکراوەتەوە و نێرراوە بۆ فرۆکە کڕاوە و خراوەتە سەر هێزی بەریتانیا.

## ژیانی تایبەتی

خانوو

مامەی لادێیی!

پێشینان گوتوویانە: «شتی گران هەرزانترە لە هی هەرزان». جا لەبەر ئەوە ئەگەر خودا دەستی دایتێ، بەم خانووە تاریک و نووتەکەی بن میچ نزمەی، تەسک و تووروسکی، چڵکن و پڵکنەی دڵتەنگ کەرەت واز مەهێنە. بیرووخێنە. چونکە بەکەلکی ئاژەڵیش نایەت. لە بریتی ئەوە خانوویەکی وا دروست بکە کە خۆت و خێزانت دڵخۆش بکات و، لە نەخۆشی و پیسیت دوور بخاتەوە.

جا ئەگەر بەقسەت کردم وەها بڕۆ بەڕێوە:

١- وەستایەکی شارەزا بهێنە، شوێنێکی وا بۆ خانووەکە بدۆزێتەوە کە بارەش و گێژەڵووکە نەیگرێتەوە. یاخود کە بیگرێتەوە. تەڕ و تووشی لێوە دووربێ. زونگ و زەلکاو و مەرەزەیش لە نزیکییەوە نەبێ... دووریش بێ لە دیواری ماڵە دراوسێکانەوە نزیک بەئاوی پاک بێ.

٢- بۆ خواردن، نوستن، چێشت لێنان، خۆشتن، سەراو و میوان، کەلوپەل، دەس و پێوەند، ڕابواردن، بۆ گیانلەبەری سواربوون، هەریەکە ژوورێک دروست بکەن بێجگە لەوانە حەوشەیەکیشی تێدابێ، کە باخچەیەکی لەناودابێ.

***

# خورماڵ

ژمارە: (٩)
ڕۆژ: ١٩٤٠/٧/١١

## هەواڵی خورماڵ

پیاو خراپی

لادێکەمان کە تا ئێستا خراپەی تێدا ڕوو نەدەدا و ئاسوودە بوو، ئەوەتی گەرما دەستی پێ کردووە و گوندییەکان چوونەتە هەوار و کەپرەوە، پیاو خراپەکان دەستیان کردۆتەوە بەدزین و خەرمان سووتاندن و شەڕفرۆشتن. لەبەر ئەوەی ئێرەیش بەدەردی دراوسێکانی لێ نەیەت، کارگێڕیی لادێی خورماڵ خەریکی کارگوزارییەکی وەهایە کە ئەو دز و پیاوخراپانە، دەردەست بکرێن و زنجیر و پالەهەند کرێن و، تەفر و توونا کرێن، تا خراپە نەهێڵرێت لە ناوچەکەدا.

هاتوچۆ

* ڕۆژی ١٩٤٠/٧/١٠ (شێخ جەلالی شێخ ئەحمەد) برازای (شێخ مەحموودی گەورە)، لەگەڵ چەند کەسێکی خەڵکی سلێمانی بەئۆتۆمبیل لە سلێمانییەوە هاتنە سەردانی کارگێڕی خورماڵ. پاش نیوەڕۆ بۆ کاروباری خۆیان چوونە هەڵەبجە. خودایان لەگەڵ بێ.
* سەرۆکی تەندروستی سلێمانی و پزیشکەکەی هەڵەبجەیش چووبوونە (تەوێڵە). سەرۆکی تەندروستی لە ئەسپەکەی کەوتبووە خوارەوە دەستی شکابوو. پاشان گەڕابوونەوە سلێمانی.

## مەتەڵ

کێیە بیدۆزەرەوە؟ (یەکێکە لەم دێی خورماڵەدا دەژی پاسەوانە و تفەنگی نییە. چیرۆکخوانە و نووسراوی بەدەستەوە نییە، کەباچییە و شیشی نییە. ئێشکگرە و دەنوێ. کە دەشنوێ لەسەر هەشت کورسی دەنوێ. هەشت جۆر کار و فەرمانی هەیە و، نانی شەویشی نییە. گریانی نایە و دەگری).



ئەمە کێیە هەڵی بهێنە. کە هەڵت هێنا وەرە خاوەنی ئەم ڕۆژنامەیە ئاگادار بکە. ئەگەر دۆزیبووتەوە و بەیەکەم دەرچوویت دەسەسرێک پێشکەش دەکات. بەڵام نابێ لە ڕۆژی یەکشەممەی داهاتوو تێپەڕ بکات.

ئاگاداری

ئەم مەتەڵە هەڵهێنانە و دەسەسڕ وەرگرتنە تەنیا بۆ ئەوانەیە کە لە خوێندنگای خورماڵدا خوێندوویانە و دەخوێنن.

## هۆنراوەی بەنرخ

حاجی قادری کۆیی فەرموویە:

ئەی خەریکی ڕمووز و ناز و نیاز
ئەورووپا فەننی گەیوەتە ئەعجاز
قووللەی ئیقلی لە ئەفلاکە
عەکسی ئەو گەردوشی لەژێر خاکە
کورەیی ئەم زەمینەیان پێوا
خاطری تۆبێ چوونە جەوی سەماء
چینی ئاگر پەرستن ئێستاکەش
گەبری بێ دین و هیندی ڕووڕەش
بۆچی فەرموویەتی نەبیی ئەمین؟
(اطلبوا العلم ولو بالصین)
نێر و مێ لەم حەدیثە فەرقی نییە
گەر مەلا نەهی فەرموو دینی نییە
تۆ وەرە فەن فێربە چیتە لەوە
گاورە، جووە، یاخود هیندووە
لازمە خۆڵ بخۆی وەکو بەرداش
هەموو قەرنێ دەگۆڕێ ئەمری مەعاش
تەنبەڵی کاری حیز و بێ خێرە
دەستی ماندوو لەسەر زگی تێرە
ئەهلی جەننەت نەشوان و گاوانە
صاحبی فەن و عیلم و عیرفانە
فائدەی گەر بدایە زکر و دوعا
دەبووە قاڕون گەدای سەرە ڕێگا
هەرچی بێ بەهرەیە لە کەسب و کمال
دەبنە دەروێش و مارگر و حەماڵ

صۆفی وەک توشنەبوو لە ذکری هەتاو
سـەد نوێژی دەدا بەکـاسـێک ئاو

## پێکەنینی سلێمانی

(کفر ئەحمەد)

جارێک (کفر ئەحمەد) دەچێتە سەرشۆرکێک (حمام) لە سلێمانی. پارەی لە باخەڵدا نابێ. دەترسێ لەوەی خاوەن سەرشۆرکەکە بچێ بەگژیدا و تەریقی بکاتەوە. دەس هەڵدەبڕێتە ئاسمان و دەڵێ: «خودایە! یان چەند پوولێک بخەیتە باخەڵمەوە بیدەم بەم خاوەن سەرشۆرکە، یاخود سەرشۆرکەکە بڕووخێنی، بەڵکو دەرباز ببم و لەو شەرمەزارییە ڕزگارم ببێ!». زۆری پێ ناچێ سەرشۆرک بن میچکەی قرچە دەکات و دەست دەکات بەڕووخان. هەرکەسە بەلایەکدا دەردەچێ و، (کفر ئەحمەد)یش بۆی تێ دەقاچێنێ و لەدەست کابرای خاوەن سەرشۆرک ڕزگاری دەبێ. (کفر ئەحمەد) لە ڕێگادا چاوی بەهەژارێک دەکەوێ لە خودا دەپاڕێتەوە دەڵێ: «خودایە! بەگەورەیی خۆت یەکێکم بۆ بڕەخسێنیت چەند پوولێکم بداتێ». (کفر ئەحمەد)یش دەمودەست پێی دەڵێ: «مردووت نەمرێ! شێت بووی داوای پارە لە خودا دەکەیت؟ هەر ئێستە بۆ چەند پوولێک، کە لێم داوا کرد، سەرشۆرکێکی ڕووخاند!؟».

## ژینی کۆمەڵی

ژنهێنان

ئەوەتی لێرە فەرمان دەبینم لە هەموو شەڕ و هەڵایەک زۆرتر، شەڕ و هەڵای ناو ژن و مێردانم هاتووەتە بەردەم. لە کەم شوێن دیومە ژن و مێرد ئەمەندە ناکۆک بن و، لەگەڵ یەکتردا بەد و خراپ بن و، هێندە بەچاوی سووکەوە تەماشای یەکتر بکەن و، ئەوەندە لای خەڵک ئابڕووی یەکتر ببەن. گەلێک جار ئاگام لێیە شیرەشیڕ و شاتەشاتی ژن و مێردێک تا نیوەی شەو خەو لە چاوی دەر و دراوسێی ئاواییەکە دەفڕێنێ و خۆشییان لێ بار دەکات... هەموو دەم دەیانبینی مۆن و گرژ، لەگەڵ خەڵکیشدا بەدڕەفتار، لە ماڵدا وێران، لە باخەڵدا نابووت، منداڵەکانیان دەبینی ڕووت و قووت و هەژارن!

من زۆر باش دەیزانم کە ئەم ناخۆشی ناو ژن و مێردە هەمووی لەوەوە ڕوو دەدات کە برا لادێیییەکانمان بەچاوی کەلوپەل تەماشای کچ و کوڕەکانیان دەکەن. کچ و کوڕ حەز لەیەکتر بکەن، یان نەکەن، دەبێ لە یەکتر مارە بکرێن. کچ و کوڕ خراپ بن یان چاک، مەبەس نییە، هەر ئەوەندە باوکیان دەوڵەمەندبن، یان خاوەن چەک و تفەنگ و دیواخان بن، دەبێ لە یەکتر مارە بکرێن. بەکورتی کچ وەکو کووتاڵ دەکرێ بەنرخی کوڕ! یان بەقسەیەکی ڕەوانتر، باوکەکان وەک ژن بۆ خۆیان بهێنن و، بۆ کوڕەکانیان نەهێنن وایە!... کچەکانیان، وەک بۆ خۆیان مارەیان بکەن و لەبەر خۆیان نەیاندەن بەشوو وایە!.

براگەل! شوورەیییە ئەمەندە گێرە و کێشە و هاتوچۆ بۆ کن فەرمانڕەوایی و خەڵکی!... کچ و کوڕ کە گەورەبوون، پێویستە سەربەستیان بکەن، بەئارەزووی خۆیان لەیەکتر مارە بکرێن و، لەگەڵ یەکتردا بژین



بەیەک. پێشینان گوتوویانە: «کابە بڕووخێنە و دڵێ مەڕەنجێنە». ئایا ئێوە چۆن دڵی ئەم جگەرگۆشانەی خۆتان دەڕەنجێنن؟ و لەم بەخشینی خوداییە کە (سەربەستی) و (ژین)ە ڕەنجەڕۆیان دەکەن؟ ئایا نازانن کە لە ژن و مێردی ناکۆک و خراپەوەیە کە منداڵی دز و درۆزن و سۆزانی و شەڕانی و خراپ پەیدا دەبن، کە خۆتان و خەڵکیش دەخەنە کێشمەکێشەوە؟!...

«شاکر فەتاح»

## ژینی تایبەتی

خانوو

(پاشماوە)

٣- ژوورەکانت بڵند و فراوان بن. پەنجەرە و دەرگای گەورەیان تێ بخە: تا تێر ڕووناکی و بایان تێ بێت.

٤- بن میچەکان بەچینکۆ یاخود بەتەختە بگرە، بام تۆز بەسەر کەلوپەلەکانتدا نەیەتە خوارێ، پیسیان بکات.

٥- ئەردی ژوورەکان یان بەچیمەنتۆ، یاخود بەبەرد و قسڵ، یان بەخشتی سوور و گەچ دابڕێژە، بام مار و مێروو و جرۆجانەوەر و مێش و مەگەز، لە کون و قوژبن و درزەکانیاندا جێگیر نەبن و بتوانیت هەمووده‌م ماڵەکەت بەپاکی و خاوێنییەوە دابگریت.

٦- دیواری ژوورەکان و پەنجەرەکان و دەرگاکان بەڕۆن و ڕەنگی جوان و پەسەند ڕەنگاوڕەنگ بکە. بام خۆت و ماڵ و منداڵت سرەوتتان دەست بکەوێ و دڵتان بکرێتەوە.

## هەواڵی دەرەوە

سلێمانی

لەو مانگی پێشوودا ئەوەبوو (نوری فەتاح) کارگێڕی لادێی (ماوەت)یان کوشتبوو. لە جێی ئەویش (عارف حوسێن) کارگێڕی لادێی (وارماوا)یان دانابوو بچێتە ئەوێ. وەک بیستوومانە خەریکن (عارف حوسێن) لە شوێنی خۆیدا بهێڵنەوە و نەینێرنە ماوەت.

* لەم ڕۆژانەدا (مێجەر ئەدمۆندس)، ڕاوێژکاری کاربەدەستی کاروباری ناوەوەی عێراق، هاتبووە سلێمانی، بۆ تاقیکردنەوەی ئارەزووی خەڵکەکە بەرامبەر ئەڵمان و ئینگلیز. هەر ئەو ڕۆژە گەڕابووەوە بەغدا. بیستمان کە دەیەوێ بێتە (تەوێڵە)ی لادێی خورماڵ، تا لەوێدا چەند ڕۆژێک بمێنێتەوە.

هەڵەبجە

لەم ڕۆژانەدا (حەسەنی عەلی لە بەگزادەی جاف) و (حەمە سەعیدی حەمەی عەنبەر)، لە خەڵکی سلێمانی، لەسەر وام (قرض) لێیان بووبووە شەڕ پاشان (حەسەن عەلی) هانەی دابوو لە (حەمە

سەعـیـد)یان دابوو!. دوایی کـارەسـاتـەکـە گـەورە بـووبـوو، بووبـووە دڵـئـازاری جـافـەکـانی هەڵـەبجـە. کـار گەیشتبووە ئەو ڕادەیە کە (قائیمقام) بە (حەمید سەعید)ی گوتبوو: «بچۆرەوە سلێمانی نەوەک شۆڕشێ بقـەومێ!». دوێنێ (شـێخ جـەلال)ی برازای (شـێخ مـەحـمـوودی گـەورە) چووبـووە هەڵـەبجـە، بۆ ئاشتکردنەوەی هەردوولایان و مانەوەی (حەمە سەعـید) لە هەڵەبجەدا. بەهەمـوو ڕەنگ ئێـمـە داخی ئەوەمانە، کە دوو لاوی کوردی خوێندەوار و نیشتەنی نیشتمانێک، لەسەر مشتێک دراو بچن بەگژیەکدا و ئەم هەمـوو ئاژاوەیە بەرپا بکەن. خـودا بکات ئیـتـر تەمێ خـواردوو بن و، جـارێکی تر کـارەسـاتی وا نەقەومێن و، ببنە نموونە بۆ نەخوێندەوارەکانی ناوچەکەیان.

بەغدا

لە خەڵکی سلێمانی، کاربەدەستی کـاروباری ئابووری و گـواسـتـنەوە (محـەمـەد ئەمـین زەکی)، لەبەر نەخـۆشی لەشی وازی لە نیـشـتـمـانەکـەی خـۆیەوەیە لە خـودا دەپاڕێینەوە لەش خـۆشی و دڵـخـۆشی پێ ببەخشێتەو و، تا دەمێکی دوور و درێژ بۆمان بمێنێ.

ئەورووپا

ئینگلیز و ئەڵمان و ئیـتـاڵییـەکان، هێـشـتـا هەر لە شەڕدان و، زیان لە یەکتری دەدەن و ماڵی یەکتری کاول دەکەن!...

***

## خورماڵ

ژمارە: (١٠)
ڕۆژ: ١٥/٧/١٩٤٠

## هەواڵی خورماڵ

هاتوچۆ

قائیمقامی هەڵەبجە و کارگێڕی باڵبازی سلێمانی و یاریدەدەرەکەی لە ڕۆژی ١١/٧/١٩٤٠دا چوونە (بیـارە) و (تەوێڵـە) لە ڕۆژی ١٣/٧/١٩٤٠دا هاتنەوە بیـارە و چوونەوە بۆ هەڵەبجە. ئەم هاتنە لەبەر گفتوگۆکردن لەگەڵ (قۆمیسەری نەوسوودی ئێران)دا بووە، لە بابەت کاروباری سنوورەوە. دوور نییە کە زۆری لەبەر کارەساتەکەی (شێخ جەلال)ی سندووق پاریز بێ ئەم وتووێژە پێکهاتبێ.

سووتاندنی خەرمان

لە دێی (وەڵەست)دا شـەوی ١٢/٧/١٩٤٠ ئاگرێک بەردراوەتەوە خـەرمـانێک دوو تەغـار گـەنمی سووتاندووە. باڵباز کەوتووەتە بنج و بناوانی ئەمەوە. پیاوخراپەکان بدۆزێتەوە و ڕەوانەی دادگاهیان بکات تا سزای خۆیان ببینن.



نەخۆشیی ڕەشەوڵاخ

لە دێی (وەڵەسمت)دا نەخۆشیی ڕەشەوڵاخ داکەوتووە. وا کارگێڕی لادێی خورماڵ دەنووسێ بۆ قائیمقامی هەڵەبجە کە (یاریدەدەری بەیتاڵی) بنێرن بۆ لەناوبردنی ئەم نەخۆشییە.

## مەتەڵ

مەتەڵی پێشوو

مەتەڵەکەی پێشوو گشت شاگردەکانی خوێندنگای شەوی خورماڵ هەڵیان هێنابوو. بەڵام کە سەرپشکیان نا (شەریف محەمەد) دەسەسرەکەی بەرکەوت. مەتەڵەکە: «میرزای غەفوور»ی خورماڵی دەگرێتەوە.

مەتەڵی ئەم جارە

ئەمە چییە؟
١- هەر دەڕۆیت و نایگەیتێ؟
٢- بەسێ برا کڵاوێکیان هەیە.
٣- ئەم لاپەڕژین، ئەولا پەڕژین. تێدایە کۆترێکی نەخشین؟

ئاگاداری

هەرکەسێ هەڵی هێنا، بێت، دەسەسرێک وەربگرێت.

«ڕۆژنامەی خورماڵ»

## هۆنراوەی بەنرخ

حاجی قادری کۆیی فەرموویە:

حـاکم و مـیـرەکـانی کـوردسـتـان
هـەر لـە بـۆتـانـەوە هـەتـا بـابـان
یەک بەیەک حـافـظی شـەریعـەت بوون
سـەید و شـێـخی قـەوم و مـیللەت بوون
سـەید و شـێـخـەکـان لە ترسی ئەوان
منزەوی بـوون و ذاکـری ڕەحـمـان
ئەو کـە فـەوتان ڕیای ئەمـان دەرکـەوت
سەیری چۆن بوونە پووش و ئاگر و نەوت؟
یەکێ لەم لاوە ڕوو دەکـاتە عـەجـەم
دووی لـەولاوە دەبـنـە دوژمـنـی هـەم

دوو هەزار ژن فەساد کرا لەملا
بوونە قاتل ئەوانی تر لەولا
یەک بەیەک بوونە نائبی هەمەوەند
صاحبی مارتین و ماری گەزەند
میللەتیش هێند کەرن وەکو جاران
دەستیان ماچ دەکەن دەڵێن: قوربان!
گەر لە صحرا مەلا نەمردایە،
گورگەشین بام کەری بخواردایە!
شێری نەڕ وەک لە بێشە نەما
گورگ و مام ڕێوی دێنە ڕەقص و سەما
من لە غەمخواری ئەم قسانە دەکەم
وەرنە پەشمە لەلام هەموو عالەم
ئەم قسەی ئێستە عەیبی لێ دەگرن
ئەم دەمەش دێ زەمانێ بۆی دەمرن
ئەم بەئەو، ئەو بەئەم دەڵێ: کاکە
سەیری قانوونی (حاجی) چەند چاکە!...
هەر چلۆنی ئیشاراتی فەرموو
وەک کەرامەت هەمووی وەها دەرچوو!

## پێکەنینی سلێمانی

مەلا سەعید

لە سلێمانی (مەلا سەعید) ناوێک دەبێ، پیاوێکی ڕاستگۆ و خوداناس دەبێ. حەز لە پیاوی درۆزن و دووڕوو ناکات. لەبەر ئەوە بەدڵ قین لە سۆفییە مل قەوییە ڕیش پانە دوو ڕووەکەی مزگەوتی گەورە هەڵدەگرێ. ئەم سۆفییە بۆ ئەمەی خەڵکەکە پێی بڵێن پیاوی چاک و خوداناسە، دێنێ لە ڕۆژانی هەینیدا هەر لەبەر دەرگای مزگەوتی گەورەوە، بەردە وردە دەخاتە ناو قوڕوچڵپاوەکەوە، هەتا بەر هەیوانی مزگەوتەکە. گوایە مەبەسی ئەوە دەبێ کە موسڵمانان بەسەر ئەو ڕێچکەیەدا بڕۆن، تا پێڵاوەکانیان قوڕاوی نەبن، تا ئەویش بەو کارەی خودا لە گوناهی خۆش بێت. کە کاتی نوێژی ڕۆژی هەینی دێت، خەڵکەکە، هەموو بەسەر ئەو بەردە وردانەدا دەڕۆن. مەلا سەعید، پێڵاوەکانی دادەکەنێ و بەناو قوڕ و چڵپاوەکەدا دەڕوات تا دەگاتە سەر ئەستێرکی مزگەوتەکە. کە لێی دەپرسن: «مەلا سەعید! بۆ چ وا دەکەیت؟». مەلا سەعید کوتوپڕ دەڵێ: «بۆ ئەمەی بەشی من خودا لە گوناهی سۆفی خۆش نەبێت!...».



## ژینی تایبەتی

باخچەی ماڵ

تا پێت دەکرێ باخچەکەت هەر چوار لای خانووەکەت، ئەگەر نەکرا لای بەردەمی بەتەواوەتی بگرێتەوە. هەر هیچ نەبێ تیلماسکە زەوییەک لەبەردەمی ژووری دانیشتنەکەتدا بکە بەباخچە. یاخود چەند ئینجانەیەک گوڵی لەبەردەمدا دابنێ. باخچە بۆ ماڵەکەت زۆر پێویستە، باخچە ماڵەکەت دەڕازێنێتەوە جوانی دەکات، بۆنی خۆش دەکات، تەپ و تۆزی لێ دەگێڕێتەوە، فێنکی دەکاتەوە، دڵی ماڵ و منداڵەکەت دەگەشێنێتەوە.

## ژینی کۆمەڵی

بەدگۆیی

هەتا بیر لە کردەوە و ڕەوشتی خەڵکی ئەم ناوە دەکەمەوە زۆرتر ڕقم هەڵدەسێ و زۆرتر قینم لێیان دەبێتەوە. ئەگەر بەدەستم بووایە، لەو حەلەدا کە ڕقم هەڵدەسا هەرچی خراپەکانیانە کۆم دەکردنەوە و دەمدانە بەردەمانچە و گیانم لە لەشیان جیا دەکردەوە!.

دەبینی ئەوا خەڵکی دێیەکەیەتی، خزمێتی کەس و کاریەتی، ناسیاویەتی، برایەتی، خەڵکی نیشتمانەکەیەتی... کەچی لە ژێرەوە دەچێ لە دەسگاکانی باڵبازی و گومرگ و سەربازی و سەرژمێری و دادگاهدا... بەدگۆیی بۆ دەکات و، درۆ و بوختانی وای پێ دەکات، کە بەهەزار کەشمەکەش و چەند چوون لە دەست ئەو دەسگایانە ڕزگاری نەبێت. کەچی تاوانیشی نییە و بێ گوناهە!... ئاخر ئەو بوختانی خۆڕاییە بۆچ؟... بام بڵێین ڕاستیش بێ، ئەم بەدگۆییە چ کەلکێکی تێدایە؟!...

من ناڵێم خراپەکاران و بەدڕەوشتان لە فەرمانڕەوایی بشارنەوە... هەروەها نایشڵێم لەلای فەرمانڕەوایی و خەڵک بەدرۆ و دەلەسە پیاوخراپەکانتان لە دەست دادگەری ڕزگار بکەن. نەء! ئەوە ناڵێم!. من ئەوە دەڵێم ئەم جۆرە شتانە بۆ کوێخانەکانتان دابنێن، بام ئەوان دەسگاکان ئاگادار بکەن، چونکە فەرمان، فەرمانی ئەوانە، فەرمانی ئێوە نییە...

من دەڵێم: ئەگەر لەگەڵ یەکدا وەک برا نەبن و، پشتی یەک نەگرن و، دڵسۆزی یەکتر نەبن، نەخوا خۆشی دەوێن، نە خەڵک خۆشی دەوێن، نە فەرمانڕەوایی!... خۆیشتان هەر وەک ئێستا، تا بێن ماڵوێرانتر و خەفەتبار و نەخۆشتر دەبن!!

## هەواڵی دەرەوە

ئەوروپا

* ئینگلیزەکان لەگەڵ ئەڵمان و ئیتاڵییەکاندا هەر لە شەڕدان و، ڕۆژ بەڕۆژ زیان لەیەکتر دەدەن.

* فەرەنسايييەكان داواى پارەكەى خۆيان لە ئەمريكا كردۆتەوە. ئەمريكا گوتوويەتى: فەرمانڕەوايى (بۆردۆ) لەژێر چنگى ئەڵمانەكاندايە. لەبەر ئەوە ئێمە بەفەرمانڕەوايييەكى سەربەخۆى فەرەنسا پەروەرى دانانێين، هەتا پارەكەى بدەينەوە.

ئاسيا

* (نيزامى حەيدەر ئاباد) بەخۆى و خەڵكەكەى ژێردەستييەوە (١١٠,٠٠٠) ليرەى پێشكەشى سوپاى فەرمانڕەوايى بەريتانيا كردووە.

* سەركردەى نيشتمانپەروەرانى هيندستان (غاندى) گوتوويەتى: «ئێمە بۆ سەربەخۆيى هيندستان تێدەكۆشين، بۆ ژينى بەريتانيا هەوڵ نادەين».

* بەپێى ڕاديۆى توركيا، ئينگليزەكان خەريكن سووريە لە فەرەنسايييەكان داگير بكەن. لەبەر ئەوە بيانوويان پێ گرتوون و، داواى (٥٠٠) فڕۆكەيان لە سەرلەشكرى فەرەنسايييەكانى سووريە كردووە كە بەخۆڕايى بيانخەنە ژێر چنگيانەوە.

* توركيا خەريكە لەگەڵ فەرمانڕەوايييەكانى (باڵكان)دا دۆستايەتى تازە بكاتەوە.

* شەڕ و كوشتارى (ژاپۆنيا) و (چين) هەر لە برەودايە.

***

## خورماڵ

ژمارە: (١١)

ڕۆژ: ١٩٤٠/٧/١٨

## هەواڵى خورماڵ

بيارە و ئێرانييەكان

لە ١٩٤٠/٧/١٥دا دەنگێك بڵاوبووەوە كە گوايە ئێرانييەكان نيازيان هەيە ئاشەكەى پشت ماڵى (شێخ عەلائەدين) كە دەكەوێتە ناو سنوورى عێراقەوە داگير بكەن. هەر ئەو ڕۆژە لێرەوە قۆميسەرى خورماڵ چووە ئەوێ و ئاشەكەى داگير كرد. پاشان وا دەركەوت كە ئێرانييەكان وازيان لەو بيرەيان هێناوە.

كارگێڕى خورماڵ

هەرچەندە كارگێڕى خورماڵ تەواو چاك نەبۆتەوە و ناتوانێ بجێتە سەرا، بەڵام لەبەر دوانەكەوتنى كاروبارى دانيشتووانى لادێيەكە و فەرمانڕەوايى بەناچارى لە (١٩٤٠/٧/١٦)ەوە، لە ماڵى خۆيدا دەستى كردەوە بەفەرمان بينين.



بۆ جووتيارەكان

فەرمانڕەوايى بڕيارى داوە: كە جووتيارەكان لە بيست يەك (واتا ٥٪) زۆرتر، دەغڵودان نەدەن بەوانەى بەرهەمهێنانى زەوى و ئاوى ميرييان گرتۆتە ئەستۆى خۆيان. هەچ كەسێك لەو بەرهەمهێنەرانە لەو بەشەى زۆرتر سەند جەريمە دەكرێ.

## مەتەڵ

مەتەڵى پێشوو

گشت شاگردەكانى هەڵيان هێنابوو، (سەليمەڵڵاى وێردى) نەبێ. بەڵام كە سەرپشكمان نا، (شەريف محەمەد)، دەسەسڕەكەى بەركەوت. وەرامى مەتەڵەكان ئەمانەن:

١- سێبەرە. ٢- سێپايە. ٣- چاوە

مەتەڵى ئەمجارە

هەرچى بەڕاست و ڕەوانى ئەو پارچە هۆنراوەيەى (شێخ ڕەزاى تاڵەبانى) لەبەر خوێندەوە كە ناوى (كەڵەشێر)ە و لەناو ئەم ڕۆژنامەيەدا بڵاوكراوەتەوە دەسەسڕێكى دەدەينێ.

ئاگادارى

ئەم مەتەڵە بۆ شاگردەكانى خوێندنگاى شەوى خورماڵە.

## شوێنە خۆشەكانى كوردستان

لادێى مزوورى

لادێى مزوورى لە ناوچەى (دهۆك)دايە(*). لە لادێ هەرە خۆش و دەوڵەمەند و شۆخەكانى (كوردستان)ە. (٩٠٠٠) كەسێكى تێدا دەبێ. دانيشتووانى بەشێوەى كوردى بادينانى قسە دەكەن. بەكشتوكاڵ و باخ و بێستانەوە خەريكن. ماڵاتيش بەخێودەكەن. نووسەرى ئەم ڕۆژنامەيە لە پايزى ساڵى (١٩٣٦)ەوە لەوێ كارگێڕى لادێكە بوو تا بەهارى ١٩٣٨ بەيادى لادێى مزوورييەوە ئەمەى گوتبوو:

هەردت ڕەنگين
ئاوت شيرين
بادت موشكين
خاك و خۆڵت وەك بلوور،
نيشتمان!

(*) ئەوساكە وابوو. بەڵام ئێستا پارچەيەكە لە ناوچەى (شێخان).

پڕ لە باخ و دەغڵ و میوە و سەوزەواتی
پڕ ژیان
سەیری گەشتی
ناو بەهەشتی
دۆڵ و دەشتی
سەرچەم و باخ و چیای!
تاکو چاوم بڕ دەکات:
چاوەیی خۆشی و زەماوەند بەزموڕەزم و شادییە
ڕێی ژیان ڕۆشن دەکات

***

تۆیش بەچنگ بووی
سەربڵندی بووی
شۆخ و شەنگ بووی
دەوڵەمەند بوون کاتی خۆ وادیارە
ئەم هەموو سامان و شوێنەت کردەیی
سەردارییە ئاشکارە

***

تێکشکاوی
ناتەواوی
نانبڕاوی
زۆر شپرزەی ئێستەکە!...
بۆ چ وەهایت؟
یان سەبارەت دوودڵی و بەدخواهی و گومڕاهییە
وا وەهایت!

***

لاوەکانت
پەرییەکانت
زەوییەکانت
ڕۆژ بەڕۆژ وا گوم دەبن!
بۆ چ دەهێڵی؟!



حەیف نییە بۆ تۆ لەسەر کە خەڵک داخت بخۆن
هێندە لێڵی؟!...

***

هەستە، ڕابە!
ڕوو لە خوابە
دڵنیابە!
تێبکۆشێی چەشنی مەرد:
زوو دەگەیتە تەخت و بەخت
زۆری وەک تۆ هەوڵی دا و پێگەیین بوونە شاهەنشاهی وەخت

## پێکەنینی کەرکووک

(کەڵەشێر)

کـەڵەشـێـرێ بە(ڕەزا) لازمـە کـرمـاشـانی
زیرەک و چاپووک و دەمگەرم و دڕ و شـــەڕانی
کەڵەشێرێ کە قەپی گرت لە بناگوێی کەڵەشێر
پڕ بەدەم بیـپـچـڕێ وەک سـەگی هەورامـانـی
کەڵەشێرێ کە ئەگەر شێری نەڕی بێتە مەصاف:
ڕای ڕفـێنێ بەشـەقێ مـثلی کـەری تالآنی
بەدرێژی وەکـو مـەولان بەگـەکـەی مـیـری بەیات
بەجـەسـامـەت وەکـو کـوێخـا زلەکـەی بیـبـانی
ئەی نەقـیب زادە بنێـرە کـەڵەشـێـرێکی وەها
بۆ (ڕەزا)کـەی سەگـەکـەی قـاپـیـەکـەی گـەیلانی

«شێخ ڕەزا»

## هەواڵی دەرەوە

ئەوروپا

شەڕ و کوشتاری ناوەند ئینگلیز و ئەڵمان و ئیتاڵییەکان هەر گڕ دەسێنێ.

ئەفریکا

بەم بۆنەیەوە (ئەسکەندەرییـە) و (قـەنال)ی (سـوێش)یش کـە سـەنگەرێکی ئینگلیـزن لە خـاکی (میسر)دا کەوتوونەتە ناوچەی شەڕی ئینگلیز و ئیتاڵیاوە.

ئاسیا

شەڕ و کوشتاری (ژاپۆنیا) و (چین) هەر لە گەرمەدایە بەڵام وا ئینگلیزەکان خەریکن، ناوبژییان دەکەن. دەنگ وایە کە (یەکێتی سۆڤییێت) و (ژاپۆن)یش بەم زووانە پەیماننامەیەک دەبەستن کە هەرگیز پەلاماری یەکتر نەدەن.

## ژینی تایبەتی

ماڵ ڕازاندنەوە

١- لەسەر ئەرد دامەنیشە و مەنوو. چونکە پشتت دەکۆمێتەوە، لەشت ماندوو دەبێ، چاوت کزدەبێ، نەخۆشیت پێ دەگات. لەسەر تەخت بنوو.

٢- هەروەها ماڵەکەت بەمێز و تەپڵەکیش برازێنەوە. بام باشتر سرەوتت پێ بگات.

٣- کەلوپەل و مەسینە و چێوینە و بلوورینەت لەناو سندووق و دۆڵابدا دابنێ، بام جڕ و جانەوەریان پێدا هەڵنەگەڕێ و، تۆزیان لێ نەنیشێ.

٤- ژووری دانیشتن و میوان بەوێنەی جوانی ڕەنگاوڕەنگ برازێنەرەوە. بەڵام وریابە وێنەکان هی نیشمانەکەی خۆت و هی پیاوە گەورەکانی نەتەوەی خۆت بن، یان هی ئەو پیاوانە بن کە بەکەلکی هەموو جیهان هاتبن.

***

## خورماڵ

ژمارە: (١٢)

ڕۆژ: ١٩٤٠/٧/٢٢

## هەواڵی خورماڵ

ڕەشەبا

لە ڕۆژی (١٩٤٠/٧/١٩)ەوە تا ڕۆژی دوایی ڕەشەبایەکی توند و گەرم لادێی خورماڵی گرتەوە. بەڵام ناخۆشییەکەی، بەر بەشی دەشتەکی کەوت.

فڕۆکە

ڕۆژی ١٩٤٠/٧/١٨ دوو فڕۆکەی ئینگلیز لە دەشتاییبیەکەی خورماڵدا، نیشتنەوە. فڕۆکەوانەکان نزیکەی دوو سات سەیری باخچەکە و گەڕاوەکەیان کرد و وێنەیان گرتن و ماندوویان حەسایەوە و فڕینەوە.



سەرباز

دوو تیپ سەربازی عێراق بەناو لادێی خورماڵدا لە ڕێگای (سەید سادق)ەوە تێپەڕین و، چوون بۆ (پێنجوین) بۆ پاراستنی سنوور.

سەرۆکی تەندروستیی سلێمانی

سەرۆکی تەندروستیی سلێمانی، لە تەوێڵە کوێخانەی تەوێڵە (محەمەد)، دەستی گرتبووەوە. لەم ڕۆژانەدا بەئۆتۆمبیل لەگەڵ پزیشکی هەڵەبجەدا گەڕانەوە هەڵەبجە. لەوێیشەوە چووە بۆ سلێمانی.

ڕێگای بیارە

هەر لەم ڕۆژانەدا لەلایەن قائیمقامێتی هەڵەبجە و کارگێڕی خورماڵەوە ڕێگای ئۆتۆمبیلی (هەڵەبجە) بۆ (بیارە) چاک کرا و تەخت کرا.

یاریدەدەری هەڵەبجە

یاریدەدەری کارگێڕ باڵبازی هەڵەبجە ڕۆژی ١٩٤٠/٧/٢١ بۆ کاروباری فەرمانڕەوایی هاتە خورماڵ و گەڕایەوە.

پیتاک

کارگێڕیی لادێی خورماڵ (٣٣٥) فلسی پێشکەشی باخچەی گشت لایی خورماڵ کرد. بەپیتاکی پێشووەوە کە (١٣٢) فلسی مابووەوە گەیشتە (٤٦٧) فلس.

بەختکردن

لە گەنجینەی باخچەی گشت لاییی خورماڵیش ئەمانە بەخت کراون:

| فلس | دینار | |
|---|---|---|
| ١٥٠ | | دراوە بەمحەمەد عەلی ئەمین کە حەلی خۆی دارتاشی بۆ خوێندنگای خورماڵ کردووە. |
| ١٣٠ | | کراوە بەکەوایەک بۆ عەلی ئەمین، شاگردی خوێندنگای خورماڵ، بەناوی یاریدەی هەژارانەوە. |
| ٢٨٠ | ٠ | هەمووی |

کەواتە (٤٦٧ - ٢٨٠) = ١٨٧ فلس پاشەکەوت بووە.

## مەتەڵ

مەتەڵی پێشوو

هەر (عەلی ئەمین) لە شاگردەکاندا هۆنراوەکەی (کەڵەشێر)ی باش لەبەر کردبوو. لەبەر ئەوە

دەسەسرەکە بەو درا.

مەتەڵی ئەم جارە

هەر کەسێ ئەمانەی هەڵهێنا دەسەسرێکی دەدرێتێ:

ئەمە چییە؟

١- دەستی پێدا دەنێی دەم دادەچەقێنێ.

٢- قەڵای گەچین، ڕێ نییە تێی چین.

٣- کۆتکەدارێکە و دادگەری شارێکە.

٤- هەناسە دەدا، خاک دەخوا، گیانلەبەر دەخوا، دار دەخوا، کەچی کە ئاوی دەدەیتێ، دەمرێ.

٥- چل تاق، چل نیو تاق، تێدایە چاوزاق، چاوزاق.

## ژینی کۆمەڵی

دەم پیسی

یەکێک لەو خووانەی کە پیاو لەبەرچاوی خەڵک دەخات و سووکی دەکات (دەم پیسی)یە. دەم پیسی پیاوان و لاوچاکان نییە. پیشەی هەرچی و پەرچی و گەڕۆک و خوێرییە لەبەر ئەوە ئەگەر دەتەوێ خەڵکی نازت بگرێ و خۆشی بوێیت و، لە هەموو کاروبارێکدا یارمەتیت بدرێ خۆت لە دەم پیسی بپارێزە. داخەکەم خورماڵی، هەر ئەوەندەیان خۆشە تا تێکدەچن. کە تێکچوون، بام لەسەر شتێکی هیچ و پووچیش بێ، هەرچی خودا حەزی پێ نەکات و کردەوەی مەردانە پەسەندی نەکات، ئەوە بەیەکتر دەڵێن. لەم ڕۆژانەدا دەرگەوانی کارگێری خورماڵ (شەریف محەمەد) و دەرگەوانی نەخۆشخانەی خورماڵ (کەریم) بەخۆیان و خێزانیانەوە هەر لە تەنگی بانگی شێوانەوە تا پاش خەوتنان، بەبەرچاوی دەر و دراوسێکانیانەوە، جنێویان بەیەکتر داوە و ناو و ناتۆرەیان لەیەک ناوە و ئابڕووی یەکتریان بردووە.

ئێمە زۆر خەفەت دەخۆین کە دوو فەرمانبەری میری، کە پێویست بوو، بوونایە نموونەی کردەوە و ڕەوشتی جوان، ئاوا بەم شێوەیە سەری یەکتر بنەوێنن و، پەڵە بدەن لە شانی دێیەکە و دەسگاکانیان. زۆر حەز دەکەین کە هەموو کەس دڵنیا بێت لەوە، کە ئەم (کارگێڕیی لادێیی خورماڵ)ە، لەم جۆرە ڕەفتارانە بێ دەنگ نابێت و، سزای تەواو دەدات بەهەموو تاوانکارێک و، ناچاریشیان دەکات کە ملکەچ بکەن بۆ یاسا. ئەوا ئێستا ئەمانە دەنێرینە بەردەم دادگاە. سا خودام لەم خودایەیە کەسێکی تر بوێرێ (دەم پیسی) بکات.

## هەواڵی دەرەوە

ئەوروپا

دەنگ وایە کە لە ١٩٤٠/٧/٢٧دا ئەڵمانەکان و ئیتاڵییەکان پەلامارێکی تەواوی ئینگلیزەکان



بدەن. گوایە دەبێ (هیتلەر) بەسەربەرزیی داگیرکردنی بەریتانیاوە، لەو ڕۆژەدا بێتەوە (بەرلین) پایتەختی ئەڵمانیا. وا هەر لە ئێستاوە ئەڵمانەکان خەریکی ڕازاندنەوەی (بەرلین)ن، بۆ زەماوەندی ئەو ڕۆژەیان.

ئەمریکا

بەسەرپەرشتی فەرمانڕەوایی ئەمریکای یەکدگیرەوە (١٢١) فەرمانڕەوایی کۆماریی ئەمریکا خەریکن یەک بگرن و، بەڵێن بەیەکتر بدەن کە ئاواگە (مستعمرة)کانی ئەو فەرمانڕەوایییە ئەوروپاییانەی کە (هیتلەر) لەم سەردەمەدا داگیری کردوون، بیانپارێزن لە داگیرکردنیان لەلایەن ئەڵمانەکانەوە، تا شەڕ بەئەنجامێک دەگات.

ئاسیا

ئیتاڵییەکان (حەیفا) و شوێنە نەوتەکانی ئینگلیزیان بۆمباباران کردووە و، زیانیان پێ گەیاندوون.

* فەرمانڕەوایی (عێراق) خەریکە (کاربەدەستی ئابووری) و گەلێک دەسگا و فەمانبەران و کاربەدەستان لەکار بخات. ئەمەیش بۆ ئەوەیە کە لەم سەردەمی شەڕەدا هەندێک پارە پاشەکەوت بکات.
* لە بازێڕی (شەقلاوە)دا کە سەر بەخاکی هەولێرە لە کوردستانی عێراقدا، گەلێک میوانخانە و خانوو کراوە بۆ داڵدەدانی ئەوانەی بۆ ڕابواردنی مانگەکانی هاوین دێنە گەشتی ئەوێ. بەخۆشییەوە بیستمان کە خەستەخانەیەکی ڕێکوپێک و بەکەلکیشی تێدا کراوەتەوە.
* لە سلێمانییەوە نێرراوە بەشوێن ئەو جووتیارانەدا کە دەیانەوێ پارە لە فەرمانڕەوایی وەربگرن، بۆ بەرهەمهێنانی کشتوکاڵ. جا چونکە لە لادێیی خورماڵیشەوە گەلێک جووتیار داوای ئەم پارەیەی کردبوو، (کارگێڕی لادێیی خورماڵ) ناردی بەشوێنیاندا کە بچنە (سلێمانی) بۆ پارە وەرگرتن.

***

# خورماڵ

ژمارە: (١٣)

ڕۆژ: ١٩٤٠/٧/٢٥

## هەواڵی خورماڵ

کارگێڕی لادێ

ئەمە چەند ڕۆژێکە کارگێڕی لادێیی خورماڵ، لە بن کەپرەکەی باخچەی گشت لایی خورماڵدا کاروباری فەرمانڕەوایی دەبینێ تکا لە خەڵکەکە دەکەین لەمەولا ئەگەر کارێکیان پێیی هەبوو بێنە ئەوێ.

جەلال فەتاح

لە قەڵادزێوە (جەلال فەتاح)یان هێناوەتە باخچەی گشت لایی خورماڵ کرد. لە کانی دڵەوە سوپاسی نیشتمان پەروەریی دەکەین. لەم مانگەدا ئەمە دوو ئۆتۆمبێلچی خەڵکی سلێمانی ئەم پیاوەتییەیان لەگەڵ کردین، بەڕاستی سوپاسی خودا دەکەین کە ئەم گیانە پاکەی بەناو ئۆتۆمبیل چییەکانماندا بڵاو کردۆتەوە. خودا هاوتایان زۆر بکات.

بەپیتاکی پێشووەوە کە مابووەوە (١٨٧) فلس بوو، پارەکە بووە (٤٣٧) فلس.

## پێکەنینی خورماڵ

لەم ڕۆژانەدا ئەوەبوو کارگێڕی لادێی خورماڵ لە پارەی باخچەی گشت لایی خورماڵ کەوایەکی بۆ (عەلی ئەمین) کرد. جا لەم ڕۆژانەدا ئەوەبوو (ئامینە شێتی) باوکی (عەلی) هاتەوە. لەسەر بەدڕەوشتی لەلایەن کارگێڕی خورماڵەوە هەندێک سەرزەنشت کرا. لە ئێوارەدا کارگێڕ ناردی بەدوای (عەلی)ی کوڕیدا. (ئەمین) گوتبووی: «کارگێڕ کوڕەکەمی بۆ چییە؟ بەخودا قسەیەکی پێ بڵێ کەواکەی بۆ دەنێرمەوە!...». کەچی لە ڕاستیدا کارگێڕ (عەلی)ی بۆ ئەوە بانگ کردبوو دەسەسڕێکی بداتێ، چونکە هۆنراوەکانی لەبەر کردبوو!.

دەوەرە دەی (ئەمین) لەم قوڕاوە دەربهێنە!؟.

## ژینی کۆمەڵی

دۆست ئەو کەسە نییە کە لەبەر سایە و سێبەرت، یان بەچنگت، یان دەوڵەمەندیت یان جوانی خۆت یان کەسێک، دۆستایەتیت لەگەڵ بکرێ و خۆی بکات بەهاودەم و برات. چونکە ئەو دۆستایەتییەی لەبەر مەبەستێک گیرابێ، کە ئەو مەبەسەی پێکهات لێت دەتەکێتەوە، هەروەک نەیشیدیبێت وەها خۆی پیشان دەدا. پاشان دەبێتە دوژمنت و زیانیشت لێ دەدا. دۆست ئەو کەسەیە بێ مەبەس دەبێتە دۆست. ئەو کەسەیە کە هاودڵ و هاودەروونتە و، هەر لەبەر کردەوە و کاری جوان و بەرز و ڕەنگینت بۆتە دۆستت ئەو کەسەیە کە لە خۆشی و تەنگانەدا وەک یەک خۆشی دەوێیت. ئەو کەسەیە کە لە سەرت دەکاتەوە، کە لە تەنگانە ڕزگارت دەکات، کە لە خۆشیدا بەشداریت دەکات کە لەسەر چاکەی خۆت دەتگرێێنێ، ناهێڵێ خراپە بکەیت، هەمیشە لەسەر شتی چاک و پاک یاریدەت دەدات.

داخەکەم دۆست لەم ڕۆژانەدا کەمە. چونکە پیاوی جوامێر و مەرد کەم بوونەتەوە. ئەگەر دەتەوێ تا دەمێنیت بەناوچەوان بەرزییەوە بژیت و، لە هەموو کارێکدا سەربکەوی، بۆ خۆت و خاووخێزان و گەل و نیشتمان و دۆستانت دۆستێکی تەواوی ڕاستەقینەبە!



## هەواڵی دەرەوە

ئەورووپا

هیتلەر داوای ئاشتبوونەوەی لە ئینگلیزەکان کردووە. ئینگلیزەکانیش گوتوویانە: «ئێمە حەلێک ئاشت دەبینەوە کە هیتلەر سەربەخۆیی بداتەوە بەو فەرمانڕەواییە بەسەزمانانەی کە بەزۆری زۆرداری گرتوونی. ئەگینا تا تنۆکێک خوێن لە لەشماندا مابێت بەرۆکی ئەڵمانەکان بەرنادەین».

* شەڕ و کوشتار هەر لەناودایە.

ئاسیا

کاربەدەسییەکی نوێ لە ژاپۆنیادا دامەزراوە. ئەمانە حەز بەدۆستایەتیی ئیتاڵیا و ئەڵمانیا و دوژمنایەتیی ئینگلیزەکان دەکەن.

* فەرمانڕەوایی یەکێتی سۆڤییێت خەریکی لەشکر کۆکردنەوەیە.

* فەرمانڕەوایی ئێران سێ کەسی نادرۆتە کن فەرمانڕەوایی یەکێتی سۆڤێت بۆ بەستنی پەیماننامەیەک لە بابەت کشتوکاڵ و بازرگانی و ئابوورییەوە.

* چین و ژاپۆن هەر لە شەڕدان.

ئەمریکا

(ڕۆزڤلت) دیسانەوە بۆتەوە بەسەرۆکی کۆماری فەرمانڕەوایی ئەمریکای یەکدگیر.

بەغدا

فەرمانڕەوایی عێراق خەریکە پاسەوانی دادەمەزرێنێتەوە بۆ پاراستنی دارستانەکان.

سلێمانی: پشدەرییەکان

کە بەبۆنەی کوشتنی کارگێڕی لادێی ماوەت (نوری فەتاح)ەوە گیرابوون، بەرەڵا کران.

* کارگێڕی لادێی وارماوا (عارف حەسەن) کە گوتبووی کارگێڕی لە (ماوەت) ناکەم، دەستی لە فەرمان کێشرایەوە.

## ژینی تایبەتی

نووسراو (کتاب)، دۆستێکی: دڵسۆز و هاودەمێکی ڕووخۆش و یارێکی بەجۆش و خرۆش و مامۆستایەکی زرنگ و بەهۆشە. لەبەر ئەوە (نووسراو - دان)ێکی خنجیلانە لە ژووری دانیشتنەکەتدا دابمەزرێنە، پڕی بکە لە نووسراوانی خۆش خۆش و نایاب. بام لە شەواندا بینە گوڵی کۆڕەکەت، دڵی خۆت و ماڵ و منداڵ و میوانانت پڕ بکەن لە گەشی و خۆشی.

# خورماڵ

ژمارە: (١٤)
ڕۆژ: ١٩٤٠/٧/٢٩

## هەواڵی خورماڵ

نەخۆشی

برینپێچی نەخۆشخانەی خورماڵ (محەمەد حلمی) نزیکەی (١٥٠) کەس نەخۆشی لە گوندەکانی: (ئاوایی حەمە سەلیم بەگ، شیرەمەڕ، ڕیشێن، قانیەجە، شانەدەری سەروو، شانەدەری خواروو، قەدەفەری، ئامووره و، بانی شار)دا دەرمان کرد و لە ١٩٤٠/٧/٢٩دا هاتەوە خورماڵ. نەخۆشییەکان ئەمانە بوون: (لەرزوتا، چاوئێشە، گرفت). وەک دەیزانین گەلێک گوندی تریش ئەم نەخۆشییانەیان تێدایە. جا تکا لە کوێخاکان دەکەین، کارگێڕیی لادێی خورماڵ، یاخود نەخۆشخانەی خورماڵ ئاگادار بکەن، بەڵکو زوو برینپێچەکەمان بنێرینە ئەو شوێنانەیش، تا نەخۆشەکان دەرمان بکات.

جێنوشینی پارێزگاری سلێمانی

ڕۆژی ١٩٤٠/٧/٢٨ جێنوشینی پارێزگاری سلێمانی چووە بیارە و تەوێڵە و باخەکۆن و خورماڵ و پێنجوین. کارگێڕی خورماڵ چەند شتێکی داواکرد، کە بۆ لادێی خورماڵی جێبەجێ بکات. هەندێک لە خواستەکانمان ئەمانە بوون:

١- کردنەوەی خوێندنگایەک لە (خورماڵ)دا.
٢- کردنەوەی نەخۆشخانەیەک لە (شانەدەری)دا.
٣- دروستکردنی پردێک لەسەر ئاوەکەی خەندەکی خورماڵ.
٤- بەستنی خورماڵ بەهەڵەبجە و تەوێڵە و بیارەوە بەهێڵی تەلەفۆن.

جێنوشینی بەڕێز (مامۆستا وەفیق حەبیب) بەڵێنی داینێ کە هەوڵ بۆ جێبەجێکردنی ئەم خواستانە بدات سوپاسی دەکەین.

نەخۆشی ڕەشەوڵاخ

یاریدەدەری بەیتاڵی هەڵەبجە، خەریکی دەرمانکردنی ڕەشەوڵاخەکانی گوندی (وەڵەسمت) و گوندەکانی ترە.

## ناسکەقسە

* پیاو بەپیاو دەگات، کێو بەکێو ناگات.
* نە شیش و نە کەباب.
* شەڕ لە بەتاڵی چاکترە.



* پیاو کە گلۆڵەی کەوتە لێژی، کەس خاسی پێ نابێژی.
* زستانان پینە و پەڕۆ، هاوینان ورد ورد بڕۆ.
* دەرگای بەدخوویی گرێژەنەی شلە. هەر پاڵت پێوەنا زوو دێتە سەرپشت.

## ڕەوشت و خوو

ڕاستی

ڕاست بڕۆ! چونکە ڕاستی بەگورجی لە خەم و خەفەت و ئێش و ئازار ڕزگارت دەکات.

ڕاست بە! چونکە ڕاستییەکە لەلای هەموو کەس نازدار و خۆشەویستت بکات سەر ڕاست بە! چونکە هەر ڕاستییە کە بتخاتە دڵخۆشی و بەختیارییەوە. (ڕاستی): لە هەموو ڕێگایەک کورتتر، لە هەموو شتێک هەرزانتر، لە هەموو کەسێک دڵسۆزتر و بەکەلکترە و، زووتریش بەنیاز و ئاواتی خۆتت دەگەیێنێ. پیاوی ڕاست: هەموو دەم سەری بەرزە و، لە کاروباری خۆیشیدا سەرکەوتووە. بۆچی؟ چونکە خودا خۆشی، خەڵک خۆشی دەوێ. لەبەر ئەوە ئەگەر خۆتت خۆش دەوێ (ڕاست)بە!...

## لەشخۆشی

جوولان

بەنەبزووتن و نەجوولان، ئەندامەکانی لەش سست و لاواز و کەم هێز دەبن. جوولان و کار و فەرمانکردن لەش سووک دەکەن، خوێن گەش دڵ دەکەن. کردەوە و ڕەوشت ڕاست دەکەنەوە.

گەڕان لە هەموو جوولانێک باشتر و بەکەلکترە. کەوشەک و ڕاکردن، شاخەوانی و دارەوانی، سواری، مەلەکردن و، یەکە و حەیزەران و، بازدان، ئەمانە هەموو بۆ لەش خۆش نایاب و بەکەلکن. بەڵام وریابە ئەوەندە ماندوو نەبیت کە پەل و پۆ بکەویت. چونکە جوولانی لە وزە ترازاو نەخۆشت دەخات.

## پێکەنینی خورماڵ

(هەر زیانی بۆ مەڕەکانم نەبێ!...)

کابرایەکی شارەزووری نەشارەزا دێتە خورماڵ. ئەو هێشتا چاوی بەمنارە نەکەوتبوو. کە تەماشای کرد ئەوا کابرایەک لەسەر منارەی مزگەوتەکەی خورماڵ بانگ دەدات. دەپرسێ:

«ئەرێ برا ئەو قوولە قوولە چەس؟».

«ئەو کابرایە بەو سەرەوە چە بێژێ؟!». یەکێکیش پێی دەڵێ:

«ئەوە بانگدەرە. بانگ دەدات. کە خەڵک گردبینەوە و نوێژ بکەن».

کابرایش دەڵێ: «ئەو هەر زیانی بۆ مەڕەکانم نەوێ، قەی ناکات بام هەر قوولە قوولی خۆی بکات!؟».

## هەواڵەکانی دەرەوە

ئەورووپا

* چونکە ئینگلیزەکان ئاشت نەبوونەتەوە، ئەڵمانەکان گوتوویانە: «بام ئیتر بەریتانیا بەتەمای ژیانی خۆی نەمێنێ. بەم زووانە وێرانی دەکەین».
* فەرمانڕەواییبیەکانی (باڵتیق): واتا (ئیستۆنیا) و (لیتوانیا) و (لاتڤیا) یاسایان گۆڕراو بوون بەکۆمۆنیست و لەگەڵ فەرمانڕەوایی یەکێتی سۆڤێتدا بوون بەیەک.
* فەرمانڕەوایی (ڕۆمانیا) و (بەریتانیا) کەوتوونەتە ڕقەبەرییەوە هەردوولا زیانیان بەیەکتر گەیاندووە.
* شەڕ و کوشتاری ئەورووپا هەر لە برەودایە.

ئاسیا

* چینییەکان سێ شاریان لە ژاپۆنییەکان سەندۆتەوە.
* بەریتانیا و ژاپۆنیا کەمەری دۆستایەتییان بەستووە.
* چین و یەکێتی سۆڤییێت هەر لەسەر دۆستایەتیی خۆیان ماونەتەوە.
* لە (بەغدا)دا گەلێک دەسگای گەورە و بچووک لە کاربەدەستییەکانی (ئابووری) و (کاروباری ناوەوە) و (داد) و (دارایی)دا هەڵگیراون.

## ژینی تایبەتی

ساز و ئاواز

پێویستە لە ماڵەکەتدا شمشاڵێک یان تارێک یان عوود یاخود کەوانچەیەک یان گرامەفۆنێک، یان ڕادیۆیەک، هەر هیچ نەبێ دەنگ خۆشێک هەبێ، چونکە گۆرانی و ساز و ئاوازی خۆش، سەر سووک دەکەن، دڵ خۆش دەکەن، لەش دەبووژێننەوە بۆ خۆت و خێزان و میوانانت دەبنە گوڵێکی کوڕ و پزیشکێکی دڵسۆز.

***

# خورماڵ

ژمارە: (١٥)

ڕۆژ: ١/٨/١٩٤٠

## هەواڵی خورماڵ

ڕەشەبا و گەرما

ڕۆژی ٢٩/٧/١٩٤٠ ڕەشەبا و گەرمایەکی توند و ناخۆشی لە خورماڵدا، هەڵکرد و پەیدابوو.



مەتەڵ

مەتەڵی جاری هەرە پێشوو چوار شاگردی خوێندنگای خورماڵ هەڵیان هێنابوو. بەڵام کە سەرپشکمان نا (شەریف محەمەد) دەسەسڕەکەی بەرکەوت. مەتەڵەکان وا هەڵهێنراوە:

١- برنگە (مەقەست). ٢- هێلکەیە. ٣- مەنە. ٤- ئاگرە. ٥- هەنارە.

ئینگلیزێک لە بیارەدا

ڕۆژی ٣٠/٧/١٩٤٠ مێجەرێکی ئینگلیز لەگەڵ دوو باڵبازدا چووبوونە سەیری سنووری عێراق و ئێران لە بیارەدا. هەر ئەو ڕۆژە گەڕابوونەوە.

سەربازی عێراق

دوو تیپی تر لە سەربازانی عێراق چوونەتە پێنجوینەوە

پیتاک

| فلس | دینار | |
|---|---|---|
| ١١٥ | ١ | پیتاکی مانگی میوەخۆش (تەمووز). |
| ٧٠٢ | ٠ | پیتاکی مانگی خەرمانان (حوزەیران). |
| ٨١٧ | ١ | هەمووی |

| فلس | دینار | |
|---|---|---|
| ٠٦٠ | ١ | بەختکراوەی مانگی میوەخۆش. |
| ٦٩٠ | ٠ | بەختکراوەی مانگی خەرمانان. |
| ٧٥٠ | ١ | هەمووی |

کەواتە ئەوەی پاشەکەوت دەبێ بۆ مانگی گەلاوێژ (ئاب)ی ١٩٤٠ تەنیا (٦٧) فلسە.

## هۆنراوەی نوێ

(ئێمە و گەورەکانمان)

ئەمە بۆتە ڕەوشت و کردەوەمان
هەرچی دەستدارە، خێوی نان و خوان
بێ ئەمەی تێی بگەین چییە و چ نییە
دین و ئایین و باوەڕی بەچییە
خوا دەناسێ بەڕاستی یان بۆ مەبەس
هاودەمی پیاوی باشە یان ناکەس

کـــاروباری یەکـــە لەگـــەڵ زاری
دڵی خـــاوێنـــە، جـــوانە کـــرداری
ڕەگـــەزی خـــۆی دەوێ، دەکـــۆشێ بۆی
یاخـــود دەیفـــرۆشێ بۆ مـــەرامی خـــۆی
پێی دەڵێین: «دەرگـــەوان و نۆکـــەرتین
بۆ هەمـــوو کـــاروباریێ ڕەنجـــبـــەرتین»
چەشنی کوێر هەرچی ئەو بڵێ دەیکەین
هەرچی پێویستی بێ، بەدەستی دەخەین!
ئەویش سـا (سـەید)ە ئەگـەر پیـرە
یاخـــود سـەردارە، یان کـوڕی میـرە
تاکـــو چەند ڕێ بدا دەروون و دڵی
زیرەکی بڕ بکـا ئەوەنـد بـەکـــوڵی
بەفـــڕوفـــێڵ و تەفـــرەدان و درۆ
قـڕ دەکـا گیـان و مـاڵی قـەومی خـۆ!

***

ئێمـەیش هێندە نەزان و پاشکەوتووین
هێند لەگـەڵ یەکـتـری بەد و چەوتین
تێ نەگەیشتووین لە دەردی خۆ هێشتا
وا دەزانین کـە فـەرمـوودەی خـوایە
شـێخ و سـەردارمـان کـە ئاوایە!...
شێخ ئەگەر شێخی ڕاستەقینە دەبوو
بۆچی چاوی لە ماڵی خەڵکی دەبوو؟!

(شاکر فەتاح)
(ماویە)

## زانستی گشت لایی

(باران)

ئاخۆ هیچ جارێک بەبیرتدا نەهاتووە بڵێیت باران چۆن دەبارێ؟ چۆن پەیدا دەبێ؟ ئەگەر نایزانیت: زرێ (بحر) گەورەکان تینی هەتاو کاریان لێ دەکات، هەڵمیان لێ هەڵدەستێ. ئەم هەڵمانە لە ئاسماندا یەک دەگرن و دەبن بەپەڵە هەور بایەکی توندیش ئەم پەڵە هەورانە دەکات بەیەک و سەریان دەخات، تا تووشی شوێنێکی سارد و نسرم دەبن. لەوێ وردە گەردەکانی ئەم هەڵمانە، کە لە بنچینەدا ئاوی زرێکانن ئەم سەرمایە کاریان لێ دەکات، یەک دەگرن و دەبن بەتنۆکە ئاو. جا بەکلوور لەم تنۆکانە بەهەناسەیەک



پەیدا دەبن. هەر ئەم تنۆکانەیشن کە لە ئاسمانەوە دەڕژێنە سەر زەمین و، ئێمە پێیان دەڵێین: (باران). (بەفـر) و (تەرزەیش) هەر بەم ڕەنگە پەیدا دەبن. ئەوەندە هەیە، ئەم تنۆکـە بارانانە لە ڕێگادا تووشی شوێنێکی ساردتر و نسرمتر دەبن و بەبەفر و تەرزە.

## ڕەوشت و خوو

چاکەت لەبەر چاو بێت

ئەو خودایەی هێناویتیە ئەم جیهانە پڕ خۆشی و بەختیارییەوە، باخ و بێستانی پڕ لە میوە و سەوزەی خۆش خۆشی بۆ هێناویتە بەرهەم، چیا و دۆڵی ڕەنگینی پڕ لە گوڵ و نەستەرین و، پیاو و ژن و کوڕ و کچ و هاودەمی جوان و شیرین و پەرندە و گیانلەبەری پەسەندی بۆ دروست کردوویت، چاکەی بدەیتەوە. دەس و دامێن پاک و دڵ خاوێنانە تێبکۆشیت و، لەگەڵ خەڵکی تردا بەدڵسۆزی و برایەتییەوە بجوولێیتەوە و هەر لەسـەر فـەرمـوودەی خودایی بەڕێوە بچیت. (چاکـەدانەوە)، چاکەی تری لەدوو دێ، سـەربەرزی و دڵخۆشی بۆ پیاو دەهێنێتە بوون، لای خەڵکیش خۆشەویستت دەکات.

(چاکەدانەوە) پیشـەی پیاوی مـەرد و سـەر ڕاستە. لەبەر ئەوە هەر کەسێک چاکەی لەگەڵ کردیت چاکەی بدەرەوە.

لەندەن

* فـەرمـانڕەوایی بەریتـانیـا خـەریکە ڕێگەی زرێ فـراوانەکـانی (هادی) و (هیندی)یش لە ئەڵمـان و ئیتاڵییەکان بباتە بەست.

ئەوروپا

* شەڕ و کوشتاری ئەوروپا هەر لەناودایە.
* فەرمانڕەوایی (ڕۆمانیا) خەریکە دڵنەوایی فەرمانڕەوایی (مەجەر) و (بولغاریا) دەکات.

ئەمریکا

* فەرمانڕەوایی ئەمریکای ژووروویی یەکدگیر خەریکە نەهێڵێ لە هیچ فـەرمـانڕەواییـیەکی ئەمریکاوە نەوت و بەنزین بەخـەڵکی دەرەوە بفرۆشێت. جا لەمـەدا ژاپۆنیـا و دوژمنەکـانی ئینگلیـز زیانیـان پێ دەگات.

هەڵەبجە

* کارگێڕی دارایی هەڵەبجە، (میرزا مارف) گوێزرایەوە بۆ کارگێڕی دارایی قەڵادزێ.

سلێمانی

* قائیمقامی پشدەر (حەمزە شاسوار) و قـائیـمقـامی شارباژێڕ، (حـیکمەت زەهاوی) گـوێزرانەوە بۆ دەرەوەی خاکی سلێمانی.

# گوزەرانی ناودێ

بێ دەرامەتی

ئەم ساڵ (سون) خەلەی ئەم ناوەی بەدەردێ بردووە، جووتیارە بەسەزمانەکان، زۆریان، نیوەی تۆوەکەی دایانچاندووە، دەستیان نەکەوتۆتەوە! ئەوە بەم ڕەنگە مەگەر تا ساڵێکی تر، زۆریان بەبرسێتییەوە بژین!... مامەی جووتیار! چەند جارت پێ دەڵێم پیاو دەبێ دووربین بێ، دوارۆژ و ڕۆژی تەنگانە لێک بداتەوە. پیاو لە ژیانی ناودێدا نابێ گوزەرانی خۆی بەتەنیا بخاتە سەر دەغڵودان. پێویستە بەتەنشت ئەوەیشەوە مریشک و... بهێنێتە بەرهەم. بیانفرۆشێ بۆ ڕۆژێکی وا، تا لە دەست برسێتی ڕزگاری بکەن.

***

# خورماڵ

ژمارە: (١٦)

ڕۆژ: ١٩٤٠/٨/٥

## هەواڵی خورماڵ

گەرمای خورماڵ

لەناو گەرمای خورماڵ هەندێک خێزان کۆچیان کردە (ئاوایی ڕۆستەم بەگ). چونکە (س...) بەڵێنی خۆی شکاند و لە جووتیارە بەسەزمانەکان (٢٠) فلسی زۆرتر دەسەند بۆ نووسینی سکاڵایەک، کارگێڕی لادێی خورماڵ پەکی سکاڵا نووسینی خست و، لە جێی ئەو (محەمەد عەلی ئەمین)ی گەڕیدەی دانا بۆ سکاڵانووسین بۆ جووتیارەکان. کارگێڕ ئامۆژگاری ئەمیشی کردووە و بەڵێنی لێ سەندووە کە بۆ هەر سکاڵایەک لە (٢٠) فلس زۆرتر نەسێنێت. ئەگەر خاوەن سکاڵا دەست تەنگیش بوو بەخۆڕایی سکاڵاکەی بۆ بنووسێ. جا تکا لە لادێییەکان دەکەین کە لەمەودوا لای (محەمەد عەلی ئەمین) سکاڵاکانیان بنووسن چونکە لە هەڵەبجەدا گرانتریان لێ دەسێنن، زۆرتریش پەکی فەرمانیان دەکەوێ.

عەباسی سەعە دزکوژ

نووسیاری باڵبازخانەی خورماڵ، عەباسی سەعە دزکوژ گوێزرایەوە بۆ تەوێڵە.

## ناسکەقسە

* دڵ ئاوێنەی دڵە.
* موویەک لە بەراز ببێتەوە هەر باشە.
* چاکە چاکەی لە دووە، خراپەیش خراپی.



## چیرۆک

(سپڵە)

ڕۆژێکی زستانی سارد و سڕ، جووتیارێکی دڵپاکی چاکەخواز، مارێکی بینی، خەریکە ڕەق دەبێتەوە. بەزەیی پێدا هاتەوە. هەڵی گرت و بردیە ماڵەوە لای گوێ ئاگردانەکەیەوە داینا. ئەمەندەی پێ نەچوو تینی ئاگرەکە مارەکەی گەرم کردەوە و، بووژاندیەوە، خستیەوە جوولە جوول. مامەی جووتیار بەوەیش وازی نەهێنا، هەندێک شیر و خۆرشتی تری بۆ هێنا. مارەکە خواردنی، ئیتر بەتەواوەتی هاتەوە سەرخۆی. مامەی جووتیار هێشتا پێڵاوەکانی لە پێی دانەکەندبوو. لای گوێ ئاگردانەکەوە قاچەکانی درێژ کردبوو. خۆی خەریک دەکرد بەدەمکردنی چایەوە. بەڵام چاوی لە مارەکە نەبوو. کاتێک چاوی هەڵبڕی، تەماشای کرد: ئەوا مارەکە خەریکە بەقاچیەوە بدات. ئەوساکە پەنجەی خۆی گەست و پەشیمان بووەوە. گوتی: «بەخودا پەشیمان بوونەوەی گورگ کاتێک سەردەگرێت، کە بچێتە مەرگەوە. مار هەزار بار چاکەی لەگەڵدا بکەیت، هەر مارە دەبوو هەر ئەوسا بمکوشتایە!... ئینجا خۆت بگرە ئەی مار!... یا خودا!...». هەر ئەوەی گوت و پێی بەرزکردەوە و، ماڵی بەسەری مارەکەدا، سەری پلیشاندەوە. مارەکە تۆپی و، بەم ڕەنگە بەری بەدخوویی خۆی خوارد!...

یەکێک لە فەرمانبەرەکانی خورماڵیش چ لەلایەن کارگێڕ و، چ لەلایەن سەرۆکی باڵباز و، چ لەلایەن فەرمانبەران و دانیشتووانی خورماڵەوە بەچەشنی ئەو مارە لە دەست تەنگانە و دوژمن و دەست تەنگی ڕزگار کرا و، هەموو جۆرە پیاوەتی و چاکەیەکی لەگەڵدا کرا. کەچی لە مارەکە خراپتر دەرچوو. لە ژێرەوە بەگەلێکیەوە دا و، خەریکیش بوو بۆ کەلکی ناپەسەند و ناشیرینی خۆی ئاگرێکی شەڕوشۆڕ لەناو فەرمانبەرەکاندا هەڵبگیرسێنێ، تا کارگێڕی و باڵبازخانە چاویان هەڵبڕی و لە کردەوە و ڕەوشتی تێگەیشتن. ئینجا ئەوانیش دەرگای یارمەتی و خۆشەویستییان لێ داخست و لە خورماڵیش تەفروتوونایان کرد.

ئەوا بەم ڕەنگە (کاکی فەرمانبەر) خورماڵە پڕ خۆشەویستی و یارمەتییەکەی بەجێ هێشت و، لە دوای خۆیەوە کەسێکی پیاوی نەهێشتەوە کە تۆزێ خەم بۆ جیابوونەوەی بخوات!...

## هەواڵی دەرەوە

* شەڕ و کوشتاری ناو ئینگلیز و ئەڵمان و ئیتاڵییەکان و، ناوەند چین و ژاپۆنیا هەر لە برەودایە.
* ئەمە سێ ڕۆژە لە ساتی ٤،٤٥ واتا دەمەو ئێوارێ، ڕادیۆی بەغدا بەزمانی کوردیش دەنگوباسی دەرەوە بڵاو دەکاتەوە.

کاشکی فەرمانڕەوایی لە گۆرانیبێژ و دەنگ خۆشەکانیشمان چەند کەسێکی ببردایە ئەوێ و، گۆرانی و بەستە و ئاهەنگە کوردییە ناوازە و خۆشەکانیشی پێ بڵاو بکردنایەوە.

## گوزەرانی ناو گوند

نەخۆشی

وەک بیستوومە و دەیبینم مامەی لادێیی لەم ڕۆژانەدا نەخۆشیی (لەرزوتا) و (کۆلێج) و (سەرما) برستی خۆت و خێزانتی بڕیوە و، لە پەلوپۆی خستوون و، پەکی کار و فەرمانیشی خستوون. جا ئەگەر بەدۆستمان دەزانیت، ئەوا بەپێی ئەم ئامۆژگارییانەی لە خوارەوە بۆمان نووسیویت برۆ بەرێوە تا لە نەخۆشی خۆت بپارێزیت:

١– کەم خۆت ماندووبکە. زوو، زوو خۆت بحەسێنەرەوە. خۆت باش بپێچەرەوە.

٢– کە ئاورەگ (ئارەق)ت کردەوە، خۆت مەخەرە بەر با، تا وشک دەبیتەوە. پاک و خاوێنبە.

٣– لەسەر ماندوویێتی هیچ مەخۆ، هیچ مەخۆرەوە.

٤– لە جێی نسرم و تەڕدا مەنوو، کەمیش دانیشە. ئەگەر بێت و ئەمانە بکەیت خۆت لە نەخۆشی دەپارێزیت، ئەگینا تووشی نەخۆشی و پزیشک دەبیت!...

***

## خورماڵ

ژمارە: (١٧)

ڕۆژ: ١٩٤٠/٨/٢٢

تکا

بەهۆی کاروباری میری و چوونە دەرەوە، نووسەری ئەم ڕۆژنامەیە، دەستی نەپەرژا ڕۆژنامەکە لە ڕۆژی خۆیدا دەربهێنێت. تکا لە خوێندەواران دەکەین بمانبەخشن.

هاتوچۆ

* لاوی گیان بەرز (مەحموود شەوقی) لە کەرکووکەوە، پارێزگاری سلێمانی (حەمید مەجید) و کارگێڕ باڵباز و قائیمقامی هەڵەبجە، لە سلێمانی و هەڵەبجەوە، (مەلا قانع) لە پێنجوینەوە، (حەمە سەعید قەزاز) قائیمقامی زاخۆ و (ڕەشی نەجیب) و (مچەی حاجی برایم ئاغا) و (ئەحمەد حەداد) لە سلێمانییەوە، یاریدەدەری باڵبازی هەڵەبجە هاتنە خورماڵ و گەڕانەوە.
* کارگێڕی لادێیی خورماڵ چووە گوندەکانی (گوڵپ) و (سەرگت) و (بیارە) و (بەڵخە) و (تەوێڵە) و (ئاوایی ڕۆستەم بەگ) بۆ کاروباری گشتی و گەڕایەوە خورماڵ.
* ئێمرۆ دادگەری هەڵەبجە (شێخ محەمەد خاڵ) و براکەی کە نموونەی گیانی بەرز و کردەوەی ڕەنگینن بۆ سەردان دێنە خورماڵ. بەگیانێکی برایانەوە ماندوونەبوونییان دەکەین.



پیتاک

(مەحموود شەوقی) و منداڵەکەی (٦٣) فلس، (حەمە سەعیدی قەزاز) قائیمقامی زاخۆ (١٠٠) فلس (ڕەشید نەجیب) فلسیان پێشکەش بەسندووقی باخچەکە فەرموو، لە کانی دڵەوە سوپاسی پیاوەتی و نیشتمانپەروەرییان دەکەین. بە(٦٧) فلسەکەی پێشووەوە بوو بە(٣٣٠) فلس.

ئاوی بیارە

(هانە گەرمەڵە)ییەکانی کوردستانی ئێران ئاوەکەی بیارەیان بڕیوە. باخەکانی بیارەییە بەسەزمانەکان خەریکن وشک بن. بۆ چارەسەرکردنی ئەم کردەوە ناپەسند و ناشیرینە لەلایەن ئەم کارگێڕییە و قائیمقامی هەڵەبجەوە لە فەرمانڕەوایی ئێران گەیێنراوە... ئێستا هەوڵ دەدرێ ئەم ئاوە بەر بدرێتەوە و، جارێکی تریش فەرمانڕەوایی ئێران ڕێی ئەم جۆرە کارەساتە نەداتەوە.

مەلای مزگەوتی خورماڵ

خورماڵییەکان (مەلا عارف)یان لە پێشنوێژی (ئیمامێتی)ی مزگەوتی خورماڵ خست و (مەلا خالدی زەڵمی)یان لە جێی ئەو کرد بەمەلای خورماڵ. (مەلا خالید) لە خێزانێکی خاوەن ئایین و زانستپەروەرە. ئەوەندەی گەش و ڕووخۆشە، هێندە زرنگ و بەهۆشە. کارگێڕیی خورماڵ، چونکە خەڵکەکەی خورماڵ خۆشەویستی خۆیان بەرامبەر (مەلا خالید) پیشان دا و، خۆیشی هیوای ئەوەی بە(مەلا خالید) هەیە کە یارمەتی بلاوکردنەوەی زانست و ئایین بدات لە ناوچەکەدا، دەستبەجێ مەلایەتییەکەی ئەوی پەسند کرد. ئێمە لە کانی دڵەوە پیرۆزبایی لە هەردوولا دەکەین. لە خودایش دەخوازین کە لە پەروەردەکردنی گیانی ئەم لادێییە بەسەزمانانەدا سەریان بخات.

## پێکەنینی خورماڵ

(سویجگەر و قاچ ئاوسان)

لەم چەندانەدا (میرزای غەفووری خورماڵی) قاچی بای تێ دەدا، دەئاوسێ دەچێتە سەر گۆڕی (شەخس)ێک لەم نزیکانەوە. پێی دەڵێن: «ئەگەر چاکم بکەیتەوە: سویجگەرێک بەناوی تۆوە بەسەر هەژاراندا دەبەشمەوە». ئەمە دەڵێ و لەسەر ئەردی ناو قسنەکە ڕادەکشێت و دەنوێ کە لە خەو ڕادەپەڕێ تەماشا دەکات: ئەوا ئاوسایی قاچەکانی نەماوە، میرزا بە دڵخۆشییەکەوە، دەگەڕێتەوە خورماڵ. لە ڕێگا (شەیتان) سواری دڵی دەبێ، دەڵێ: «شەخس و مەخس چی لە دەست دێت؟ خودا نەبێ کێ دەتوانێت نەخۆش چاک بکاتەوە؟ من ڕیژگاو بووم ماڵ و منداڵم بەو برسێتییەوە بهێڵمەوە و، بچم سویجگەرێک بۆ ئەم شەخسە ببەشمەوە؟ بەخودا سویجگەر بۆ ئەو نابەشمەوە. خۆم دەیخۆم!...». زۆری پێ ناچێ (میرزای غەفوور) قاچەکانی دەئاوسێنەوە... ئینجا پەشیمان دەبێتەوە و، ڕوو دەکاتە شەخسەکە پێی دەڵێ: «بابە! پەشیمان بوومەوە لە گوناهی خۆم. پەیمان بێ ئەم جارە چاکم بکەیتەوە، بەناوی تۆوە سەر و پێیەک بەسەر هەژاراندا ببەشمەوە!؟».

## هۆنراوەی نوێ

ئێمە و گەورەکانمان

پاشماوەیە: (٢)

کاکی خۆم واز بهێنە لەم بیرە
گەورەیی نە بەشێخە نە میرە!
هەر کەسێ هات بەکردەوەی جوانی
برسی تێرکرد بەسفرە و خوانی
یاریدەی بێکەس و هەژاری دا
پیاوی زانا و فەن و کاری دا
وازی هێنا لە خۆپەرستی خۆی
ماڵی کردە فدای ولاتی خۆی
چوو بەگژ بەدڕەوشت و زۆردارا
هاتە مەیدان لە ڕۆژی هاوارا
بەختیاری ولاتی، ئازادی
کردە ئامانجی خۆی بەدڵشادی
ئەوەتا پیاوی میللەت و گەورەی
کەمە هەرچەندێ بەندەییتی بکەی!

***

قسەییێکم هەیە بچووک و ڕەقە
تیژ و کاریگەرە ئەوەندە حەقە
«ئەگەر بینین و فام و هۆشت بێ
مەکە بڕوا کە گەورەییێکت هەبێ!»
دوو هەزار شێخ و پیر و سەردارت
دەست دەنە کاروبار کەس و کارت
پشتیان پێ نەبەستی سەد ئامان
«تا نەهێنی بەڕاستیان ئیمان»
سڵ نەکەی، سەربەخۆ، گەش و سەرڕاست
پێش بخە قەومی خۆت لەسەر ڕێی ڕاست
تا خوا ڕۆستەمێکی داستانێک
شێری مەیدان وەکو (کەریم خان)ێک



دەرەخسێنێ بۆ خاکی کوردستان
ڕستگاری دەکا لە دەست فەوتان
ئەگینا تاکو شێخ و میر وا بێ
کوردی بێ چارە دەبێ وا بێ!؟

(شاکر فەتاح)
ساڵی ١٩٣٧

## هەواڵی دەرەوە

ئەورووپا

شەڕ و کوشتاری ئینگلیز و ئەڵمان و ئیتاڵییەکان هەر لە برەودایە وا دیارە پێشکەوتوویی ئەورووپا، هێشتا لە وزەیدا نییە ئەم ناکۆکییە بەخۆشی ببڕێنێتەوە و، هەر لایە بەشی خۆی بدرێتێ و ئیتر دەنگە دەنگ نەکات!...

ئاسیا

ژاپۆنیا و چینیش هەر لە شەڕدان. هاکا ژاپۆنیایش چووە سەر دەسەی ئەڵمان و ئیتاڵییەکان و چوو بەگژ ئینگلیزەکاندا. (تورکیا) ترسی لە (یەکێتی سۆڤیێت) هەیە، کەوتۆتە خۆی.

ئەفریکا

(میسر) و (فەلەستین) خەریکن بەئاگری ناکۆکی ئەورووپاییەکان دەسووتێن. زیانیان گەلێک لێ کەوتووە.

ئەمریکا

ئەوەندەی ژاپۆنیا، بەریتانیای ترساندووە، هێندەیش ئەمریکای ژوورووی یەکدگیر ئەڵمانیا و ئیتاڵیای ترساندووە. هێندەی نەماوە ئەمیش بچێتە شەڕەوە.

## بۆ شاگردانی خوێندنگای خورماڵ

ڕۆژی ١٩٤٠/٨/٢٩ لە (چیرۆک) و (ئەلف و بێ) و (ژمێر)دا تاقیتان دەکەینەوە... هەر کەسێ بەیەکەم دەرچوو، دەسەسڕێک و نووسراوێکی نایابی دەدەینێ.

***

# خورماڵ

ژمارە: (١٨)

ڕۆژ: ١٩٤٠/٨/٢٦

## ئاز و گوێز

* عەلی مەحموود سەرۆکی باڵبازەکانی لادێی خورماڵ کرا بەسەرەک تیپی باڵباز لە لادێی پێنجوێندا، کە تەنگ بەیاخیبووەکانی ئێران (سەید عەتا) و هاوڕێکانی هەڵبچنێ و نەهێڵێ بێنە خاکی عێراقەوە.
* ئەحمەد شەوقی چاوەشی بنکەی باڵبازی خورماڵ نێررایە (میشیاو) لە لادێی پێنجویدا لە جێی ئەو سەرەک پاسەوانی باڵبازی میشیاو دێتە ئێرە، ناوی (سدیق)ە.
* چاوەشی بنکەی باڵبازی تەوێڵە مستەفا قەزاز هێنرایە شوێنی سەرۆکی باڵبازەکانی لادێی خورماڵ.
* یەکێکی تریان ناردۆتە تەوێڵە، ناوی (مەجید)ە.
* شەریف دەرگەوانی کارگێڕی لادێی خورماڵ، لەبەر هەندێک هۆ، دەستی لە کار کێشرایەوە و، لە جێی ئەو حەمەی میرزا ئەفەتاحی ئەحمەدی سۆفی دانرا.

ڕێگای ئەحمەدئاوا

ڕێگای (خورماڵ - ئەحمەد ئاوا - هەڵەبجە) تەخت کرا.

کارگێڕیی لادێی خورماڵ، کە ئەمە چەند جارێکە داوا دەکات لە فەرمانڕەوایی خوێندنگایەک بکاتەوە لە گوندی خورماڵدا لەم ڕۆژانەدا تێی گەیێنرا، کە میری ئەم ساڵیش پێی ناکرێ بیکاتەوە!...

## پێکەنینی خورماڵ

حەزرەتی مووسا و مەلا عارف

لەم ڕۆژانەدا لە گوندی (زەڵم) بووین دەستمان کردبووە گاڵتە و گەپی خۆش لە پڕێکدا کەینەوبەینەی مەلا عارف و مەلا خالید هاتنە پێشەوە. گفتوگۆکەیان بەم جۆرە بوو:

کارگێڕی خورماڵ: خودا نەتگرێ مەلا خالید!... ئەگەر تۆ نەهاتیتایە خورماڵ، مەلا عارفی پێشنوێژی مزگەوتی خورماڵ بۆ چ زوو وازی لەم جێگا خۆشەی (زەڵم)ە دەهێنا و دەهاتەوە ئەو گەرمایەی خورماڵ؟!...

یەکێک لە دانیشتووان: بەڕاستی خۆشی زەڵم پێشنوێژی مزگەوتی خورماڵی لە بیر مەلا عارف بردبووەوە!؟.



کارگێڕی خورماڵ: ئێستا دەزانن مەلا عارف چۆن خۆی دەداتە قەڵەم؟

هەموویان: چۆن؟

کارگێڕ: خۆی بە حەزرەتی مووسا دادەنێ، کە بەهەڤاڵەکانی خۆی گوت: «چاوەڕوانم بن تا دەچمە سەر ئەو شاخە، قسە لەگەڵ خودادا دەکەم. هەر ئێستە دێمەوە». کەچی هەتا هاتەوە جوولەکەکان گوێرەکەیەکیان لە زێڕ دروست کردبوو، دەیانپەرست. (خودا) و (حەزرەتی مووسا)یان لە بیر چووبووەوە!.

دادگەر: ئەگەر (حەزرەتی مووسا) مەلا عارف بێ، ئەی گوێرەکەکە، (سامری) کێ دەبن؟

کارگێڕی خورماڵ: گوێرەکەکە مەلا خالید و (سامری)یش من دەبم!...

## ژینی کۆمەڵی

(ژن و مێردێتی)

(١)

تاکو یەک نەگرێ دڵی من و تۆ
وەک یەک نەنوێنێ گوڵی من و تۆ
وەک یەک نەچێژێ دەمی من و تۆ
بەیەکتر نەگات: خەمی من و تۆ
مایەی من و تۆ، ژیری من و تۆ
سایەی من و تۆ، ژیری من و تۆ
قەت بڕوا مەکە هەتا دەمێنین
ژن و مێردێتی بەجێ بهێنین!

(٢)

هەڵسە و دانیشە! وەک من تێکۆشە!
ژیانی ڕاستی ئاهەنگ و نۆشە
موسیقی فێربە، شتێکی خۆشە
بۆ بەزمی شەوان جۆش و خرۆشە
لە قومار گەڕێ! سەراپا بۆشە
چونکە کردەوەی پیاوی بێ هۆشە
ئەگەر وا نەکەی هەتا دەمێنین
ژن و مێردێتی بەجێ ناهێنین!

(٣)

یاری و وەرزشە هۆی زیندەگانی
گەشی و لەش خۆشی و هێز و جوانی
سواری و گەشت بکە! نێچیرەوانی
شاخەوانی کە! هەم دارەوانی
بەسەختی ڕابێ! بەمەلەوانی
ئەمانە خۆشن، ئەگەر نەیزانی
قەت بڕوا مەکە هەتا دەمێنین
ژن و مێردێتی بەجێ بهێنین!...

(٤)

ئامۆژگاری من ئەمەندەیە و بەس
ڕووخۆش و گەش بە لەگەڵ هەموو کەس!
مەڕووخێ بەسەر کەسا وەک هەرەس
لەگەڵ جوامێران دەس بدەرە دەس
کاروباری خۆت، هی بێگانە و کەس
دوامەخە بیکە! بەخۆشی و هەوەس
ئەگەر وانەبێ هەتا دەمێنین
ژن و مێردێتی بەجێ ناهێنین!

(٥)

فێری زانست بە! ئاداب و فنوون
بنچینەی هێزی گشت ڕەوشت و خوون
زەوق و شەوق دەدەن بەدڵ و دەروون
ژینت شاد دەکەی، بەبوون و نەبوون
هاودەمی منن، یاری خۆش و ڕوون
بەهاودەمیان کە! بەبێ چەند و چوون
ئەگەر وانەکەی هەتا دەمێنین
ژن و مێردێتی بەجێ ناهێنین!

(شاکر فەتاح)
ساڵی ١٩٣٧



## نووسراوانی نوێ

(گوڵدەستەی شعرای هاو عصرم)

بەم ناوونیشانەوە لەلایەن کاک عەلی باپیر ئاغاوە کە ئێستە سکاڵا نووسە لە هەڵەبجە، لەم ڕۆژانەدا نووسراوێک دەرچووە، دەستە گوڵی چەند بوێژێکی هاودەمی خۆی تێدا نووسیوە. ئێمە لە کانی دڵەوە سوپاسی کاک عەلی کەمال دەکەین کە بۆ لەناو نەچوون و ون نەبوونی ناو و هۆنراوەی ئەم بوێژانە تێکۆشاوە و ئەم ڕەنجەیشی لەگەڵ وێژەی کوردیدا داوە. بەڕاستی ئەم گیانە بەرزە لە کەم بوێژماندا دەبینین، کە هەوڵی پاراستنی ئەم ڕێیە سەری بخات. بەڵام بەناوی ئەوەوە کە ئەم ڕۆژنامەیەیش خۆی لەم جۆرە کۆششانەدا بەبەشدار دەزانێت، لە ڕووی دڵسۆزییەوە بەپێویستمان زانی ئەم کەموکوڕییەی لەناو ئەم نووسراوە تازەیەدا دیومانە بیخەینە پێش چاوی خوێندەواران و کاک عەلی کەمال.

بەڵکو لە چاپی دووەمی نووسراوەکەدا ڕەچاو بکرێت و تەواویش بکرێت. جا هیوادارین کاکی بوێژی هونەرمەند لەم هەڵسەنگاندنەمان زویر نەبێ و، بەدڵێکی خۆشیشەوە وەری بگرێت:

١– دەبوو ئەم دەستە گوڵە لە گوڵدانێکی شایستەی خۆیدا دابنرایە. نەدەبوو بەم جۆرە چاپەکەی چڵکن، قاقەز و بەرگەکەی ناشیرین و ناڕێک بن. کاشکی هێندەیش بچووک بووایە کە بخرایەتە گیرفانەوە. چونکە ژمارەی پەڕەکانی کەمن هەروا هەڵدەگرێ.

٢– لە هەندێک شوێنیدا وەک لاپەڕە (٥١) و (٥٢)یدا دیارە، هۆنراوەی وەهای تێدایە کە پیاو شەرم دەکات لەبەردەم وێژەوانێکدا بیخوێنێتەوە!... دەبوو وەهای نەکردایە.

٣– هەندێ کەسی بەبوێژ دانەنایە کە فریان بەسەر هۆنراوە وە دۆستایەتی زاڵ نەبووایە بەسەریدا کە لە ڕاستی لابدات!...

## هەواڵی دەرەوە

شەڕی جیهانی

هەرا و کوشتاری جیهانی هەر لە ڕێی خۆیەوە دەڕوات.

سلێمانی

(جەلال سائیب) لە ئاکرێوە گوێزراوەتەوە (شارباژێڕ) بەقائیمقامێتی کاک (جەلال سائیب) خەڵکی سلێمانییە، هیوادارین، گەلێک بەکەلکی ئەو ناوچە دواکەوتووە بێت.

* فەرمانڕەوایی عێراق بەپەرۆشییەکی تەواوەوە خەریکی دروستکردن و تەواوکردنی (پردی قەڵاچوالان)ە. ئەم پردە گەلێک بەکەلک دێت لە زستاندا. چونکە ئەو کەشە ئاوی ڕێ نادات پێیدا بپەڕێنەوە بێجگە لەوە ئەم پردە ڕێگای ناوەند (سلێمانی) و (چوارتا) تەواو دەکات.

بەغدا

* ئەم ساڵ ئەو مامۆستایانەی بەرۆژانە فەرمان دەکەن لە خوێندنگاکانی عێراقدا، واتا ئەوانەی بەفەرمانبەر (مستخدم) دادەنرێن، نەک فەرمانبەر (موظف)، گشتیان، دەستیان لە کار دەکێشرێتەوە.
* هەروەها ئەو خوێندنگایانەیش کە ژمارەی شاگردەکانیان لە بیست کەس کەمترە دادەخرێن.
* بێجگە لەوە، هیچ خوێندنگایەکی نوێیش ناکرێتەوە. دەردی ئەمەیش سەردەمی جەنگی جیهانی و دەستکورتییە.

ئێران

* لەم سنوورەی ئێمەدا، فەرمانڕەوایی ئێران بەسەر هەندێک گونددا تفەنگی دابەش کردووە. گوایە مەبەسی ئەوەیە دانیشتووانی ئەو گوندانە خۆیانیان لە یاخیبووەکان پێ بپارێزن.
* دەنگ گەرمە کە سەید عەتا و یاخیبووەکانی هاوڕێی ژمارەیان گەیشتبێتە دووسەد کەس.

خۆزگە!...

* لە خورماڵدا خوێندنگایەک، بۆ (سەرگەت) و (بانی بنۆک) و (جافی کۆچەر)یش، هەر یەکە خوێندنگایەک دەکرایەوە.
* خورماڵ بەهەڵەبجە و تەوێڵە و بیارەوە بەتەلەفۆن دەبەسترا.
* نەخۆشخانەیەک لە گوندی «شانەدەری»دا دەکرایەوە.
* ڕێگای خورماڵ و تەوێڵە و خورماڵ و زەڵم تەخت دەکران، کە ئۆتۆمبیل بەئاسانی پیایاندا بڕۆیشتایە.
* هەرچی پیاوی گەورە و کاربەدەست و سەرکردە هەیە، ئەوەندەی بەتەنگ کەلک و خۆشی خۆیانەوەن، ئەوەندەیش بەتەنگ کەلک و خۆشی دانیشتووانی ناوچەکەمانەوە دەبوون!

***

# خورماڵ

ژمارە: (١٩)
ڕۆژ: ١٩٤٠/٨/٢٩

## پردی خورماڵ

ڕۆژی ١٩٤٠/٨/٢٨ پردە بچووکەکەی سەر ئاوی (گەنجان) لە سایەی (سەید حەبیبی خورماڵی و دووکاندارە خورماڵییەکانی ترەوە چاک کرایەوە. سوپاسی نیشتمانپەروەرییان دەکەین.

پیتاک و بەختکردن

بەبۆنەی تەواوبوونی ئەم مانگەوە پیتاک و بەختکردنی مانگی گەلاوێژی ١٩٤٠ بەم جۆرەیە:



| فلس | دینار | |
|---|---|---|
| ٢٥٠ | | مانگانەی باخچەوانەکەی ئەم باخچەیە کە دراوە بەحەکیم قادر هی مانگی گەلاوێژی ١٩٤٠. |
| ٣٠ | | نووسراوێکی «گوڵدەستەی شعری شیعرای هاو عصرم»ی پێ کڕاوە و پێشکەشی خوێندنگای خورماڵ کراوە. |
| ٢٨٠ | | گشتی |

پیتاکیش کە گەیشتۆتە (٣٣٠) فلس ئەم (١٨٠) فلسەی لێ دەربچێ، (٥٠) فلسی دەمێنێتەوە بۆ مانگی مشتاخانی ١٩٤٠.

خوێندنگای خورماڵ

ئێمڕۆ شاگردەکانی خوێندنگای شەوی خورماڵ ئەلف و بێ و چیرۆک و ژمێرییان لێ پرسرایەوە. لە نووسراوانی تریشدا تاقی کرانەوە. بەم جۆرە دەرچوون:

| دەرەجە | پلە |
|---|---|
| ٩٤ | کەریمەڵڵا وێردی – یەکەم |
| ٨٩ | سەلیمەڵڵا وێردی – دووەم |
| ٧٩ | محەمەد کەریم – چوارەم |
| ٨٦ | عەلی ئەمین – سێهەم |
| ٣٠ | مەحموود عەلی – دەرنەچووە |

جا چونکە (کەریمەڵڵا وێردی)یان بەیەکەم دەرچوو، دەسەسڕێک و نووسراوێکی (گوڵدەستەی شیعری شعرای هاو عصرم)ی درایە. خودا بەرخورداری بکات.

مێژووی خوێندنگای خورماڵ

بەم بۆنەیەوە بام تۆزێ لە مێژووی ئەم خوێندنگایە بدوێین. بەسەرپەرشتی کارگێڕی لادێی خورماڵ، (شاکر فەتاح)ەوە و، یارمەتی فەرمانبەران و خەڵکەکەی خورماڵەوە، هەندێک پارە کۆکرایەوە. لەو دارانەی خوداڵێخۆشبوو (شێخ حسامەدین) پێی بەخشیبووین چوار سرە و چوار مێز و تەختەیەک بۆ هەڵواسین و، تەختەیەکی ڕەش بۆ نووسین و، کورسییەک و، پەنجەرەیەکمان دروست کرد. شێخی بەڕێز ژوورێکیشی لە خانەقاکەدا دابووینێ. ئەوەیشمان ڕێکخست و سۆپامان تێدا دانا و، دوو چرایشمان بۆ کڕی. لە ١٩٤٠/٢/١ (خوێندنگای شەوی خورماڵ)مان کردەوە. بەمنداڵ و گەورەوە لە سەرەتادا نزیکەی (٢٠) شاگرد، بەشەو تێیدا دەخوێند. پاشان لەبەر کار و فەرمان، دووکاندرەکان بەرە، بەرە لێی تەکینەوە. تا ئەم ڕۆژانەیش (٦) شاگردی منداڵ و یەکێکی گەورە تێیدا دەخوێند. ئەوا لە پاش ئەمەی (ئەلف و بێ) و (ژمێر) و (چیرۆک)یان تەواو کرد لەم حەوت مانگەدا – تاقی کرانەوە و، خوێندنگاکەیان لە ١٩٤٠/٨/٢٩دا داخرا. خودا یاربێ لە مانگی دەهەمی ١٩٤٠دا دیسانەوە

دەیکەینەوە. بەڵام ئەمجارە دوو پۆل دەبن. پۆلێک بۆ ئەوانەی تازە فێری خوێندن دەبن. پۆلێکیش بۆ ئەوانەی خوێندەواری، وەک (فەقێکان)، خوێندەواری نوێیان فێر دەکرێ. بەم بۆنەیەوە سوپاسی زۆر زۆرمان بۆ فەرمانبەران و، خەڵکە باشەکەی خورماڵ، بەتایبەتی بۆ برای بەڕێز (شێخ محەمەد حلمی) کە ئەم چەند مانگە ئەو شاگردەکانی فێری خوێندەواری دەکرد، بێ ئەمەی چاوی لە مانگانە یاخود پاداشێکەوە بووبێ.

## دڵداری نوێ

تاسەی نیگایەک
بەو چاوە گەشەی لە توێی عەباوە
خستمیە خرۆش، جۆشی سەوداوە
بەو تیلاییەی کە تێم دەنوارێ
لەت لەتی دەکا دڵم بەجارێ!
توخوا سا وەرە دەم دەمانی کەین
زەمزەمە و شادی کامەرانی کەین
لە بن دارێکا، لەسەر گوێ چەمێ
جووت دابنیشین دەمێ، سا دەمێ
ساز و سەمتووری هاژەهاژی ئاو
جۆش و خرۆشی شۆڕەبی گوێ ئاو
چریکەی بلبل، دڵ ڕاچەنی گوڵ
بێنێتە دەرێ ڕازی بێشەی دڵ
خەمی چەند ساڵە بدەین بەبادا
بدەین دیدە و دڵ بەبای صەفادا
بەنەشئەی جوانی لەنجە و لارەکەت
شەوبۆی هەناسەت، نێرگس چاوەکەت
بەگەردنی بلوور، ئەگریجەی خاوت
پرشنگی کولمت، تیشکی ناو چاوت
بەشۆخ و شەنگی باڵا بەرزەکەت
بەزەردەخەنەی نازک تەرزەکەت
«مەست بین بەجامی مەیی دڵداری
قەت لەیەک نەبین: خەو و بێداری!»

«شاکر فەتاح» - ساڵی ١٩٣٥ گوتراوە



* ئەو جێیە خۆشە کە دڵ لێی خۆشە.
* کوێر تا دەمرێ بەهیوای چاوە.
* ئاو ببڕێ لە ڕۆخانە، هەر خۆ چاکترە لە بێگانە!...

## شاهە گەورەکانی جیهانی

بێجگە لە پێغەمبەرەکان، لە ڕابوردووی هەموو جیهاندا شەش سەرۆک و شاهی وا هەن کە بەگەورە دابنرێن. لە عەرەبەکان: (عومەر خەتاب) و (عومەر عەبدولعەزیز). لە فارسەکان، (نەوشێروان)، لە تورکەکان: (مەدحەت پاشا)، لە کوردەکان: (سلاحەدینی ئەیوبی) و (کەریم خانی زەند) کاربەدەست و شاهی گەورە بوون. ئەمانەیش بۆیەکا بەگەورە دانراون، چونکە بەکەلکی هەموو هاونیشتمانێکی خۆیان هاتوون و بەبێ جیاوازی دادپەروەری خۆیان بەناو هەموویاندا بڵاو کردۆتەوە. بێجگە لەوە زینی خۆیان لە پێناو کەلک و چاکەی نەتەوە و نیشتمانەکەی خۆیاندا بەخت کردووە.

## سابوون لە چی دروست دەکرێ؟

لە خاکە پێشکەوتووەکاندا بەبۆریەی ئاسن چڵکاو و پیسایی گشتماڵێک کێش دەکەنە دەرەوەی شار و، بەسایەی ماکینەوە هەرچی ڕۆن و کانزایەکیان تێدا بێت و بەکەلکی دروستکردنی (سابوون) بێت لێیان جیا دەکەنەوە. ئینجا بەهۆی داو و دەرمانەوە دەیکەن بەسابوون!. بەم ڕەنگە ڕۆژئاوایی هەموو شتێک بەکەلک دەهێنن. ناهێڵن پیسایی خۆیشیان بەفیڕۆ بڕوات، سابوون و پەینی دەستکرد و گەلێک شتی تری لێ دروست دەکەن!...

## هەواڵی دەرەوە

شەڕ و کوشتار

شەڕ و کوشتاری جیهان ئێستا گەرمەیەتی

هەڵەبجە

قولچییەکی گومرگی هەڵەبجە کە لە گوندی (دەرەی)ی ئەم لادێیەدا، لە کەلوپەلی قاچاخ گرتن بووبووەوە و، گەڕابووەوە هەڵەبجە، لە هەڵەبجەدا کوتوپڕ گیانی بەخاک سپاردبوو!...

* ڕێگای (هەڵەبجە - خورماڵ) لەلایەن (قائیمقامێتی هەڵەبجە) و (کارگێڕیی خورماڵ)ەوە بۆ ئۆتۆمبیل تەخت کرا.
* دەنگ وایە کاربەدەستی کاروبار و پارێزگاری سلێمانی بێنە سەرچاوەی (زەڵم) بۆ ڕابواردن و کاروباری میری.

(میرزا مارف) کارگێڕی دارایی قەڵادزێ، لەسەر ڕاکردنەکەی (شێخ جەلال)ی سندووق پارێزی هەڵەبجە سێ دینار لە مانگانەکەی کەم کراوەتەوە.

## میوان و میوانداری

یەکێک لەو کردەوە ناپەسندانەی لەم ناوچەیەدا دەیبینم، نەزانینی دەستووری (بەمیوان بوون) و (میوانداری)یە. دەبینی لە کاو و ناکاودا هەڵدەکوتنە سەر ماڵی یەکتری. کە دانیشتن: تەماشای ئەوە ناکەن خاوەن ماڵ ڕەنگە کاروباری هەبێ، ڕەنگە بیەوێ بحەسێتەوە. سێ چوار سات دادەنیشن، ئەو خاوەن ماڵە لە خەو و خۆراک و خۆشی ژیان و کار و فەرمان دەکەن. بێ پرس دەچنە ژوورەوە. بێ ئەوەی بانگ بکرێن، یاخود بەهاتنیان دڵ خۆش بکرێ، هەر کە بیستیان میوانێکی ئەو پیاوە هاتووە، دەچنە سەری، بەخۆیشی و بەمیوانەکەیشی تەنگ هەڵدەچنن!... مامەی لادێیی! ئەمە کردەوەیەکی زۆر ناشیرین و ناپەسەندە. نە ئایین پێی خۆشە و، نە ڕەوشت و خووی چاکیش حەزی پێ دەکات. تا بانگت نەکەن مەچۆرە ماڵی کەس. کە چوویشیت لە دەرگا. تا بانگت نەکەن مەچۆرە ژوورێ. کە چوویشیتە ژوورێ ئەمەندە دامەنیشە لێت وەڕس بێن. وریابە قسە و کردەوەیەکی وایشت لێ نەوەشێتەوە کە خانەخوێکەت دڵی لێت برەنجێ، یاخود میوانەکانی تری دڵشکاو بکات.

***

## خورماڵ

ژمارە: (٢٠)
ڕۆژ: ١٩٤٠/٩/٥

هاتوچۆ

* ئەحمەدی غەفوور فەرمانبەری ئازووقەی تەوێڵە و، سەید ئەحمەد فەرمانبەری گومرگی تەوێڵە، بۆ سەرلێدانی کارگێڕی لادێی خورماڵ، دوو شەو لە خورماڵ مانەوە. کارگێڕی لادێی خورماڵیش لەگەڵیاندا چووە هەڵەبجە. دوو ڕۆژ لەوێ مایەوە و هەر کەسە بۆ شوێنی خۆی گەڕایەوە.
* عەبدوڵڵا ئەحمەد، بەیتاڵی هەڵەبجە و ئەحمەد عارف نووسیاری لادێی (قەرەداخ)یش هاتنە خورماڵ و گەڕانەوە هەریەکەیان (٥٠) فلسی پێشکەشی باخچەی گشت لایی خورماڵ کرد. سوپاسیان دەکەین.
* یاریدەدەری باڵبازەکانی هەڵەبجە و، فەرمانبەری بنکەی باڵبازی هەڵەبجە، بۆ کاروباری میری هاتنە خورماڵ و گەڕانەوە.

## بپرسە و پێت بڵێم

(ح.س.): تا ئێستا پیتاک و بەختکردنی باخچەکەتان گەیشتۆتە چەند؟ ئایا لەم پارەیە چیتان کڕیوە؟

ڕۆژنامەی خورماڵ: لە دامەزراندنی باخچەی گشت لایی خورماڵەوە تا ئیمڕۆ (٨١,٢) دینارمان پیتاک بووە. (٢,٣٠) دیناریشمان لێ بەخت کردووە. کەواتە ئێستە لە سندووقەکەماندا (١٥٠) فلس ماوەتەوە. لەم پارەیە، مانگانەی باخچەوان دراوە. کرێی دروستکردنی کورسی و مێز و تەختەی ڕەش و



تەختەی هەڵواسین و نرخی بابەتی خوێندن و نووسین بۆ خوێندنگای شەوی خورماڵ دراوە. بۆ شاگردە دەست کورتەکانی خوێندنگای خورماڵ کەوا و خەڵاتی تر کڕراوە. چرا و نەوتیش بۆ باخچەکە کڕراوە. ئەمانەیش بەدوور و درێژی لە ژمارەکانی ئەم ڕۆژنامەیەدا نووسراون.

## پێکەنینی هەڵەبجە

ئۆتۆمبیلەکەی تۆقاندووە!

ئۆتۆمبێلچی لە پاش ئەمەی ئۆتۆمبیلەکەی لە دامێنی باخەکانی (عەبابەیلێ)دا وەستاند، ڕووی کردە ئۆتۆمبیل سوارەکان و گوتی: «ئۆتۆمبیلەکەم ماکینەکەی کز بووە. لەمە بەولاوە بەسەربەرەوژووردا بڕ ناکات. تکا دەکەم دابەزن بەپێ بڕۆن!...»

مچەی حاجی برایم ئاغایش کە یەکێک بوو لە ئۆتۆمبیل سوارەکان، ڕووی کردە خەڵکەکە و گوتی: «باوکم ئێوە ئەم ئۆتۆمبیلچییە ناناسن. جارێکی تریش هەروەهای لە ئێمە کرد. ئۆتۆمبیلەکەی وا تۆقاندووە: هەر نەختێ بەرزایی ببینێ، وا دەزانێ کێوە و پێیدا سەرناکەوێ!؟....

## ئەو گەورانەمان کە نایانناسین

(مەلا خدری ڕووبار)

نووسینی: مەلا خالید

مەلا خالید، مەلای مزگەوتی خورماڵ کە کانگایەکی شارەزاییە، لەسەر خواستی ئەم ڕۆژنامەیە، لە بابەت (مەلا خدری ڕووبار)ەوە، ئەم وتارە نایابەی بۆ ڕەوانە فەرمووین. بەدڵ سوپاسی دەکەین».

(ڕۆژنامەی خورماڵ)

مەلا خدری ڕووبار، یەکێک بووە لە پیاوە هەڵکەوتووەکانی سەردەمی خۆی خەڵکی ڕووبار بووە. (ڕووبار)یش دێیەکی ناوچەی (هەورامانی تەخت)ی ناوچەی (مەریوان)ە، کە لە کوردستانی ئێراندایە. لە ساڵی ٨٥٩ی کۆچیدا لەدایک بووە. بەهەتیوی پێ گەیێنراوە. چونکە ڕۆشتنەی فەن و زانست هەر لە مێژەوە لە ناو باو و باپیرە گەورەیدا هەر بەرپا بووە، خزم و کەسوکاری هەوڵیان داوە و ناردوویانەتە بەر خوێندن. خوێندنی لە کوردستانی عێراق و ئێراندا تەواو کردووە. لە دەمێکی کەمدا بووەتە بێ هاوتای هەوالانی خۆی. ڕەوشت و خووی: دەروێشی و گۆشەگیری بووە. تێکەڵ بەکاروباری جیهان نەبووە. لە هونەرمەندی و شیعر و ئەدەب و زانستی ئەو سەردەمەدا یەکە پیاو بووە. تەمەنی خۆی بەخواپەرستی و بڵاوکردنەوەی زانست و ئاداب بەسەر بردووە. هەڵبەست و کردەوەی نووسینی لە هەموو فەن و زانستێکدا بووە. بەڵام ئەوەی دەست ئێمە کەوتبێ دوو نووسراوە:

١- نووسراوی (دەوڵەتنامە)یە کە بەزبانی هەورامی خۆیان، بەشیعر دایناوە. سەرانسەر لە بابەت شیرین خوویی و پاک و خاوێنی پێڕەویکردنی شەریعەتی ئیسلامەوە دەدوێ.

٢- نووسراوی (ڕۆڵە بزانی)یە، کە بەزبانی هەورامی بەشیعر بۆ منداڵی هەورامیی داناوە. ئەمیشی لە بابەت ئایینەکانی ئیسلامەوە دەدوێ.

مەلا خدر لە ڕووباردا لەساڵی (٩٣٩)ی کۆچیدا نێژراوە، خوالێی خۆش بێ.

## مانگانەی ڕۆژنامەی خورماڵ

(مام ک. نیشتمانپەروەر و ڕۆژنامەنووسێکی ڕاستەقینە نییە!؟)

ڕۆژنامەنووس، لە سەرکردەیەک، لە نیشتمانپەروەرێک، لە مامۆستایەک، لە ڕێبەرێک، لە پزیشکێکی کۆمەڵایەتی، نابێ کەمتر بێ. پێویستە هەموو دەم وەک هەموو خاوەن ئایینێک و هەموو گەورە پیاوێک ئاڵای ڕاستی و سەربەستی هەڵ بکات و، لە پێناوی پێگەیاندنی گەل و نیشتمانەکەی خۆیدا مایە و سایە و گیانی خۆی بەخت بکات و، پێویستە چەند ئامانجێک بۆ خۆی دابنێت، کە گەل و نیشتمانەکەی خۆی پێ پێبگەیێنێت. پێویستە لە ڕێگای ڕاستەوە بڕوات تا دەگاتە ئەو ئامانجە.

بەڵام (مام ک...)، نووسەری ڕۆژنامەی (و...)، داخەکەم، هەروەک دەردەکەوێ، هەر بۆ (خۆی) دەژی!... خەمی نیشتمانەکەی خۆی نییە!... خەمی نەتەوەکەی خۆی نییە!. بەلای ئەوەوە نیشتمان و گەل حەلێک دەبێ بپەرسترێن کە (مام ک...) تێیدا سەرکردەبێ تێیدا ئەستێرەبێ و بدرەوشێتەوە!، دەبینیت بووە بەخاوەن چاپخانە، کەچی کە کوردێکی دەروونپاک دەچێتە لای نووسراوێکی بۆ چاپ بکات، لە بێگانان گرانتر بۆی چاپ دەکات. لەگەڵ ئەمەیشدا لە بێگانەکان کەمتر ژمارەی نووسراوەکەی بۆ چاپ دەکات. کە چاپیشی کرد هێندەی کەمتەرخەمی لەگەڵدا دەنوێنێ، نووسراوێکی چڵکنی پڵکنی ناشیرین و بەدفەساڵی لێ دەردەچێ ئاوەهای لەگەڵێک مامۆستای بەڕێز کردووە!. بێرە سەر ڕۆژنامەکەی، هەرچی وێژەدانە و بوێژی هەڵکەوتوو و گەورەیە، نووسینی بۆ لە چاپ نادات، یاخود تەگەرە دەهێنێتە بەر چاپکردنی نووسینەکانی. کەچی هەرچی فڕی بەسەر نووسینەوە نییە هی ئەوە لە چاپ دەدات!...

(مام ک...)! بەسیەتی خۆپەرستی و چەوتی. خۆت لە گوناهباری پاک بکەرەوە. بام هەروەک بەکارگوزاری و زیرەکیتەوە دەنازین، بەکردەوەی پاک و خاوێن و ڕەوشتی بەرزیشتەوە بنازین. سا هەر ئەو ساکەیە کە بتوانین لەبەردەم خۆ و بێگانەدا بوێرین بڵێین: «مام ک...، بوێژێکی تەواوە... ڕۆژنامەنووسێکی تەواوە... خاوەن چاپخانەیەکی تەواوە!»... جا بەقسەمان دەکەیت، بۆ خۆت باشە و، بەقسەیشمان ناکەیت، بۆ خۆت خراپە!!...

## هەواڵی دەرەوە

شەڕ

کوشتاری جیهانی هەر لە ئارادایە.

سلێمانی

* سەرەک کاربەدەستی عێراق (ڕەشید عالی گەیلانی) هاتە (سلێمانی) و چووە (قەڵادزێ). ڕەنگە



تا ئێستا گەڕابێتەوە بەغدا.

* قائیمقامی ناوچەی سلێمانی (فائیق تۆفیق) چووەتە بەغدا. دەنگ وایە کە هەوڵ دەدات بچێتە دەسگای کاربەدەستی کاروباری دەرەوە.
* پارەدارەکانی سلێمانی خەریکن داگرتنی تووتنی ناوچە و لادێییەکانی دەگرن بەبەڵێنداری (قۆنتەرات). لە هەڵەبجە (حامد بەگ) و بەگزادەکانی تری جاف لە هەوڵی ئەمەدان.

## زانستی گشت لایی

لە مقەبا چی دروست دەکرێ؟

مقەبا خۆی لەناوکە دار و لە توێکڵەدار و لە هەندێک دڕک و داڵ و گژوگیا دروست دەکرێ. کارخانەکانی جیهان بێ مقەبا بمێننەوە، پەکیان دەکەوێ. چونکە هەرچی سندووقی داوودەرمان و چینی و بلوور و بەرگ و پۆشەنی هەیە لە مقەبا دروست دەکرێ. ژاپۆنییەکان، تەنانەت، خانووەکانیشیان لە مقەبا دروست دەکەن. لەوە پتر، ئێستە هەندێک چاکەت و پانتۆڵ و پۆشەنیی تریش لە مقەبا دروست دەکەن. مقەبا لە تەختە سووکترە. مقەبا لە تەختە و شتی تریش هەرزانترە. لەبەر ئەوە مقەبا لای خاوەن کارخانەکان و ژاپۆنییەکان لە گەلێک شت خۆشەویستتر و بەکەلکترە.

تووکی سەر بەکەلکی چی دێت؟

ئەوروپاییەکان هێندە زرنگ و کارگوزارن، ناهێڵن تووکی سەریشیان بەفیڕۆ بڕوات!... لەم چەند ساڵانەی دواییەدا، لە ئەڵمانیادا کۆمەڵێک پەیدابوو بوو، دەستی کردبوو بەکۆکردنەوەی ئەو (تووکەسەر)انەی لە دووکانی سەرتاشەکاندا فڕێ دەدران. دروست بکەن!؟.

## خورماڵ

ژمارە: (٢١)

ڕۆژ: ١٩٤٠/٩/٩

هاتوچۆ

* ڕۆژی ١٩٤٠/٩/٥ مامۆستا (مستەفا مەزهەر) کارگێڕی شێخ (عەبدولڕەحمان) و نووسیارەکەی کارگێڕ، هاتنە خورماڵ و، بۆ بەیانی چوونە سەیری خوێندنگاکانی (گوڵپ) و (بیارە) و گەڕانەوە سلێمانی. مامۆستای بەڕێز (مستەفا مەزهەر) بەڵێنی بەکارگێڕی لادێیی خورماڵ دا، کە ئەگەر کارگێڕی لادێیی (سورداش) یاخود (بازیان) وازبهێنن، یان خوێندنگاکەی (مۆرتکە)، یان هینەکەی (شەدەڵە)مان بۆ دەگوێزرێتەوە خورماڵ. ڕۆژی ١٩٤٠/٩/٧ کارگێڕی لادێیی خورماڵ لەم بابەتەوە نامەیەکی نووسی بۆ قائیمقامی هەڵەبجە، کە هەوڵ و کۆشش بفەرموون بۆ هاتنەدی ئەم ئاواتە. هەروەها لەسەر خواستی نووسەری ئەم ڕۆژنامەیە (کارگێڕی زانستی) بەڵێنی دا مامۆستایەکی تر بۆ (گوڵپ)یش و بۆ (بیارە)یش بنێری، بەو مەرجەی کە ژمارەی شاگردەکان بگەیێنرێتە حەفتا، هەشتا کەسێک. ئێمەیش دەڵێین: خودا

بکا ئەم ئاواتانەمان بێنەدی.

* مامۆستا مەلا خالید، پێشنوێژی مزگەوتی خورماڵ، بۆ کاروباری خۆی چووە (عەبابەیلێ) و (هەڵەبجە) و دوێنێ گەڕایەوە.

ئاوەکەی بیارە

ئەمە چەند ڕۆژێکە (هانە گەرمەڵەییبیەکانی کوردستانی ئێران، ئاوەکەی بیارەیان بەرداوەتەوە. ڕێکیش کەوتوونەتەوە لەگەڵ (بیارە)ییبیەکان.

پارەی ناڕەوا

باڵبازەکانمان دوو ئێرانیی بە(٩) دانە (پەنجا فلسی)ی ناڕەواوە لە (بیارە)دا، لە ماڵی (شێخ عوسمانی شێخ عەلائەدین)دا گرتووە. دوێنێ ڕەوانەی هەڵەبجە کران، تا بەهۆی دادگای هەڵەبجەوە تووشی سزای خۆیان ببن.

## پێکەنینی هەڵەبجە

(ژنی خۆم بەرەڵڵاکردبێ مانگ نابینن)

بەڕێکەوت سەرۆکی شارەوانی هەڵەبجە و باوک و براکانی، هەموویان، چاویان کزە. (مچەی حاجی برایم ئاغا)یش کە هەموودەم بەگاڵتەوگەپەوە خەریکە ڕۆژێک لە بابەت چاوکزی و چاو بەهێزی ئەمانەوە، لەگەڵ فەرمانبەرەکانی هەڵەبجەدا لێی دەبێتە دەمەقاڵێ، دوایی سوێند دەخوات، دەڵێ: «سا ژنی خۆم بەرەڵڵا کردبێ، تا پێنج و شەشی مانگیش، مانگ لە ماڵی سەرۆکی شارەوانیدا نابینرێ!...»

## نووسراوانی کوردی

(ئیقبال نامە)

لەلایەن مەلا کەریم، مامۆستای مزگەوتی بیارەوە، لە ساڵی ١٩٣٧دا (دەوڵەتنامە)کەی (مەلا خدری ڕووبار) کراوە بەکوردی ئەم ناوە و لە چاپ دراوە. مەلا کەریم وەک دەڵێن، مەلایەکی زرنگ و شارەزایە ئێمەیش لەبەر ئەم کردەوە ڕەنگینەی کە مەلا خدری بەکوردەواری ناسیوە و زیندووی کردۆتەوە، بەناوی ڕۆژنامەکەمانەوە سوپاسی هونەرمەندی دەکەین. خودا بکا مەلاکانی تریشمان چاو لەو بکەن و، هەریەکە گەوهەرێکی وەک (دەوڵەتنامە)مان لە کانگای گەوهەری زانست و هونەری پیاوە گەورەکانی کۆنمان بۆ دەربهێنن و، خۆیان لای ئەم مردووە زیندووانە و لای گەل و نیشتمانەکەی خۆیان ڕوو سوور بکەن. ئەوەندە هەیە لە ڕووی دڵسۆزی و کەلکی گشت لاییبیەوە، حەزمان کرد ئەم کەموکووڕییەی لەناو (ئیقبال نامە)کەیدا هەیە نەیهێڵێ.

١- پێویست بوو (دەوڵەت نامە)کە چۆن نووسراوە، هەر وەهای بگۆڕیایەتە سەر زمانی کوردی. واتا



ناوەکەی وەهای نەگۆڕیایە لێی کەم نەکردایەوە، هی خۆی نەخستایە سەری. چونکە کوردی نووس گەڕەکەی پارێزگاری ئەم و ڕەنگ و بۆی نووسراوەکەی لەبەر دەستیدایە و دەیکات بەکوردی، بیکات و دەستکاری تێدا دەکات. ئەگینا کردەوەکەی ناپەسەند دەبێ.

٢- پێویست بوو نووسینەکانی کوردی پەتی بن. هێندە وشەی تاتی و فارسی تێدا بەکار نەهێنێ کە گەلێک کەس هەر تێی ناگەن. بەڕاستی ئەم وشە بێگانانە نووسراوەکەیان بێ چێژ کردووە.

٣- ڕێنووسەکەی مامۆستا مەلا کەریم لەسەر شێوەی نوێ نییە. پێویست بوو لەسەر شێوەی ڕێنووسی نوێ بینووسیایە.

٤- هۆنراوەکانی شۆخ و شەنگی هۆنراوە و ئاهەنگ و لەرەی ساز و ئاواز و تازەیی وێژەی تێدا نییە. بەڕاستی وشکن، دڵکێشکەر نین. خۆزگە هەروەک قسەکان ناوازەن، هۆنراوەکانیش لە هۆنراوەی پڕ ساز و ئاواز و تەڕ و تازە بچوونایە!.

## مانگانەی ڕۆژنامەی خورماڵ

(مەلا ن. مەلایەکی ڕاستەقینە نییە!)

(مەلا)، پێویستە نموونەی ئایینداری ڕاستەقینە و، کردەوە و ڕەوشتی بەرز و شیرین بێ. پێویستە چرای زانست و هونەر بۆ گەل و کەس و کارەکەی خۆی دابگیرسێنێ و، لە بیابانی تاریکی نەزانینەوە تێپەڕیان بکات، تا دەگەنە کۆشکی خۆشی و بەختیاری. پێویستە خەڵکی لە خراپە لابدات، شەڕ و شۆڕیان بکوژێنێتەوە، ئاشتییان خاتەوە ناو. پێویستە دەوڵەمەند و دەستدارەکان بخاتە سەر ئەوەی یارمەتی بێ کەس و هەژاران بدەن و، بەکەلکی لێقەوماوان بێن. گەورە و بەدەستەکان بخەنە سەر بەکەلک هاتنی گەل و نیشتمانەکەیان: پێشیان بخەن، دەوڵەمەندیان بکەن، سەریان بەرز بکەنەوە، بیانخەنە پلەی سەربەستی و بەختیارییەوە... ئەمەتا مەلای ڕاستەقینە!... کەچی مەلا (ن)، وای لە خۆی کردووە، پیاو ناتوانێ ناوێکی بۆ بدۆزێتەوە!... لە هەندێک شوێن مەلایە. لە هەندێک شوێنی تر زرنگ کارە (سیاسییە). لە شوێنێکی تر لە هەموو شتێکە!... مێزەر دەبەستێ. سدارەیش لەسەر دەکات!... ڕیش دەهێڵێتەوە. ڕیشیش دەتاشێ. مزگەوت دەچێ. مەیخانەیش ئاوا دەکاتەوە. لەسەرەوە دۆستە. لەژێرەوە پێیتەوە دەدات. بە(هۆنراوە) کوردپەروەری دەنوێنێ. بە(پەخشان) کوردت بۆ دەکوژێ. کەس نەماوە، لەژێرەوە لای دەسگا نهێنییەکان، مەلا (ن) لێی نەدووابێ! کەس نەماوە پێوەی نەدابێ. بۆ ئینگلیزەکان نامەی خۆی دەنێرێ. بۆ فەرمانڕەواییی عێراقیش هەر نامەی دڵسۆزانەی خۆی ڕەوانە دەکات. بۆ ئێرانییەکان دۆستایەتی دەنوێنێ بۆ کوردەواریش هەروەها دڵسۆزی دەنوێنێ!... پیاوی چاک بە مەلا (ن)! واز لەم کەچ ڕەفتارییە بهێنە!. ئەگینا خودا تووشی داوێکت دەکات!... هەر هیچ نەبێ بەقسەمان بکە: «یەک ڕەنگ بە!...». لە حەوت ڕەنگە خۆت مەگۆڕە. چونکە زۆر بەئاواتەوەین کە ناوێکت لێ بنێین. کەچی هەرچەند دەکەین، لەبەر فرە ڕەنگیت، ناتوانین ناوێکی ناسراوت بۆ بدۆزینەوە!؟...

# هەواڵی دەرەوە

جەنگی جیهانی

شەڕ و کوشتاری جیهانی، هێشتا بەئەنجامێک نەگەیشتووە.

سلێمانی

* گەنم و جۆ کە لەم ڕۆژانەدا نرخیان یەکجار گران کرابوو. لەسەر ئامۆژگاری میری کەمێک هەرزان کرایەوە.

* سەرۆکی تەندروستی خاکی سلێمانی ڕۆژی ١٤/٩/١٩٤٠ دێتە هەڵەبجە بۆ سەرنجدان لە تەندروستی ئەوانەی لە ساڵی ١٩٢٢دا لەدایک بوون و دەیانەوێ بکرێن بەسەرباز.

کەرکووک

* بۆ سەربازانی فەرمانڕەوایی عێراق، هەر حەفتەی دوو ڕۆژ، ئێستر و ئەسپ و بارگیر کە تەمەنیان لە ناوەند سێ ساڵە و شەش ساڵەدابێ، دەکڕرێن. کەسێ لەم ئاژەڵانەی هەیە بچێتە کەرکووک بیانفرۆشێ.

هەڵەبجە

جامبازی وڵاخ کڕین، گەیشتوونەتە هەڵەبجە.

# زانستی گشت لایی

(قاڵی و بەڕەی کوردستان)

نووسینی: مامۆستا مەلا خالید

«ژنانی دەس زێڕینی کورد، مایەی سەربەرزیی زێدن[1]»

ژنانی کورد گەلێک زرنگ و زیرەکن، لەگەڵ ئەمەیشدا کە ئافەرین وێژ[2] و هەڵ خرێنەرێکیان[3] نییە، بەپیشەی[4]ی هەڵبژاردەی جوانیان و دەس زێڕینی خۆیان، جۆرە ڕایەخێ[5] دروست دەکەن. کە مایەی فیز و سەربەرزییە بۆ زێدەکەیان. وڵاتەکەی خۆیان و بێگانەیشیان بەم پیشە جوانە ئاوا کردۆتەوە. بێ ئەمەی داماوی هەوزارێکی[6] بێگانە بن، لەو ڕایەخ و قاڵییانەدا جۆرە وردەکارییەک دەکەن، کە کۆن دەبن وەها ناوازە دەبن، بێگانەکان بەتۆزقاڵ دەیانکڕن و دەیانکێشن سەر بەزێڕ و زیو. ژنێکی گەڕووسی لە کوردستانی ئێراندا، (تووتی) ناو سەد ساڵ لەمەوپێش قاڵییەکی دروست کردووە ئێستا لە مزگەوتی (دار الاحسان)ی (سنە)دا ڕاخراوە، کڕیاری ئەورووپایی هاتنە کڕینی، دوانزە هەزار تمەنی ئێرانییان پێ

(١) زێد: نیشتمان. (٢) ئافەرین وێژ: مشجع. (٣) هەڵخەرێنەر: مشوق. (٤) پیشە: صنعت. (٥) ڕایەخ: فرش. (٦) هەوزار: کەلوپەل، آلات.



دا، نەیاندانێ!... جێگای ئەم کرد و کارە جوانە (گەڕووس) و (سنە) و دەوروبەریانە. بریا کچە خوێندەوارەکانمان لە باتی فانیلە و تووری، کە لەسەر شێوەی بێگانە دروستی دەکەن، ئەم پیشە جوانەی کۆنی زێدی خۆیانیان بخستایەوە کایە و بەریان نەدایە. ئاخ!... چی بکەین بەهیچمان نازانن و کەسیش بەگوێمان ناکات!...

***

# خورماڵ

ژمارە: (٢٢)

ڕۆژ: ١٢/٩/١٩٤٠

دیاری

فەرمانبەری بنکەی باڵبازی هەڵەبجە، (محەمەد ئەمین)، بەدەست و پێنووس (قەڵەم)ە ڕەنگینەکەی خۆی لەناو چوارچێوەیەکی پوخت و پاکدا (باخچەی گشت لایی خورماڵ)ی نووسیبوو و پێشکەشی باخچەکەمانی کردبوو. خودا سەرئەفرازی بکات. ئێمەیش لە کانی دڵەوە سوپاسی نیشتمانپەروەری دەکەین.

بەختکردن

بۆ کڕینی چینکۆ و ڕەنگ بۆ ئەو چوارچێوەیەی لەسەرەوە ناوبراوە، (٧٥) فلسمان بەخت کردووە. کەواتە لە (١٥٠) فلسی پیتاکەکەمان (٧٥) فلسی ماوە.

هاتوچۆ

* ئیمڕۆ شێخ محەمەدی شێخ حسامەدین بۆ کاروباری خۆی هاتە خورماڵ و گەڕایەوە.
* بەقسەی قائیمقامی هەڵەبجە، ئیمڕۆ دەبێ پارێزگاری سلێمانی حەمید مەجید و قائیمقامی خۆی و حامد جاف و سێ کەسی تر چووبنەتە سەرچاوەی زەڵم، بۆ سەیرانکردن.

# ژینی کۆمەڵی

(نۆکەری مەکە!)

«لە نووسراوی (ئیقبال نامە)کەی مامۆستا مەلا کەریمەوە وەرگیراوە»

قط خزمتکاری مەکە لە دنیا
نە بۆ اهلی دین، نە اهلی دنیا
شخص خزمتکار خلقی فاسدە
لە دین و دنیا مایەی کاسدە
خزمتکار دائم سووکە و بێ مایە
دائم مشغولی درۆ و ڕیایە

بێ شرف ئەبێ و بێ دین و همەت
عمری افوتێ بێمزد و منت
وەختێ کیش امرێ بەدرد و وبال
اهل و مندالّی ئەرون ماله مال
له صد دوکسیان صاحب نعمته
ئەویش نعمتی بهت و غیبته
زۆر باشه بەڕۆژ بکەی حمالی
بس نیه بەشەو صاحبی مالّی
بکیشه خاری مینت و ماتم
مەکێشه باری منتی حاتم
لەم ڕیوه برو اگەی بەمقصود
(انه هو الرؤف الودود)

«مەلا خدری ڕووبار»

## قسەی پێشینان

* ئەوەندەی بەڕەی خۆت پێت ڕابکێشه.
* مێشووله نەچێ چاکه بەگژ قوللەی قافدا.
* دەنگی دەهۆلّ له دوور خۆشه.

## هۆنراوەی نوێ

(قەلّەم!...)

قەلّەم! سەرسوڕما و هێز و گوڕی تۆم
دلّبەستەی جیڕە و سیڕەی نووکی تۆم
هێندەی بێ دەنگی، ئەوەند بەزاری
ئەوەندەی سستی هێند کارگوزاری
ئەگەر حەز بکەی کۆشک و تەخت و بەخت
دێنیته لەرزە بەوەخت و بێ وەخت
دێنیته لەرزە بەوەخت و بێ وەخت
ئارەزوویش بکەی زنجی گەدایی
دەگەیێنیته نشینگەی شاهی!



دلّەی پڕ ئازار بەهەولّێکی کەم
ڕزگاری دەکەی له دەس خەم و تەم
لەگەلّ ئەمەیشدا چونکه نەژادی
هاوڕێی جوامێر و دەروون ئازادی
بەم هەمووو هێز و کردارانەوە
خۆت لێ ناگۆڕی، دێیته گیانەوە
ملکەچ بۆ خێوت خۆت دەڕەنجێنی
دلّسۆز، گوێ ڕایەر، خۆت دەنوێنی
ڕۆشن کەرەوەی نشینگەی ڕازی
چونکه چەشنی نەی پڕ له ئاوازی
چەکی بەکاری ڕۆژی تەنگانەی
دوژمن جەرگ بڕی، مەرگی بێگانەی
بەلاّم ئاخ داخم! قەدرت ناگرین!
ڕازیش ئەمەیه که خۆ ناگرین!
ئەگەر شان بەشان تفەنگ شیر و تیر
دەمانکردیته چەکی جوان و پیر
ئێسته بەم ڕەنگه پاش نەدەکەوتین!
وەها بۆ دوژمن ژێر نەدەکەوتین!
ئەوساکه (کورد) و (کوردستان)مان
جۆرێ تر دەبوون، سەر و سامانمان!

«شاکر فەتاح» - سالّی ١٩٣٧

## ژینی نوێ

(دێ ڕازاندنەوە)

دەزانیت؟...

مامەی لادێیی، که لادێییەکانی ڕۆژئاوایی، وەک من و تۆ بەم گوندە چلّکن و پلّکن و ناڕێک و پێک و ناشیرینانه دلّخۆش نابن و، تا بتوانن لێیان دوور دەکەونەوە؟!... تۆ مەلّێ: من کز و بێ دەستم. لەوانیشدا کز و بێ دەست زۆرە. زۆریشیان له برساندا دەمرن، ئەمە کاری بێ دەستی و دەستداری نییە. کاری هونەرمەندی و کەمتەرخەمییە. کەواته ئەگەر تۆیش تۆزێک بیر له خۆت بکەیتەوە و، له گوندەکەت وردببیتەوە و، بەزەییت بەخۆت و دێیەکەتدا بێتەوە، هیچ گومان نابەم که هەروەک ئەو دەست دەکەیت بەڕازاندنەوەی دێیەکەت. دێ دەبێ شەقامی گەورە گەورە و تەخت و ڕاست و پاک و پوختەی تێدابێ.

پێویستە باخچەیەکی جوانکیلانەی تێدابێ، بۆ دانیشتنی لادێییەکان لە ئێواراندا. کانییەکانی پاک و پوختە ڕابگیرێن. دەبێ تەویلە و چشتیر دووربن لە دێ. تا گیانلەبەرەکان کۆڵان و ناو ماڵەکان پیس نەکەن. پێویستە کۆڵانەکانی چرایان تێدابێ، بەشەو دابگیرسێنرێن پێویستە یانەیەکی گشت لایی تێدابێ بۆ حەسانەوەی لادێییەکان و ڕابواردنیان لە ئێواران و شەودا پێویستە خوێندنگایەکی باشی تێدابێ و بۆ پێگەیاندنی منداڵەکانیان. هەروەها مزگەوتێکی تێدابێ بۆ ڕووکردنە خودایان. چەند دووکان و بازاڕێک و سەرشۆرکێک و خان و میوانخانەیەکیشی وا دروست بکرێ کە لەش خۆشی و دڵخۆشی بۆ خاوەنەکەی بهێنێتە بوون. دەبێ هەر کەسە بەدڵ و بەگیان بیەوێ پارێزگاری گوندەکەی خۆی بکات و بیکات، تا هەموو لادێییەکان بکەونە بەختیارییەوە، کەواتە بام هەر لە ئێستاوە دەست پێ بکەین، دەست لەدەست و یارمەتی لە خوداوە.

## هەواڵی دەرەوە

شەڕی جیهانی

کوشتاری جیهانی هێشتا نەبڕاوەتەوە.

هەڵەبجە

حامد جاف هەرچی تووتنی ناوچەی هەڵەبجە هەیە، داگرتنەکەی، بۆ میری، خستۆتە سەر ئەستۆی خۆی.

شەقلاوە

ڕۆژی ١٩٤٠/٩/٥ کاربەدەستی کاروبار و هۆی گواستنەوە، (عمر نظمی) چووەتە شەقلاوە، بۆ سەرپەرشتی کردنی کاربەدەستییەکەی خۆی و سەیرانکردن، لەوێ بەڵێنی بەشەقلاوەییەکان داوە: کارگێرێکی لادێی لاوی کارگوزاریان بۆ بنێرێ. هەروەها خەمی لادێی (باتاس)یشی خواردووە.

قەرەداخ

شێخ لەتیف کوڕی شێخ مەحموودی گەورە بەخۆی و ئەسپ سوارێکی زۆرەوە چووەتە گەشتوگوزاری لادێی قەرەداخ.

بەریتانیا و ئەڵمانیا

ئینگلیزەکان (بەرلین و ئەڵمانەکانیش لەندەن)یان بۆمباباران کردووە.

## زانستی گشت لایی

وێژەی کوردی

بەپێچەوانەی نەشارەزایی خەڵک وێژەی کورد زۆر کۆنە. هەر لە مێژەوە (نەتەوەی کورد) بوێژ و



نووسەری بێ هاوتای بووە. هەر هیچ نەڵێیان، بابە تاهیری هەمەدانی دەهێنینەوە بەنموونە: کە کوردێکی (لوڕستان)ە و هۆنراوەکانی وەک بابەتێکی نایاب و ناوازە لە کۆڕی وێژەوان و بوێژاندا دەخوێندرێتەوە. ئەم بوێژە گەورەیە لە ساڵی (٣٢٦)ی کۆچیدا لەدایک بووە. واتا تا هەزار ساڵ پتریش، لەمەوپێش هۆنراوە، بەکوردی گوتراوە. بێگومان ئەگەر لە پێش (بابە تاهیر)یشەوە هۆنراوەی کوردی نەگوترایە، بابە تاهیر هۆنراوەی بەزمانی کوردی نەدەفەرموو.

دار زەیتوون

(دار زەیتوون) درەختێکی کۆنی پیرۆزە و بەفەڕە. هەموودەم سەوزە و ڕەنگینە و پەسەندە. (دار زەیتوون) لە کوردستاندا زۆرە. بەڵام حەلی خۆی گەلێک زۆرتر بووە. وەک دەڵێن: شاربازێڕ، پێش سەد ساڵێک پڕ بووە لە داری زەیتوون ئێستە دارزەیتوونی زۆر کەوتوونەتە ناوچەکانی (دهۆک و ئاکرێ و ئامێدی و سنجار و شێخان)ەوە، کە لە کوردستانی عێراقدان، زەیتوون بۆ سکرەوانی بێ هاوتایە. خوێن بەهێز دەکات. ئێستە کڕین و فرۆتنی فرەتیوونی سوێرکراو گشت لایەکی جیهانی گرتۆتەوە. ڕۆنەکەیشی گەلێک بەکەلکە: چێشتی پێ لێ دەنرێ. بەکاڵیش تێکەڵ بەماست و سوێرەکەوە دەخورێ، کەلکێکی زۆر بەلەش دەگەیێنێ و بەهێزیشی دەکات، کە پێستی لەشی پێ دەسوونەوە، پێستەکە یەجگار دەگەشێتەوە و نەرم دەبێت. بێجگە لەوە گەلێک دەرمانیشی لێ دروست دەکرێ. بام ئەوەیشمان لەبیر نەچێ: (سابوون) کە لە هەموو شتێک زۆرتر بەکاردەهێنرێ، لە ڕۆن زەیتوون دروست دەکرێ. هەروەها سەردەمێکیش لە جیاتی نەوت لە چرادا بەکاردەهێنرا. خۆزگە خاوەن گشت و کاڵەکانمان بایەخیان دەدا بەدەرامەتی خۆیان ناوازە و نایابە، تا دەرگایەکی گەورەی تریان بۆ دەرامەتی خۆیان بکردایەوە، بەتایبەتی لەبەر ئەوەی کە داری زەیتوون بێجگە لەوەی بەرەکەی زۆرە و گەلێک بەکەلکە، زۆریش دەژی.

***

## خورماڵ

ژمارە: (٢٣)

ڕۆژ: ١٩٤٠/٩/٢٠

هاتوچۆ

* کارگێڕی لادێی خورماڵ بۆ کاروباری میری چووە بیارە و دەرگاشێخان و تەوێڵە و باخەکۆن. ڕۆژی ١٩٤٠/٩/١٧ گەڕایەوە.
* یاریدەدەری باڵبازی هەڵەبجەیش هەروەها هاتبووە ئەو شوێنانە و گەڕایەوە.
* ئیمڕۆ دادگەری هەڵەبجە شێخ محەمەد خاڵ و، شێخ عوسمان و شێخ مەولانا کوڕانی شێخ عەلائەدین و، مامۆستا مەلا کەریم و شێخ مەزهەر، بۆ سەردان لە کارگێڕی لادێی خورماڵ دەفەرموونە خورماڵ، لە کانی دڵەوە ماندوونەبوونییان دەکەین.

کوشتنی کوێخای خەرپانی

لەم ڕۆژانەدا کوێخا بەسەزمانە کارگوزارەکەی دێی (خەرپانی)، شێخ ڕەسوڵ لەلایەن مستەفا ناوێکەوە بەخەنجەر کوژراوە. باڵبازانی خورماڵ و هەڵەبجە دەستبەجێ کەوتنە بنج و بناوانی ئەم کوشتنەوە. لاشەی کوژراوەکەیان بردۆتە هەڵەبجە. کابرای پیاوکوژ لەگەڵ خێزانەکەیدا ڕای کردۆتە ئێران. پڕوپیتاڵ و کەلوپەلی ناو ماڵی خۆی بۆ نەبراوە. فەرمانڕەوایی دەستی بەسەردا گرتوون. هەرچەندە ئەم کوشتنە گەلێکی پێوە بەندی دەکرێ، بەڵام ئێمە جارێ ناویان نانووسین، تا ئەنجامی پرسینمان بەشتێک دەگات. هەر ئەوەندە دەڵێین کە ۆەم کوشتنە و کوشتنی کوێخاکەی خەرپانی پاریش هەر بەهاندانی یەک کەس پێک هاتووە. خودا بکات ماڵ و منداڵی ئەم جووتیارە بەسەزمانە لە پاداشی ئەم ناخۆشییەدا، خۆشییان بێتەڕێ و، بەبەختیارییەوە بژین. خودایش لەسەر دەستی هەردوو فەرمانڕەواییدا تۆڵەیان بستێنێ.

کڕیاری توو

لە قادر کەرەم و چەمچەماڵ و گەرمیانەوە، پۆل پۆل جووتیار و لادێییەکان هاتوون بۆ توو کڕین. بەڵام هێشتا کڕیاری گوێز نەهاتوون. گوێزی گوندەکانی لادێیەکەمان، بەسایەی گەورەیی خوداوە لە پار، گەلێک گوندەکانی زۆرتر و باشترە خودا بکات گوێزەکەمان تۆڵەی خراپی گەنمی جووتیار و خاوەن زەوی و زارەکانمان بۆ بکاتەوە.

بەراز و برنج

لە کۆڕی شێخ عەلائەدیندا دانیشتووین قسە هاتە سەر بەراز و برنج شێخ محەمەدی شێخ حسامەدین گوتی: «خودا ئاگادارە ئەم ساڵ (٢٠٠) تەنەکە برنجم هەر بۆ ئەوانە داناوە کە بەرازەکان لە مەرەزەکانم دەردەکەن. جا بزانن کە بەرازمان بەچ ئەندازەیەک زۆرە!». کارگێڕی لادێی خورماڵیش دەمودەست پێی گوت: «خۆ ئەگەر ئەو تەنەکە برنجانە هەر بەبەرازەکان خۆیان بدەیت وازت لێ دەهێنن!؟...».

## ڕەوشت و خوو

(ڕاستی و دروستی)

ڕاستی و دروستی جێگایان نییە
ناوی لێ دەرچێ نیشانیان نییە
ناگیرێن بەدەست، بەچاو نابینرێن
ناچێژرێن بەدەم، بەگوێ نابیسترێن
بۆن ناکرێن بەلووت، سەربەست و ئازان
بۆ هەموو شوێنێک دەچن، شارەزان
جوان و شیرینن، ناسک و نازدار
بنچینەی هێزی ڕەوشت و کارن



شیرزەی ژیان بەوان پێچراوە
خۆشی و سەرکەوتن بەوان بەستراوە
دوژمنی گیانیان: درۆزنانە
پشتیوانیان: کار دروستانە
هێندەش ناسکن تۆزە ئازارێک
زۆردارێک بیکا، یاخود بەدکارێک
دەیانڕەوێنێ هەوار بەهەوار
تا لە هەواردا دەبێتە هاوار!...
لەگەڵ ئەمەیشدا چونکە لەسەرخۆین
تۆڵەسێنەوەن، گیانی سەربەخۆن!
کاتێک دەزانیت وەک مەردی چالاک
خۆیان دەردەخەن سەربەست و بێ باک
زۆردار و ناکەس سەرئەنگرێ دەکەن!...
کۆشکی بەدڕەوشت سەرەوژێر دەکەن!...
جوامێر و پیاوچاک دەخەنە سەر تەخت
تەختی سەربەرزی، سەرئەنجامی بەخت!...
دڵەی بێ ئارام وا دادەمرکێنن
چرای خۆش بەختی تیا دەسووتێنن
سارێژی دەکەن زامی دەروونی
ڕزگاری دەکەن لە چەند و چوونی
چونکە هەر کەسێ بەئارەزووی خۆی
بۆ خۆی دەبێتە خاوەن بەشی خۆی!
ئەگەر هەموومان کار دروست دەبووین
بۆچ وا لە ژیندا نادروست دەبووین؟!
«لە ئاستی ڕاستا بەد هەر دەنەوێ
خوا ڕاستە و پیاوی ڕاستی خۆش دەوێ»

ساڵی ١٩٣٧ (شاکر فەتاح)

## نەخۆشی کۆمەڵی

(خودا نەناسی و دەوڵەمەندەکانمان)

لە گرانییەکەی پێشوودا، گەلێک لە خودا نەناسەکانمان، بەهەڵیان زانی بەربوونە کەلوپەل و زەویوزاری دەست تەنگ و لێ قەوماوەکانمان، بەفڕوفێڵ و تەفرەدان، بەنرخێکی کەم لێیان کڕین و، لە دەستیان

کردنەوە. پاش ئەوەی کە زۆریان بەوە دەوڵەمەند بوون ئەو هەژارانەی لێ سەندنەوە: گەلێکیانی خستە دەست تەنگی و، گەلێکیشیانی بەڕیسوایی و کوێرەوەرییەوە لەناوبرد!...

کەچی هێشتا سەرمایەدارەکانمان تەمێ خواردوو نەبوون. ئەم سەردەمی شەڕ و شۆڕی ئەوروپایەیان لێ بۆتە جەژن. ڕۆژ بەڕۆژ خەریکن جووتیار و لادێییە بەسەزمانەکانمان، بەچاو و ڕا و تەفرە دەدەن و بەنرخێکی بێ فەڕ، گەنم و جۆ و گەنمەشامی و ڕۆن و برنجەکانیان لێ دەکڕن و، لە ماڵەوە کۆمەڵەی دەکەن و، دەیهێڵنەوە تا گرانییەکی تەواو دادەکەوێ ئەوسا بەنرخێکی بێ ئەندازە بەخەڵکی دەفرۆشنەوە. ئێمە بڕوا ناکەین بەروبوومی کوردستان ئەوەندە کەم بێ، کە ماوەی داکەوتنی گرانی بدات. هەر گرانی دادەهێنێ!... ئێستە هەر ئەوەندەیان پێ دەڵێین کە دڵنیابن ئاهی ئەم بێکەس و هەژارانەمان بەفیڕۆ ناڕوات. دوایی خودا تۆڵەیان لێ دەسێنێ و، وەک ئەوانەی کە بەسایەی گرانی پێشووەوە، بوون بەپیاو (!؟) و، پاشان هەر سەرگەردانی و ماڵوێرانییان بۆ مایەوە ئەمانیش هەر وایان لێ دێتەوە!... ئیتر کەسیشی بەحاجێتی و شێخێتی و بەگزادەیەتی و خانەدانێتییان بڕوا ناکات!...

## هەواڵەکانی دەرەوە

ئەوروپا

* ئەڵمانەکان بۆمبابارانی شاری (لەندەن)یان کردبوو. ئەوەندەی نەمابوو شا و شاژنی ئینگلیز لە کۆشکی (بەکنهام)دا بکوژرێن. بێجگە لەوە زیانی تریش بەر شاری لەندەن کەوتبوو.
* لەبەر ئەمەی شا و شاژنی ئینگلیزەکان لە مردن ڕزگاریان بووبوو، لە گشت دۆستەکانیانەوە تەلگرافی سەرخۆشییان بۆ هاتبوو.
* ئەڵمانەکان جارێ واریان لە هەروژمەکەیان هێناوە بۆ سەر (لەندەن).
* کاربەدەستانی کاروباری دەرەوەی ڕۆمانیا و ئیسپانیا چوونەتە (بەرلین).
* ئەمڕۆ کاربەدەستی کاروباری دەرەوەی (ئەڵمانیا) چۆتە (ڕۆما).
* ئیتاڵییەکان دوو میری خۆیان دەربەدەر کردووە. ئەمانیش لە (سویسرە)وە چوونەتە (لەندەن).

ئەفریکا

* شاری (سالووم) و چەند زەوییەکی تر لە خاکی فەرمانڕەوایی (میسر) لەلایەن ئیتاڵییەکانەوە گیراوە.
* فەرمانڕەوایی (میسر) لە هوروژمی ئیتاڵییەکان بۆ سەر (قاهیرە) کەوتووەتە مەترسییەوە. بەڵام ئیتاڵییەکان ئەمە بەدرۆ دەخەنەوە، بەچاوڕاوی ئینگلیزەکانی دادەنێن.
* لە (مسجد الاقصای قدس)دا بەناوی (فاروق) شاهی (میسر)ەوە وتار (خطبە)ێک خوێندراوەتەوە، کە بۆ کوژاندنەوەی شەڕ و شۆڕ و، سەرکەوتنی ئینگلیز و، پاراستنی ئیسلامەکانەوە لە خودا پاڕاوەتەوە. بەناوی ئەم (مسجد الاقصا)یەشەوە تەلگرافێک نێرراوە بۆ شاهی ئینگلیز، سەرخۆشییان لە خۆی و شاژن کردووە، کە لە دەست مردن ڕزگاریان بووە!...



# خورماڵ

ژمارە: (٢٤)

ڕۆژ: ١٩٤٠/٩/٢٤

## ماڵئاوایی

بەدڵێکی تەنگ و چاوێکی پڕ لە فرمێسکەوە ئەوا ناوچە ڕەنگین و پەسندەکەی (خورماڵ) و (کورد)ە دڵسۆز و خۆشەویست و چاکەکەی بەجێ دەهێڵم، بۆ بەغدا، بۆ (دورەی ضباطی احتیاط). ئیتر تا (٩) مانگی تر ناتوانم بەدیداریان شادببمەوە. لە ماوەی ئەم دە مانگەدا کە لێرە فەرمانم دەبینی لە پیاوەتی و چاکە بەولاوە هیچم لێ نەدین. بەڵام تا دەمێنم زامی دەروونی و ناخۆشیی دڵمە کە ماوە نەدرام بەدڵی خۆم بچووکییان بکەم و بەکەڵکیان بێم. گەلێک ئاواتم هەبوو، کە هەوڵم دا بێنەدی، بەڵام چەرخی کەچ ڕەفتار نەیهێشت بێنەدی. تەنیا تورووسکەی ڕووناکییەک کە دڵمی ڕۆشن دەکردەوە: (ڕۆژنامەی خورماڵ) و (خوێندنگای خورماڵ) و (باخچەی گشت لاییی خورماڵ) بوون، کە ئەمانیش بەکۆمەکی خەڵکە باشەکەی ئەم لادێیەوە تا ئیمڕۆ پێکهێنراون و ژیاندران. ئێستەیش تکا لە دڵسۆزی و نیشتمانپەروەرییان دەکەم کە بۆ ژیاندنی ئەم سێ دەسگا نازدارە، یارمەتی برا بەڕێزەکانم (مامۆستا مەلا خالید) و (شێخ محەمەد حلمی) بدەن، بام لەناونەچن، دیسانەوە: تکایان لێ دەکەم کە لە ڕووی برایەتییانەوە کەم و کووڕی ئەم چەند مانگە کە لەناویاندا فەرمانم دەبینی ببەخشن. ئەمەندە و ئیتر (لادێی خورماڵ) و (خەڵکە باشەکەی خورماڵ) ئەسپەردەی یەزدانی پاک دەکەم و، لە خودای گەورە دەخوازم کە بەخۆشی و بەختیارییەوە بیانبینمەوە.

شاکر فەتاح

«کارگێڕی لادێی خورماڵ» ١٩٤٠/٩/٢٤

## لە زانستگای سەربازیدا

لە زانستگای سەربازیدا شەش مانگم خوێند و دەرچووم. خوێندن و مەشقەکەی و ژیانەکەی بەلامەوە گران نەبوون. بەڵام داخەکەم ئەوەی لێم هیوا دەکرد لێوەی فێر ببم و پێوەی ڕابێم دەستم نەکەوت!... من لە خۆمدا کز و لاواز و سست و شل و شێواو بووم. لەسەر یاسا نەدەجوولامەوە، هەڵسان و دانیشتنم نەدەکرد، نەدەژیام. لە سەرەتای تافی کوڕێنیمەوە تێکۆشام لەم کەموکوڕییانە خۆم ڕزگار بکەم. هەوڵم دا قەڵەوبم و بەهێزبم و گورج و گۆڵ بم. تەقەلام دا یاساپەروەربم، لە هەموو ڕوویەکی ژینەوە. لەم بابەتانەدا تا ئەندازەیەک پێشکەوتم. دەمویست بەهۆی ئەم (زانستگای سەربازی)یەوە ئەو ئاواتانەم بەتەواوەتی بهێنمە دی. لەبەر ئەوە زۆر بەتەنگەوە بووم یاسای زانستگاکە نەشکێنم. بەڵکو بەڕێوەبەرانی زانستگاکە زۆر لە خۆم دڵخۆش بکەم. بەڵام داخەکەم لەلایەکەوە هەندێک لە فەرمانبەرانی زانستگاکە کەمتەرخەمییان دەکرد لە ڕاگرتنی پاک و خاوێنی خواردن و پێخەف و جلوبەرگ و جێی نووستن و جێی

خۆشتن و حەسانەوەدا. لەلایەکی تریشەوە هەندێک لە خوێندکارەکان -کە هەموو لە زانستگاکانی عێراق و دەرەوە دەرچووبوون و چەند ساڵێکیش فەرمانبەرییان کردبوو- یاسایان تێک دەدا و، ئاژاوەیان دەنایەوە و، سەرکێشییان لە زانستگاکەدا دەکرد و، زۆرداریيان لەویش و لە خۆیشیان دەکرد! جا ئەم جۆرە بارە نرخێکی ئەوتۆی بۆ زانستگاکەمان نەهێشتبووەوە. بێجگە لەوە دەستی زرنگکاریی (سیاسەت)یش کەوتبووە ناو زانستگاکەوە. بەربەرەکانێی نەتەوایەتی هێنرابووە کایەوە و دەستی پێ کردبوو. (نازێتی)یش ڕەگی داکوتابوو[1]. بەڵام پاش کوژانەوەی بزووتنەوەکەی (ڕەشید عالی گەیلانی) ئەو گەڕوگێچەڵانە دواییيان هات. ئەوساکە ئێمەیش خوێندنی ناو زانستگاکەمان تەواوکرد و بووین بەئەفسەر. بەڵام کە بووم بەئەفسەر نەیانناردم بۆ (سلێمانی) ناردمیان بۆ (ڕەواندز). لەوێ هەرچەندە نارێک و پێکی و شپرزەیی و یاساشکاندنم زۆر دی، بەڵام چونکە هەستم بەتۆز و دەسەڵاتێک و سەربەستی و سەربەرزییەک دەکرد، لە چاو ژیانی ناو زانستگاکەدا، هەستم بەکامەرانییەک دەکرد. لەوێدا بۆم دەرکەوت کە سەربازەکان زۆر دڵشکاو بوون لە هەندێ لە ئەفسەرەکانیان! گلەییيان هەبوو لە شڕوپڕی جلوبەرگەکانیان... لە زۆر و ستەمی هەندێک لە ئەفسەرەکانیان لەبەر ئەوە زۆر جاری وا هەبوو سەربازەکان هەرایان دەکرد! یاخود بەوچان دەڕۆیشتنەوە و نەدەهاتنەوە بۆ لەشکرگەکە. من هەر ئەوەندەم پێ کرا خەمی (١٨) سەربازەکەی لەمەڕ خۆم بخۆم. تەقەلام دا کەموکوڕییان نەهێڵم، مەشقیان زۆر پێ بکەم، پاداشیان بەسەردا دابەش بکەم دیارییان پێشکەش بکەم، برایانە لەگەڵیاندا بجوولێمەوە، ڕێزیان لێ بگرم و، خۆشی بخەمە دڵیانەوە و، فێری خوێندەواری و، ڕەوشتی بڵندیان بکەم؛ تا ببنە سەربازێکی چاک و بەکەلک بۆ نیشتمانەکەمان، سەربازەکانمان زۆریان کورد بوون. هەستم پێ کرد: ئەم جۆرە

(١) ئەوەی ڕاستی بێ، هەموو ئەو جۆرە بانگکردنانەی وەزارەتی بەرگری بۆ ئیحتیات و خزمەتی سەربازی، هەر لەو شێوەیەی مامۆستا باسی دەکات چاکتر بەرەو ڕووی نەچوون؛ چونکە خەڵکی لە بنەڕەتدا بانگکردن و کارەکەیان بەبێگارێک زانیوە و هەتا بڕواشیان بەو (هۆیە) نەبووە کە پاڵپێوەنەری ئەو سەرئێشە و سوخرەیە بووە، زۆربەی خەڵکەکە ماوەیە فەرمانبەر بوون، پەیوەندیدار بەژیانی خێزانی دوور، لەو ڕێباز و بۆچوونەی حکوومەتەکە... ئیتر چۆن (ضبط وربط)ی عەسکەری بەوردی پیادەکەن و (وەک مەڕ مل دەدەن)؟. بەتایبەت ئەو کاتەی مامۆستا لەگەڵ هاوتەمەنانیدا بانگ کراوە ١٩٤١ دنیا لە گەرمەی شەڕی جیهانی دووەمدا بووە، باری ئابووری لە شکستدا بووە، تەوژمە سیاسییە سەرەکییەکانی ناو گەلی عێراق (نەتەوەیی - عەرەبی و کوردی-، کۆمۆنیستەکان، لایەنگرانی نازییەت و لایەنگرانی بەرەی ئینگلیز و دەستەودایەرەیان...) ئەمانە هەریەکە بەبۆچوونی خۆی بار و زرووفەکەی لێکدەدایەوە و کاری دەکرد بۆ گەیشتن بەخواستی خۆی، لایەنگرانی حکوومەت لەو کاتەدا زۆر کەم بوون، بوونیان لەناو ئەو شەپۆڵانەدا نەدەما. جا بۆیە بڕواناکەم لەو خولەی کە مامۆستا تیادا مەشقی کردووە، تەنیا دە کەسی وەک ئەو حەز لە دیسپلین و ڕێکوپێکی کارەکەی کردبێ. وەنەبێ مامۆستاش ئەو حەزەی لە خۆشویستنی ڕژێم و حکوومەتەکەوە بووبێ، نەخێر، بەڵکو خۆی باسی ئەو هۆیە دەکات کە زیاتر بەمەبەستی بەخۆداهاتنی باری تەندروستی خۆی بووە و بووژاندنەوەی لەش و لاری. هەرچۆنێ بێ، بانگکردنەکانی ساڵانی شەستەکان تا نەوەدیش لە سەدەی بیست، بەڕێوەچوون و کاردانەوەی خەڵکی لەوەی ئەوسا باشتر نەبوو.



خەمخۆرییەی منیان زۆر پێ خۆش بوو. خۆشبەختانە لەو سێ مانگەدا کە لەگەڵیاندا بووم، کەسێکیان هەرای نەکرد، کەسێکیان سەرکێشی نەنواند. ئەو دەمەی لێیان جوێ بوومەوە، لەگەڵ هەموویاندا گەردن ئازادیم کرد و دەستم گوشین. سەیرم کرد لە منیش و لەوانیشەوە فرمێسکی خەفەتی جوێبوونەوە دەڕژێتە ناو چاومانەوە. هەستم وا کرد لە خێزانێکی خۆم جوێ دەبمەوە. خۆشم دەویستن. خۆشیان دەویستم. ئێستەیش ئەو دەمەی لەگەڵیاندا ڕامبوارد، بەتاسوقەوە باسی دەکەم!

## تایەکم لێ هات، بوو بەهۆی دانانی نووسراوێک!

ڕۆژێکیان تایەکی توندم لێ هات. کەوتم لە جێگادا لەناو ژوورێکی بچکۆلانەی پەڕپووتدا، لە گوندی (دیانە)دا. بۆ ئەوەی تایەکە و تەنیایی شپرزەم نەکەن، بیری خۆمم ورووژاند، لە بابەت دانانی نووسراوێکەوە کە ناوی بنێم (شەبەنگە بەڕۆژ) پڕی بکەم لەو چیرۆکانەی (زۆرداری) و (هەژاری) و (نەخوێندەواری) و (دەردەداری)ی کوردەواری دەردەخەن و، بۆ چارەکردنیان ڕێگا پیشان دەدەن و، دەماری کوردایەتیمان دەبزوێنن. لە دەمەو ئێوارێوە تا پاش نیوەشەو، خەریکی ئەو چیرۆکانە بووم، لە بیرەوەری و مێشکمدا. کە لەوە بوومەوە تایەکە بەرەبەرە نیشتەوە. هەستم بەخۆشییەک کرد. خرپ خەوم لێ کەوت تا بەیانی. پاش چەند مانگێک ئەو چیرۆکانەم خستە سەر قاقەز. پاش چەند ساڵێک نووسراوی «شەبەنگە بەڕۆژ»م لە چاپ دا. سوپاس بۆ خودا لە گەلێک لاوە پەسندکرا و گورجیش فرۆشرا[1].

## لادێی قادرکەرەم

لە پایزی ساڵی ١٩٤١دا گەیشتمە (قادرکەرەم)[2] لادێیەکە بەگەرمیان دەژمێررێ. دەشت و هەردە. شەست حەفتا گوندێک (١٠,٠٠٠) کەسێکی تێدابوو. بەڵام قادرکەرەم خۆی کە بنکەی لادێیەکە بوو، هەر سەد ماڵێک دەبوو، کە ژمارەیان دەگەیشتە (٥٠٠) کەسێک. بەهەموو لادێیەکە تاکە یەک خوێندنگا و، نەخۆشخانەیەک و یەک بنکەی باڵبازی تێدابوو. بڕبڕاگەی پشتی چوار هۆزی گەورەی تێدابوو: (زەنگەنە)، (جەباری)، (تاڵەبانی)، (شێخان). بەرهەمی لادێیەکە: دەغڵودان، برنج، نەوتی خام، مەڕومالاَت و بەروبوومی مەڕومالاَت بوو.

چەمی باسەڕە بەناویدا تێپەڕی دەکرد. دروستکردنی بەرەو قاڵیچە و ڕایەخ و خورج و هەگبە و بابەتی ڕەشماڵ و دەواریشی تێدا باوبوو. تێکڕا هەر گوندەیش بەشی خۆی کانیاوی هەبوو. بەجۆرێکی تێکڕایی ناوچەکە هەژار بوو. (نەخۆشی) و (نەخوێندەواری)یش لەناویدا فەرمانڕەوا بوو. (تەکیەی قادرکەرەم) و

(١) شەبەنگە بەڕۆژ: کۆمەڵە چیرۆکێکی کۆمەڵایەتی و پەخشانی هونەرییە، لە ساڵی ١٩٤٧ لە چاپخانەی مەعاریف لە بەغدا چاپ کراوە.

(٢) وا دیارە کە ماوەی سەربازییەکەی تەواو بووە، نەخراوەتەوە شوێنەکەی خۆی لە خورماڵ، گواستراوەتەوە ناحیەی (قادرکەرەم)ی سەر بەلیوای کەرکووک.

(تەکیەی قەڵا مکایل) بۆ (شێخ عەبدولکەریم)[١]ی بەرزنجی و (شێخ محەمەد)[٢]ی کوڕی، لە (شێخ حوسێن)ی قەرەچێوارەوە مابوونەوە. بووبوونە سەرچاوەیەک بۆ هێز و دەسەڵات و دەرامەتیان. لە ماوەی مانگ و نیوێکدا پیتاکم بۆ شاگردە هەژارەکان کۆکردەوە. خۆیشم دیاری کڵاو و کەڵاشم، بەبۆنەی ژنهێنانەکەمەوە، بۆ هەر پەنجا شەست، کەسەکەیان هێنا. تیژم کردنە سەر کۆکردنەوەی زانیاری لە بابەت (لادێی قادرکەرەم)ەوە. تاقیم کردنەوە. پاداشم بەیەکەمەکانیان دا. لەسەر ئەو بنچینەیە، نەخشەیەکم بۆ لادێیەک دروست کرد. شاگردەکان و مامۆستاکان بەمە دڵیان زۆر خۆش بوو. سوپاسم لە (کارگێڕی زانیاریی کەرکووک) و (قائیمقامی تاووق)ەوە بۆ هات.

## ژنەکەم گوێزایەوە

پێنج ساڵ بوو، ئارامم گرتبوو، خۆم ئامادە دەکرد بۆ ژنهێنان. دوایی لەسەر ئەو پێشنیازەی دایکم نواندبووی، کچی خاڵێکم مارەکرد[٣]، کە لە تەمەندا نزیکی خۆم بوو. هەرچەندە بەرەنگاری زۆر ڕەوشتی کۆنی خراپی کۆمەڵایەتیم کرد لە ژنهێنانەکەدا، بەڵام ناچار بووم لە هەندێک شتدا، لەسەر ئەو ڕەوشتانە بڕۆم!. دڵم بەژنهێنانەکەم زۆر خۆش بوو. بەتایبەتی هەر کەسێکم دەدی پیرۆزبایی لێ دەکردم و، پەسەندی دەکرد. لەبەر ئەوە ئەوەندەی تر بەدڵمدا دەچوو. لە ڕاستیدا لەمەدا ماڵی خاڵم، کاریان زۆر بۆ ئاسان کردم، ڕێز و خۆشەویستییان بەرامبەرم زۆر پیشان دا. لەبەر ئەوە تا دەمێنم بەسوپاسی بێ ئەندازەوە یادیان دەکەم.

ژنەکەم هەرچەندە نەخوێندەوار بوو، لە زۆر بابەتیشەوە هاودڵ و هاوبیروباوەڕم نەبوو، لە زۆر کاروباری (کوردەواری) و (جیهانی)یشدا ئاشنایەتی نەبوو... بەڵام چونکە دڵسۆز و لێبوردە بوو، ڕووخۆش و قسەخۆش بوو، کار ڕەندین و سەربڵند بوو، ژیر و دەستپاک و کردەوە پەسەند بوو، یەجگار کامەران و سەربڵندی دەکردم. بۆ یەکەم جار لە ژیانمدا، هەستم بەکامەرانییەکی خێزانی و، خانوویەکی ڕێکوپێک و

(١) شێخ عەبدولکەریم: کوڕی شێخ حوسێنی شێخ عەبدولقادری قازانقایەیە، برازای شێخ حەسەنی قەرەچێوارە، ناوبراو باوکی: شێخ محەمەد، شێخ مارف و شێخ حوسێنی بەرزنجی (کە هەردووکیان لە ١٩٦٣ لە کەرکووک لە سێدارە دران) وە شێخ ئیسماعیل و وەهاب و سەعید و جەعفەر و سەلاح و ڕەئووف و موعتەسەم، دیسان ئەم کچانەشی هەبووە: ماهیە، شەمسە، سەلمە، مەهتاب، سوعاد، عائیشە و نەجیبەخان. لە ژیانیدا نۆ ژنی هێناوە.

(٢) شێخ محەمەد: کوڕی شێخ عەبدولکەریمە کە باس کرا و باوکی شێخ برایمە کە جێنشینی شێخ حەسەنی قەرەچێوارە لە کەرکووک.

(٣) جەمیلەخانی حاجی حەمە ئاغای حاجی حەسەن ئاغایە، خاڵۆزا و پوورزای یەکتر بوون و لە خانەوادەیەکی ناسراو و بەڕێزی شاری سلێمانییە، لە ١٩١٢ لە سلێمانی لەدایک بووە، لە ١٩٤١ شووی کردووە، هاوبەشی ژیانی مامۆستا بووە هەتا ئەو کاتەی دەسگیر کرا. ئێستا لە خانووەکەی خۆیاندا لەگەڵ د. شێرکۆی کوڕی و خێزانەکەی دەژین، لە گەڕەکی شۆڕش.



پاک و خاوێن و ڕازاوەی خۆم کرد. ژنەکەم زۆر ڕێزی لە خۆم و کەسوکارم و میوانانم دەگرت. جارێکیان لە ناکاو چەند سوارێک بەخۆیان و خێزانیانەوە، هاتن بەمیوانیمان. بەدەم تاوە هەرچی پێویستییەکی میوانداری هەیە جێبەجێی کرد، بێ ئەوەی بۆڵەیەک بکات!. هەرچەندە تا ڕاهاتین بەیەکەوە و، شارەزابووین لە یەکتری جاروبار دەمەقاڵێمان دەبوو و، تێکدەچووین؛ بەڵام بەجۆرێکی تێکڕایی وەک دوو هاوڕێی خۆشەویست، ژیانمان بەخۆشی و بێدەنگییەوە دەبردە سەر.

لە ساڵی ١٩٣٣دا چیرۆکێکم لەسەر دڵدارییەکی ڕەند و شەنگ هەڵبەست، کە دوایی بوون بەژن و مێردێکی سەربەرز و کامەران. کوڕێکیان بووبوو، زۆر خۆشەویست و چاک و بەکار دەرچووبوو، بۆ کەلکی نیشتمان... ئەم چیرۆکەم لە گۆڤاری (یادگاری لاوان)دا لە ساڵی ١٩٣٤دا بڵاو کرایەوە. بەڕاستی جێی شادمانیم بوو کە ژنهێنانەکەم و کوڕەکەم، لە بەشی زۆریاندا وەک هی ناو ئەو چیرۆکە دەرچوو، کە نۆ ساڵ لەوە پێش نووسیبووم!.

هەوڵم دا ژنەکەم فێری (خوێندەواری) و (وەرزش) بکەم. بەڵام داخەکەم نەیتوانی فێریان بێ! کەچی لەسەر دەستی ئافرەتێکی مامۆستادا فێری دوورمانێکی باش بوو بەماکینە!.

پاش ساڵێک کوڕێکمان بوو. ناومان نا (شێرکۆ). زۆر جوانکیلانە و خۆشەویست بوو. بەڵام زۆر جار ناوەندی من و دایکی بەهۆی ئەوەوە تێکدەچوو! من دەمویست لەسەر شێوەیەکی نوێ پەروەردە بێ. ئەو دەیویست لەسەر شێوەیەکی کۆن پەروەردە بێ!. لەگەڵ ئەوەیشدا لە سایەی خوداوە. کوڕەکەمان گەورە بوو. هەرچەندە لە زۆر شتیدا وەک منداڵیی خۆم کز و لاواز و گرۆز و نەکلۆک دەرچوو، بەڵام وردە، وردە چاک بوو، تا لە ساڵی ١٩٦٠دا لە ڕەوشت و خووی باش و نیشتمانپەروەری و خوێندەواریدا ناوبانگی سەند. مامۆستاکانی و قوتابییەکانی هاوڕێی، خزمان، تێکڕا هەموو خۆشیان دەویست. فەرمانڕەوایی لەسەر ئەرکی خۆی ناردی بۆ (چیکۆسلۆڤاکیا) بۆ خوێندنی (ئەندازەی میکانیکی) و فێربوونی... سوپاس بۆ خودای پاکی بێ هاوتا کە سەری خستم لە ژیانی خێزانی و پەروەردەکردنی منداڵەکەماندا.

منداڵی ترمان نەبوو. من ئەوەم پێ خۆش بوو... بەڵام ژنەکەم پێی خۆش نەبوو. لەگەڵ ئەوەیشدا، تا دەهات من و ژنەکەم دۆستایەتیمان بەهێزتر دەبوو، هۆگریمان زۆرتر دەبوو، خۆشەویستیمان پەرەی زۆرتر دەسەند! (خۆشەویستی) و (ڕێزلێگرتن) و (دادپەروەری)، سێ بنچینەی گرنگ بوون کە ژیانی خێزانیمان لەسەریان دامەزراندبوو. لەبەر ئەوە گەلێک گێژەلووکەی ڕۆژگار پەیدابوون... بەڵام نەیانتوانی نێوانمان تێک بدەن، یان ژیانمان لێ تاڵ بکەن! ئەمە ڕاستە لە زۆر خۆرشتی گیان بێ بەش ماومەتەوە، بەهۆی نەخوێندەواری ژنەکەمەوە. بەڵام کە سەرنج دەدەم لە ژیانی خۆمان و، لەگەڵ ژیانی ئەم و ئەوی ناوچەی خۆماندا بەراوردی دەکەم، ژیانی ژن و مێردی ئێمە لە هی زۆربەیان بەنرختر و پەسندترە! لە جیهانێکیشدا، کە کەس نییە، لە هەموو شتێکدا تەواوبێ، بۆ من بەسە، بەڵکو زۆر جێگای سوپاس و کامەرانییە، کە گەیشتوومەتە ئەم ئەنجامە!

جار ناوەندی من و دایکی بەهۆی ئەوەوە تێکدەچوو! من دەمویست لەسەر شێوەیەکی نوێ پەروەردە بێ.